# مەولەوی
و
تەقینەوەی زمان

حەکیم مەلا سالح

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# مەولەوی

# و

# تەقینەوەی زمان

حەکیم مەلا ساڵح

ناوی کتێب: مەولەوی و تەقینەوەی زمان
نووسینی: حەکیم مەلا ساڵح
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٥٢
پیت لێدان: فەهمی ئەکرەم + زانا عەبدولهادی
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٥٠٥ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# سەرەتایەك

لە ناو شاعیرانی کۆنماندا مەولەوی گەورەترین پشکی لەسەر نووسینی بەر دەکەوێت کە بەشێوەی کتێب و نامیلکە و وتار بابەتی لەسەر نووسرابێت، ئەمە جگە لەوەی کە تا ئێستە سێ میهرەجانی بۆ ساز کراوە و هەرسێ میهرەجانەکەش پڕبوون لە بابەت و باس و خواسی بەکەڵك. لەگەڵ ئەمانەشدا هێشتا دەبینین ئەم شاعیرە دەوڵەمەندە پڕ لە بەهرەیە هەر بەبەرییەوە ماوە خوێنەری خۆی بچێتە ناو قووڵایی و هونەری شیعرەکانییەوە، واتە خوێندنەوەی بەردەوام هەڵدەگرێت و هەروا بەئاسانی خوێنەر دەستبەرداری خۆی ناکات، بەڵکو لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەکیدا دەیبات و دەیبات و هەر جارەی شتێکی دەداتە دەست. هەر جارەی لەسەر هونەرێك قەتیسی دەکات و پێی دەڵێ: بمخوێنەوە و ڕاڤەم بکە، پێی دەڵێ: پێویستە لەسەرت لە پێشانگەی شیعرەکانمدا لەسەر هەموو تابلۆیەك ڕاوەستیت و وردە وردە سەرنج لە هونەرم بدەیت.

مەولەوی لەو شاعیرە دانسقانەی مێژووی ئەدەبەکەمانە کە جیهانبینی هەبووە، جیهانبینییەکەشی فەلسەفەی عیرفانی ڕۆژهەڵاتە و زۆر چاك توانیویەتی لەسەری ڕاوەستێ و بیبێژی و بیوێژێ. هەرچەندە لە ڕێبازی تەصەوفدا مەولەوی بەپلەی عاریف نەگەشتووە، بەڵام ئەوەندە بەڕاستی و

دڵسۆزی و زاناییەوە لە بۆتەی عیشقی شێخەکەیدا زێڕی خۆی داوە لە مەحەك شیعرەکانی نەك هیچی لە شیعری شاعیرە عاریفەکان کەمتر نییە، بەڵکو دەبینین لە دوو لایەنی (گەمەی زمانەوانی) و (قافیە شکاندن)ەوە تەجاوزیشی تێدایە، چونکە لە شیعری کۆنی کوردیدا و هەروەها بەو هەندە شارەزاییەم لە شیعری کلاسیکی عەرەبی و فارسیدا ئەم دوو هونەرەم لای هیچ شاعیرێ نەدیوە لە داهێنانی مەولەوی خۆیەتی. کەواتە ئەم شاعیرەمان نەك هەر ئەوە بێ لە تەکنیکی شیعردا بالادەست و بەرزەفڕ بێت، بەڵکو لە فۆرمیشدا کاری کردووە و بە ئاسانیش دەتوانین کارەکەی ناو بنێین داهێنان و تەجاوز.

لەگەڵ ئەو هەموو باس و وتار و لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر مەولەوی کراوە و بەم چەند گوتارۆکەی منیشەوە هێشتا دەبێ خوێنەر دڵنیا بێت کە شاعیر لە هەگبەکەیدا شتی تری هەیە کە خوێندنەوەی دی هەڵبگرێت، بەتایبەتی شتێکی هەر زۆر گرنگ و پڕ بایەخ کە پێویستە بەنەفسێکی درێژەوە بخوێنرێتەوە و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەویش خوێندنەوەی مەولەوییە وەك صۆفییەك، واتە لێکدانەوەی ئەو دەیان وشە و زاراوانەی کە صۆفییانە دەستی بۆ بردوون و دایڕشتوون، یا ئەو بۆچوونە صۆفییانەی کە لەسەر هەموو شتەکان هەیەتی، مەبەستم ئەوەیە لەو دیدگا صۆفییانەوە بخوێنرێتەوە کە شیعرەکانی هەڵی دەگرن، هەروەك خوێندنەوەکەی کاك (عەبدوڵڵا قەرەداغی) بۆ (مەحوی) شاعیر و صۆفی.

لێرەدا خوا نەخواستە مەبەستم لە کەمکردنەوەی بایەخ و بەهای لێدوانەکانی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم نییە، بەڵکو مەبەست لەوەیە کە بەدیدی صۆفییانەوە توێژینەوەیەکی بەرفراوانی لەسەر بکرێت، هەر لە لێکدانەوەی وشە و زاراوەکانییەوە تا وەرگرتنی سۆزێت و ئیلهام لە شاعیرە عاریف و متەصەوفەکان و تا پەیوەندییە ڕۆحییەکەی بەشێخانی

نـەقشبـەنـدیـیـەوە و تـا بـەهـونـەرکـردنـی وشە و زاراوەی صۆفـیـیـانـە و ئـاراستـەکردنیـان. ئـەمـە بـاسێکی گـەورە و تـۆکمـەیـە لـە بـەرهـەمـەکـانی مـەولـەویـدا کـە پشووی درێژ و سـەرچـاوەی تـایبـەتی دەوێت بـۆ گـەشتنـە مەبەست، لەم ڕووەوە دەمێکە گەڵاڵەی ئەم پڕۆژەیەم کردووە و خوا یار بێت لە ئایندەدا وەك بەرهەمێك دەیخەمە بەر دیدی خوێنەران.

٢٠٠٢/٤/١٢

هەولێر

## تەوارودی خەواتر
## لە نێوان مەلای جزیری و مەولەویدا

ئەم دوو شاعیرە گەورەیە مەودای تەمەنیان زۆر لێکەوە دوورە، کوردبوونی هەردووکیشیان لێکیان نزیك ناکاتەوە چونکە مەولەوی لە زاراوەکەی جزیرییەوە دوورە و دەتوانین بڵێین سەری لە یەك وشەی دەرنەکردووە و هەر نەیدیوە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە تەنیا شتێك لێکیان نزیك دەکاتەوە سۆفیەتییە. هەردووکیان لە دوو قۆناغی جیاوازدا دوو مەیزەدەی مەیخانەی عیشقی حەقیقین و فەلسەفەی (وحدة الوجود) هەندێ شێوازی دەربڕینی پێکەوە گرێ داون. شێوازەی دیکەشیان کە زۆر لەیەکەوە دوورن هی ئەوەیە کە مەلای جزیری لە تەسەوفدا (موراد)ە و مەولەوی (موریدە). واتە جزیری هیچ پردێکی هەڵنەبەستووە بۆ گەیشتن بەحەق (خودا)، بەڵکو ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودادا قسان دەکات، بەڵام مەولەوی (شێخ سراج الدینی نەقشبەندی) کردۆتە پرد، دوای ئەمیش (شێخ بهاءالدین)ی کوڕی و تەنانەت دوای مەرگی ئەمیش بۆنی عیشقی ئەداتە کوڕەکەی کە (شێخ حسام الدین)ە کە مەولەوی بەتەمەن (٥٧) ساڵ لێی گەورەترە. واتە نەیتوانیوە بێ پرد بپەڕێتەوە و نەیتوانیوە لە تەسەوفدا سەربەخۆیی بەدەست بێنێ. مەولەوی بەشێوەیەك خۆی تەسلیمی ئەو

شێخانە کردووە هیچ دەستەڵاتێکی بەخۆیەوە نەهێشتووە. تەنانەت لە نامەیەکیدا کە بۆ شێخ حیسامەدینی (٥٧) ساڵ لە خۆی گچکەتری بەم شێوە نووسیوە:

یا علي الاعلی ویا ابا الحسن! عرض میشود کە بندەٴ پیر را طاق رواق فراموشی کزاشتند، ودرمصیبت امسال و پارسال بخانەٴ خاموش گما شتند، اگر چەلایق آنم، چونکە نافرمانم، همیشە درین ضیقت بمانم، لکن رحمیت و حمیت علی امری است آشکاروجلی. همان رحمیت راچەشد و آن حمیت شهرزادەٴ ازادگیت

کجارفت؟ امتثال امر:

ناد علیاً مظهر العجائب

تجده عوناً لك في النوائب

رایجا آوردم ... هتد.

واتە: ئەی عەلی هەرە بەرز و ئەی باوکی حەسەن (بەچاوی حەزرەتی عەلی سەیری دەکات – حەکیم) عەرزت دەکەم کە بەندەی پیرت لە تاقی هەیوانی فەرامۆشیدا داناو لە ناڕەحەتیی ئەمساڵ و پاردا لە خانوویەکی کپدا جێگیرت کرد، ئەگەرچی شایانی ئەوەم، چونکە فەرمانم بەجێ نەهێناوە، دەبا هەمیشە لەم تەنگەڵانەدا بمێنمەوە، بەڵام سۆز و مرووەتی عەلی ڕاستییەکە ڕوون و ئاشکرا، ئەو سۆزەت چی لێ هات و ئەو مرووەتی شازادەیی جوامێرییەت بۆ کوێ چوو؟

بۆ نموونە:

بانگ کە عەلی کە بینۆگەی هەموو شتە سەیرەکانە

لە ڕووداوەکاندا کۆمەکت دەکات

ئەمەم بەجێ هێناوە ... هتد.

بەڕاستی ئەمە ئیتر ئەوپەڕی خۆ بەهیچ نەزانین و کەم دەسەڵاتی دەگەیەنێ لە بەرامبەر سۆز و خۆشەویستی شێخەکانیدا.

بەڵام مەلای جزیری بەپێچەوانەوە ئەم کارە تەنیا لەگەڵ خوادا دەکات و تەنانەت لە پارچە شیعرێکیدا بەپێچەوانەی مەولەوییەوە کە وەك (فنا في الشیخ) خۆی حیساب دەکات، خۆی بە (فنا في الله) دەزانێت. دەڵێ:

طورم ب دل و پەیرەوی موسایم ئەز
ئاتەش پەرس و نووری تەجەللایم ئەز
باری ژ (وعلّم) کو خەبەردار کرین
ئیرۆ تو بزان ئادەمی ئەسمایم ئەز

واتە: من بەدڵ پەیرەوی حەرزەتی مووسا دەکەم و خودا دەدوێنم، وەك چیای (طور)یش نووری خودا خۆی نیشان داوم، وەك مووسا بەرەو ئاگر چووم و پەرستم، کەچی هەر خۆم نووری خودام. لەو کاتەوە کە خودا هەموو ناوەکانی فێری (ئادەم) کرد، تۆ بزانە کە ئەز ئەمڕۆ جێگەم لە ئامادەم بڵێندترە.

ئینشائی علومی لە دونی چونکە مە زانی
زانی ب حەقیقەت کو چ ئینشایم ئەز
حەرفێن ڕەقەمی لەوحی و جودامە بخوان
دا قەنج بزانی کو چ ئیملایم ئەز

واتە: چونکە خوا لە زانستە تایبەتییەکانی تێگەیاندم، ئەوسا بەڕاستی زانیم کە من چۆن وجودێکم، ئەگەر تۆ بەو پلە و پایەیە بگەیت فەرمانی دێرینەی خودا ژمارە و ناوەکان بخوێنیتەوە، ئەوسا باش دەزانیت کە من چۆن لە تابلۆی خودادا نووسراومەتەوە.

ظاهیر تۆ پەرێشانییی حالی مە نەبین

مەجموع د ذاتێ خوە و طوغرایم ئەز

عالم چ ب ئیعراب و حروف و کەلیماتن

ئەو نوقتە د نەفسا خوەوو مەعنایم ئەز

واتە: نابێ سەیری ئەوە بکەیت کە بەڕواڵەت پەرێشان حاڵم، من وەك نامەی پێچراوەی پاشایان وام و ناوەڕۆکی جوانم هەیە. هەموو دنیا بەئیعراب و پیت و وشەوە لەسەر خاڵێك دامەزراوە ئەویش بوونی خودایە، من ئێسە بوومەتە ئەو خاڵە و واتای ئەو خاڵە و نوختەیە لە مندایە.

سەد نیل و فورات تێن دەرن قەلبی مەدا

پێ ناحەسهین قولزم و دەریایم ئەز

تو ژ نوسخەیی تەوحید مە خون ئایەتی نەفیێ

بێ ئالەتی ئیثبات کو ئیللایم ئەز

واتە: سەد (نیل) و (فورات) بەناو دڵی ئێمەدا دێن و دەڕۆن، من کە بۆ خۆم لە ڕووبار دەرچووم و بوومەتە دەریا – هەست بەو هاتوچۆیە ناکەم – تۆ ئەو نووسراوی تەوحید (خودا بەتاك زانین)ە دەخوێنیتەوە و نەفی ناکەیت، کەواتە بێجگە لە ناوی خودا هیچی دی مەڵێ و منیش ئەو (بێجگە)یەم.

سەد ئەقل و ڕیوایەت دمەیا صافییە موویەك

ئیرۆ کو ژ پیرێ خوە ب فتوایم ئەز

پەیوەستە تو هەر بانگی مەکی شوبهەتی نایی

بێ یارو مەی و ساز مە گۆ نایم ئەز

واتە: سەد نەقڵ و گێڕانەوە لای سۆفی کە لەگەڵ خودادا تێکەڵە وەك تاڵە موویەك وایە لە ناو شەرابی بێ خڵتەدا. من ئەمڕۆ هەر فتوایەك دەدەم

بەڕێنوێنی ڕابەرەکەمە – کە خودایە –، تۆ (ئەی نەزان) بەردەوام وەکو نەی بانگم بکەیت بۆ کۆڕی خۆت، ئەوا من نایەم بۆ کۆڕێك دەچم کە یار و مەی و سازی لیٰ بێت.

هەرچی تە بڤێتن ژمە وەرچان بخۆ بێتن
جا نا بکە فەروار ڤەوەستایم ئەز
سەد شیش و دلدانە ژ میهری مە (مەلا)یێ
لەو هەر ب فیغان مثلی نەی و نایم ئەز

واتە: دڵدارەکەم هەر چییەکم لیٰ داوا بکەیت گیانیشی لەگەڵدا بیٰ، هەڵوەستە دەکەم و فەرمانت بەجیٰ دێنم، ئێمە دڵمان بەگڕی ئەڤین دەبرژیٰ، لە سەد لاوە دراوە لە شیش و کزەی برینم وەك نەی دەگری و دەناڵێنیٰ.

ئەوە شیعرەکەی مەلای جزیری بوو کە لە دیوانەکەیدا نموونەی دیکەیشی هەندێك هەیە. زۆر پێچەوانەیە لەگەڵ مەولەوی کە بەدڵ و گیانەوە خۆی تەسلیمی دەستی شێخ کردووە. واتە (فنا في الشيخ) بووە.

مەولەوی لە پارچە شیعری (شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی ل٢٩٨-٣٠٣)دا پیرەکەی بەموراد دەزانیٰ و دایدەنێت. شیعرەکە پێشەکییەکی پڕ لە وەسفی گەورە گەورەی شێخی تیایە و ئێجگار بەپایەبەرزی لە قەڵەم دەدات، تەنانەت لە بەیتێکیدا وەها باسی دەکات، دەڵیٰ:

جسماً لدينا، روحاً لديه
دائیرەی تەمام (منه اليه)

واتە: ئەی شێخیٰ کە بەلەش لای ئێمەیت و بەڕۆح لە لای خودای، دائیرەی مەعنەویاتیش لە خۆتەوە دەست پیٰ دەکات و هەر لە خۆشتا

کۆتایی دێت. شێوەی تەسلیمبوونەکەش ئەوەیە کە لە بەیتێکی دیکەی هەمان شیعردا دەڵێ:

ئـەوەڵ مـن کـێنــان، وجـوودم جـە کۆن؟؟

وا چوون دۆسەنان شەرت قەبووڵی تۆن

واتە: یەکەم من چیم و بوونی من چییە و لە کوێیایە؟ خۆ ئەگەر بڵێم دۆست و یـاری (مـوریـد)ی تـۆم، ئـەوە مـەرج قبـووڵکردنـی تـۆیـە (ئـەگـەر قبووڵی نەکەیت ئەوە هیچ).

یا دەڵێ:

ئــەر وەبـێگــانــە وەرخـوێشم زانــی

تـۆ حـەساوەنـی وە هــەرچـیـم وانـی

واتە: ئەگەر بەبێگانە یا بەخوێشم بزانی، ئەوە تۆ حسێبی و بەهەر چیم دادەنێی وایە.

هەر لە بەیتێکی تری ئەو شیعرەدا دەڵێ:

گیای پەژموردەی تە ژنەکەی بێ شۆم

چـەمـەڕای وارای هـەوری لـوتـفـی تـۆم

واتە: وەك گیایەکی ژاکاوی زۆر تینووم لێهاتووە و چاوەڕوانی بارینی هەوری لوتفی تۆم.

***

بەم شێوە کورتەی کە باسمان کرد هەست دەکەین جیاوازییەکی گەورە لە نێوان پلەی سۆفییەتی هەردوو شاعیردا دەبینرێ. لەگەڵ ئەم جیاوازییە گەورەیەشدا هێشتا دەبینین لە هەندێ شوێندا شتی چوونیەکیان هەیە و ئەگەر هاوتەمەن و هاوشێوەزاری یەك بوونایە ئەوا دەمانتوانی بڵێین کە

شتەکانیان تەواروو نییە و سەریقەیە.

مەلای جزیری دەڵێ:

عیدە و حەبیبێ نەذرەلێ، یان دێ ب قوربان بێ مەلێ
یارەب ببینم ڕۆژ هەلێ، سکین د دەست قەسـاب دا ل١٨

واتە ئەوا جەژنە و خۆشەویستەکەم بڕیاری داوە نەزرێ بکات و مەلای هەڵبژاردووە بیکاتە قوربانیی. خوایە ببینم ڕۆژ هەڵبێ و چەقۆ لە دەستی قەسابدا ببینم.

مەولەوی دەڵێ:

مەرد پەی (ئۆسادەی) بێ درێغەکەت
(بسم اللە)، (تکبیر) دەس بە تێغەکەت
پەی قوربان کەردەی ناڵە نەی ڕەنگ بەی
چێش مبۆ ئەو بەی؟ وەی پەی من ئەرنەی . ل٣٤٩

واتە: مردم بۆ ئەوە کە بفەرمووی بەقەساب (دەس بەتیغ) خۆی ئامادە بکا و کێردەکەی بگرێ بەدەستیەوە و دەست بکات بە(بسم اللە) و (اللە اکبر)کردن بۆ سەربڕینم. چی ئەبێ ئەگەر بێیت منێك کە ناڵەم لە ناڵەی نەی دەچێ و ڕەنگم وەك بەی وایە بمکەی بەقوربانی؟ هاوار بۆ من ئەگەر نەیەیت.

جزیری:

گۆتە دورڕدانەیی ئەم ژ تەو و تو ژمەیی
لەو ب حەقیقەت یەکین مەسئەلە بێ شوبهەما ل٢٣

واتە: ئەو گەوهەرە تاقانایە (خودا) بەئێمەی گوت: ئێمە لە تۆین و تۆیش

لە ئێمەی، هەر بۆیە ئەگەر ڕاست بیر بکەیتەوە بۆت دەردەکەوێ کە ئێمە یەکێکین و من من و تۆ تۆ لە ئارادا نییە. ئیتر مەسەلەکە لای من ڕوون بوویەوە و گومانم نەما.

مەولەوی:

تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ

من و تۆ جەدەس من و تۆ سانۆ . ل٣٠٣

واتە: هیوادارم تاك و تەنیای ڕاستەقینە (خودا) زارێ هەڵبدا و هەردووکمان لە دەست من من و تۆ تۆ ڕزگار بکات.

جزیری:

نەی شەکرا سپی دەست و زەند، زانم مەجالا نامە خوەند

لیڤان تەبەسسووم کرد ژ قەند (ماست کبان فی ربا) ل٣١

لەم بەیتەدا کارمان بەسەر (ماست کبان فی ربا)وە هەیە بەواتای: وەك نەمانی درەختی (بان) کە لەسەر تەپۆڵکەیەك شین بووە و شنەبا دەیلەرێنێتەوە.

مەولەوی:

دڵ بیەن وە دار سەر کەلی لای وەشت

........

چەمەڕای وایێن نەسیم بدۆلێش . ٢٥٢ – ٢٥٣

واتە: دڵ بووە بەدارێك کە بەسەر تەپۆڵکەیەکەوە بێت و باران لێی بدات، چاوەڕێی بایەکە نەسیم بیلەرێنێتەوە.

جزیری: گۆ سوختە مورادا خوە ژ من طەلەب کە ئیرۆ

من گۆ ژ کەریم طەلەب و داخواز چ حاجەت . ل١٢٥

واتە: ئەی تازە فەقێ چیت لە من دەوێ داواکە تا بۆت بەجێ بێنم: وتم: داواکردنی شت لە پیاوی سەخی پێویست نییە و داخوازیی هەژاران بەجێ دێنێ.

مەولەوی:

یا خەلیل دەخیل کێ عادەت کەردەن
تۆشە وە دەرگای کەریمـــان بەردەن؟ ل ٣٥٨.

واتە: ئەی (سەید خەلیل) کێ کردوویە بەعادەت کە توێشوو بۆ بەرماڵی سەخییان بەرێ؟

هەر لەم مەعنایەدا (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)ش بەفارسی وتوویە:

زادراه بـردن بـە درگـاه کریمـان ناسزاست
شـادم ار رو بـــردرت بـی زاد راه آوردەام

واتە: توێشووبردن بۆ بەرماڵی سەخییان ناڕەوایە، شادم بەوەی کە بێ توێشوو ڕووم لە دەرگات ناوە.

جزیری:

جامـاد دەستی شاهید ژەنگێ ژ دل دشۆتن
پیری موغان ژ ڕەندان وە هوە دکر ڕیوایەت . ل١٣٨

واتە: لە پیری موغانم بیستووە، ئەویش لەوانەوە کە تەواو تێکەڵ بەخودا بوون و جگە لە خودا هیچیان لە بیر نییە، وای دەگێڕایەوە: ژەنگی دڵ تەنیا بەو پیاڵە مەیە دەشۆرێتەوە کە لە دەستی یار وەردەگیرێ.

لەم بەیتەدا (ژەنگی دڵ تەنیا بەو پیاڵە مەیە دەشۆرێتەوە) مەبەستە. کە بەهەمان شێوە مەولەوی دەڵێ:

دەورێ دەر وە بەزم وە پیاڵەوە

ژەنگی دڵ وەزاخ مـەی بماڵەوە    ل٤٨

واتە: ساقی دەورێ بەسەرمانا بگەڕێ بەپیاڵەوە و ژەنگی دڵ بەزاخی ئەو مەیە ڕاماڵە.

جزیری:

عیـدەوو هـەرکـەس ژ دیدارا تـە لێ پیـرۆزە عید

ئەز تنێ مەحروومی دیدارم ب سەد مەنزل بەعید . ل٢١٣

واتە: جەژنە و هەرکەسێك تۆ ببینێ جەژنی لێ پیرۆز دەبیت، هەر منم تەنیا بەخت ڕەشم و لە دیتنت بێ بەشم، من لە دووریی تۆ لەگەڵ خۆشیی سەد قۆناخ دوورم.

مەولەوی لەو شیعرەیدا کە بەبۆنەی جەژنێکی قوربانەوە نووسیویە دەڵێ:

هەرکەس گیان وە کەف پەی نیگار یۆەن

هـەریـەك قـوربـانـیـی وەفـا دار یۆەن

سیـوای سەودایـی هـەراسانـەکـەت

مەحرووم جە کەفتەی پای ئاسانـەکەت .ل٤٣٨ –٤٣٩

واتە: هەرکەس بگری لە پێناوی جوانێکدا گیانی خۆی خستۆتە سەر دەستی و خۆی کردووە بەقوربانیی بۆ یادێك، منی نەخۆشی گرفتارت نەبێ کە بێ بەش بووم لە کەوتن لە بەردەرگانەکەتدا.

جزیری:

تۆ شـەرابێ ب غەرابێ بنە هەنـگان دەدەمـی

دێ کیفایەت ب چ ڕەنگێ مە بکت کووزەوو تاس . ل ٢٦٠

واتە: ساقی ئێمە لە دەریای ئەویندا بووینەتە نەهەنگ، بەپیاڵەی بچکۆل سەرخۆش نابین، دەبێ بەقەڕابە شەرابمان بدەنێ. لەم بەیتەدا ئەوەی مەبەست بێ ئەوەیە کە بەپیاڵە مەست نابێ و بەقەڕابە دەیەوێ.

مەولەوی:

چون تە مــام نە تـــەم غەفڵەتەنان گوم

سامەی، نەك وەجام، هـای وەخوم وەخوم . ل٣٤٠

واتە: چونکە بەتەواوی لە ناو تەم و مژی غەفڵەتدا بزر بووم. دە ساقی مەیم دەیە نەك بەپیاڵە، بەڵکو بەکووپە بەکووپە.

جزیری:

صوحبەت بسازان هاتە ساز پێ مەوجی دەریایی ناز

دا دل ژ نو بایێ مەجاز وی کەشتیێ سوککانە رەقص. ل٢٨٠

واتە: کۆڕی بەزم بەئاوازی ساز سازدرا، دەریای ناز کەوتە شەپۆڵدان، ئەم کۆڕە وەك پاپۆڕ وایە بەناو دەریای نازدا دەڕوات، سوککانەکەش هەڵپەڕکێ و سەمایە.

مەولەوی:

نە تۆی تاریکـیی تـــای شـــەدەی بێگەرد

لەطافەت چۆن ئاو حەیات مەوج مـــەوەرد ل١٨٣

واتە: لە ناو تاریکایی پووشینە بێ گەردەکەیدا، ناسکیی وەك ئاوی حەیات شەپۆڵی دەدا.

لە نێوان ئەم دوو بەیتەدا (شەپۆڵی دەریای ناز) و (شەپۆڵی ئاوی حەیات) لێکەوە نزیکن.

جزیری:

ل من پرسەك بدلداری دبت هەمـــپایی دیـــداری

ڤەوەستایم د فەرواری لعەبدێ خوە کە فەرمانێ . ل٤٧٥

واتە: پرسیارێك لە حالّم بکە، کە پرسیارەکەت لە دیدارت کەمتر نییە، ئیتر دیدار یا پرسیار بەدەست خۆتە، ئەمن کۆیلەم و لە خزمەتتدام.

ئەمە مەلای جزیری بە(یارەکەی – خودا) دەڵێ و خۆی لە ئاستیدا بەکۆیلە و بێ دەسەڵات دەزانێ، بەهەمان واتا مەولەویش بەشێخەکەی دەڵێ:

ئەر وە بێگانە وەر خوێشم زانی

تۆ حەساوەنی وە هرچـیم وانی . ل٣٠١.

جزیری:

غەمـــا پەریهـــتم ئەز حەبیـــبا غەم رەویـــن کانێ

سەراسەرتێك بە هیتم ئەز، ژ دەردێ فەرق و هیجرانێ ل٤٧٤

واتـە: دەردی فـیـراق وای بـرژانـدم کـەڵـکم پێوە نـەمـاوە، هـەمـوو لـەشم تواوەتەوە و داتووڵاوە، خۆشەویستە خەمڕەوێنەکەم لە کوێیە با فریام کەوێ.

مەولەوی:

بڵێســـەی فیـــراق سۆچـــنان جەســـتەم . ل٩

واتە: بڵێسەی فیراق هەموو لەشی برژاندم.

جزیری:

ئەی نەسیمی سەحەری ماد مەجالا صبەهی

سەد سەلامان بگەهـــینی ژ مە وێ پادشەهی .ل٤٩١

واتە: ئەی من نەسیمی بەرەبەیان، کاتی بەبانی وەرە و سەد سڵاوی من بگەیەنە بەو شای جوانانە.

مەولەوی:

وادەی سەفـەرەن هــای نـەسیـم ئـامـان
وەلای ئــازیـزا بـویـە و چـون جــاران
تــەقـریـرکـەر ئـەوەڵ وەرزوانـی حــاڵ
ســـەلام و دوعـــای ئــەو دوورِدانە لاڵ . ل٤٦٥

واتە: ئەی نەسیم کاتی رۆشتنە و وەك جاران برِۆ بۆ لای ئازیز، سەرەتا بەزمانی حاڵ سەلام و دوعا عەرزی ئەو دوورِدانەی لەعلە بکە.

جزیری:

ساقیی سیم ساقی ما، زەهری هەلاهـیلێ ب دەست
جانێ مە شوکرو میننەتە تیز رەوانە رەقصە فەرض .ل٥٩٠

لەم بەیتەدا عیبارەتی (ساقیی سیم ساق) وەردەگرین کە مەولەویش بەم شێوە بەکاری هێناوە. دەڵێ:

گا وەســەر رِەفـەی زەرِین تــاقـەوە
گا وە دەس ساقیی سیمین ساقەوە. ل٤٢١

وا دەزانم هەردووکیان لە (سەعدی شیرازی)یان وەرگرتووە کە دەڵێ:

رشتەء تسبیح اگر بگسست معذورم بدار
دستم اندر دامن ساقی سیمین ساق بود.

***

لە پەراوێزی ئەم باسی تەوارودەدا کە قسەمان لێوە کرد، بەشایانی

باسی دەزانم ئاماژەش بۆ ئەوە بکەم کە دوو خاڵی دیکەی لێکچووی نێوان جزیری و مەولەوی ئەوەیە کە دەڵێی شاعیری دووەم بەرێگەی یەکەمدا ڕۆشتووە و شوێنپێی ئەوی هەڵگرتووە. دوو خاڵەکەش بریتین لە:

١– مەی و مۆسیقا: هەردوو شاعیر بەشێوەیەکی فراوان لە زۆربەی حاڵەتە دەروونییەکانیاندا پەنایان بردۆتە بەر مەی و مۆسیقا، کەی زۆر شاد بووبن مەی و مۆسیقایان بەسەر کردۆتەوە بۆ ئەوەی کۆڕی شادییەکەیان خۆشتر و شادی بەخشتر بێت. یا بەپێچەوانەوە کەی زۆر نیگەران و دڵتەنگ بووبن هەر بۆ سووکنایی دڵیان پەنایان بردۆتە بەر ئەو دوو شتە.

خۆ ئەگەر دەست لەسەر ئەوە داگرین لە هەردووکیان گوڵبژێری نموونە بکەین، ئەوە هێندە زۆرە کە دەتوانین بڵێین (مەی و مۆسیقا) بەشی هەرە گەورەی دنیای هەردووکیانی گرتۆتەوە و سێبەرێکی هەراوی لەسەر شیعرەکانیانی دارشتووە.

وشەکانی (مەی، شەراب، صەهبا، بادە، ساقی، جام، پیاڵە، گۆزە، خوم، خومار، مەست، مەزە، مەیی صاف، دورد، نەشئە، پەیمانە، سەبوو، مەیخانە، پیری موغان، موغ بەچە، خەمر، قەرقەف، راح، رەحیق، قەدەح، مەخموور، کاسە، سەرخۆش (سەروەش، خەرابات) لەگەڵ وشەکانی (ساز، ئاواز، مەقام، چەنگ، تار، ژێ، نەغمە، نەوا، دەف، کەمان، کووس، سەما، رەقس، ئەرغنون، نەی، نای، زەنگ، موطریب، لایەلایە، سەمتوور، دڵسۆزی، دیلان، لاو هەی لاو) دەبینرێن و گەلێ وشەیان تێدایە کە بۆ چەندین جار چەندپاتە کراونەتەوە. ڕەنگە هەموو وشەکان لای هەردووکیان نەبن، مەبەست ئەوەیە کە بڵێین جزیری وشەی (دیلان)ی نەبێ و مەولەویش وشەیەکی دی نەبێت. بەڵام هەموو وشەکان بەکار هاتوون و هەمووشیان بەشێوەیەکی جوان و هونەریی جێگای خۆیان کردۆتەوە.

٢- دانانی شێوە شیعرێك كە من بۆ خۆم بەداهێنانی هەردووكیانی دەزانم، داهێنانەكەی جزیری لە ڕۆژگارێكدا و هی ئەمیش لە ڕۆژگارێكی دیدا. شیعرەكەش بریتییە لە هونەرێك كە میسرەع و بەیتەكان دابەش دەكەن بەسەر چەند بڕگەیەكدا بەشێوەیەكی (مسجع) و مۆسیقایەكی تایبەتیش دەدەن بەخوێندنەوەی شیعرەكان، ئەمە جگە لەوەی كە شێوە گەمەیەكی زمانەوانیشە لە شیعردا واتە یاریكردن بەوشە.

بۆ نموونە مەلای جزیری دەڵێ:

من دی ژ غەفلەت جام دسكەف، شاهی نەجـــەف، دل كر هەدەف
ڕۆژهات شەرەف، شتێر بوون خەف، هەر چار طەرەف، نوورایە قەف .ل٣٢٠

بەم شێوە دەبینین وشەكانی (كەف، نەجەف، هەدەف، شەرەف، خەف، طەرەف) بیتە شیعرەكەیان بڕگە بڕگە كردووە، بەدوایدا دەڵێ:

ظولمەت نەما، صوحبەت وەما، نووسرا شەما لان چوو سەما

لێ ئەو دەما، زولف بوون جەما، هاتن سەمایێ یەك نەسەق. ل٣٢٠

تا كۆتایی شیعرەكە كە (١٦) بەیتە بەم شێوەیە دەڕوات. یا لە پارچە شیعرێكی تریدا كە (١٧) بەیتە هەر وایە، بەڵام لەمیاندا میسرەعەكانی بڕگە بڕگە كردووە، وەك دەڵێ:

من دی سەحەر، شاهی مەجەر ، لەبسی دبەر، مەخموور بوو

ئەودیم زەری، سور موشتـــەری، یارەب پەری، یا حوور بوو. ل٤٠٧

لە میسرەعی یەكەمدا (سەحەر، مەجەر. دبەر) و لە میسرەعی دووەمدا (زەری، موشتەری، پەری) بڕگەیان دروست كردووە.

بەدوایدا دەڵێ:

حووری وەشە، شیرین مەشە، کاکول رەشە، خال حەبەشە
خالێن دقەر، میسکاتە تەر، نازك بەشـــەر، کافوور بوو.

لای مــەلای جـزیـری ئـەم شێوە شیـعـرە لـە هـەنـدێ شوێنـی دیـکـەی دیوانەکەیدا هەیە و خوێنەر دەتوانێ بچێتەوە سەریان، مەولەویش لەم شێوە شیعرەی وتووە و لە دیوانەکەیدا دوو پارچە شیعری (هام دەردان ئێشتی ل٤٢٨) و (هام دەردان بەردەن ل٥٠٤)ی پێشکەش کردووین.

تەنیا جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە بەیتەکانی مەولەوی کورتن، چونکە لەسەر کێشی پەنجەن و ئەوانەی مەلای جزیری لەسەر کێشی عەرووزن. هـەروەهـا ئـەوانـەی جزیری بـەرنـامـەی داڕشتنـەکـەیـان لـە هـی مـەولـەوی تۆکمەترە، چونکە چۆن لەسەر یەك سکە دەست پێ دەکات ئاواش لەسەری دەڕوات تا کۆتایی. بەڵام لای مەولەوی وانییە، ئێستە با ئەم بەیتەی بخوێنینەوە:

رەعـنـا غـەزاڵێ، بـــاڵا شمـــشاڵێ
صاحێب کەماڵێ، گەردی دڵ ماڵێ. ل٤٨٢

دەبینین وشەکانی (غـەزاڵێ، شمشاڵێ، کـەمـاڵـێ، مـاڵـێ) بـەیتـەکـەیـان کردووە بەچوار بڕگەوە. کەچی لە هەمان شیعردا دەڵێ:

خورشید ئەطوارێ، نیلوفەڕ زەوقێ
عەزرا عوزارێ، وامـیقی شـــەوقێ. ل٤٨٣

لـێرەدا وشە هـاودەنگـەکـان دەبـنـە (ئـەطـوارێ – عـوزارێ)، (زەوقـێ – شەوقێ).

یا لە بەیتێکی دیکەی هەمان شیعر و لاپەڕەدا بەم شێوە دایڕشتووە.

عەرقچین نە تۆی سوورمەدا غەرقێ

وەفەرق فەرقێ، با زەرق و بــــەرقێ

که هەموو بەیتەکە بەوشەکانی (غەرقیّ، فەرقیّ، بەرقیّ) دەبێتە سیّ بڕگە.

یا دەڵیّ:

مەهری بەهاریّ، قەهری خەریفیّ

بەشیر رەدیـــفیّ، نەذیر حـــەریفیّ. ل٤٨٤

ئەم بەیتە کراوەتە چوار بڕگە، بەڵام دەبینین لە بڕگەی یەکەمدا وشەی (بەهاریّ) هاودەنگی (خەریفیّ، رەدیفیّ، حەریفیّ) نییە.

کەچی لەم بەیتەدا دەڵیّ.

طینەت نەظیفیّ، زەینەت ظەریفیّ

خەڵقی لەطیفیّ، خولْقی شەریـفیّ. ل٤٨٤

دەبینین وشەکانی (نەظیفیّ، ظەریفیّ. لەطیفیّ، شەریفیّ) هاودەنگن و بەیتەکەشیان کردۆتە چوار بڕگە. هەروەها لە میصرەعی یەکەمدا (طینەت – زینەت) و لە میصرەعی دووەمدا (خەڵقی – خولْقی) کردۆتە هاودەنگ. ئەمەش چەند بەیتێکە لە پارچە شیعری دووەم.

جەمین قەمەریّ، سیمین سیم بەریّ

موویی کەمەریّ، شیرین دڵبەریّ

موشکینە خاڵیّ، یوسف جەماڵیّ

مەحبووب جەلاڵیّ، لەیل ئاسا حاڵیّ

سەروو باڵاییّ، حۆری نوماییّ

خورشید جەلاییّ، غیلمان ئاساییّ

دیدە غەزاڵیّ، نازك خەیاڵیّ

دوڕدانە لاڵیّ، صاحێب کەماڵیّ. ل٥٠٥

ئەمە نموونەکان بوون لەسەر تەواروودی خەواتر و لێکچوون لە نێوان دوو شاعیری گەورەی شۆفی مەشرەبدا، هیوادارم ئەگەر باسەکەشم چڕوپڕ نەبێت، ئەوا ڕێگا خۆشکردنێك بێت بۆ لێکۆڵەران کە بەجیددی شیعری ئەم دوو شاعیرە بخوێننەوە و قسەی دییان لەسەر بکەن.

سەرچاوەکان.

١– دیوانی مەلای جزیری – شەرحی هەژار موکریانی.

٢– دیوانی مەولەوی – مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.

٣– یادی مەردان – بەرگی دووەم ل٤٢٧. مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس.

شایانی باسە ئەم وتارە بەهەڵەیەکی زۆری چاپەوە لە ژمارە (١٦١)ی گۆڤاری (کاروان)دا بڵاو کراوەتەوە.

## مەولەوی و تەقینەوەی زمان

لە خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا هێندە واتای بەرز و وێنەی جوان و خەیاڵی ناسکت دێتە دەست و بەجۆرێکی وەها سەرسامت دەکات و سیحری وەهات لێ دەکات کە نەچیت بەلای ئەوەدا ئەم شاعیرە لە ڕووی فۆرم و گەمەی زمانەوانییەوە چی کردووە . بۆیە تا ئێستە بەو هەموو لێکۆڵینەوە و ئەو سێ میهرەجانەش کە لەسەری ساز کراوە هیچ یەکێ لە وتارەکان بەلای ئەم باسەدا نەهاتوون. ئەگەرچی هەندێ جار لە دیوانەکەیدا و هەندێ جاریش لەملاو لا باسی بەشەکانی (بەلاغە) لە شیعرەکانیدا کراوە. بەڵام ئەم باسەی ئێمە ئەوە نییە و مەگەر بۆ بەراورد لەگەڵ شاعیرانی تردا ئاوڕ لە یەك دوو بابەتی بەلاغی بدەینەوە. ئەویش بەمەبەستی ئەوەی کە دەربکەوێت مەولەوی جوانتر و شیاوتر لە شیعرەکانیدا تەوزیفی کردوون.

یەکێك لە گەمە زمانەوانییەکانی مەولەوی گۆڕینی سیمای وشەیە بۆ بەدەستەوەدانی واتایەکی پێویست ئەویش بەبێ ئەوەی کە لە وشە ئەسڵییەکە دوورکەوتبێتەوە. وەك دەڵێ:

لوقمەکەی ماساو قووڵی دەریای مەیل

لوختی سای کۆڵەی سارای دەردی لەیل

کاتێك کە زانیمان ئەم شیعرە بۆ (مەلا یونس)ی خەڵکی گوندی (لوقمە ماسی) نووسراوە لە گوندی (کۆڵە سارە)ی هەورامان مەلایەتی کردووە، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە (لوقمەکەی ماساو: پارووی ماسی) گەمەیەکە بەوشەی (لوقمە ماسی) کراوە.

یا (کۆڵەی سارا: کولەبی دەشت)یش گەمەیەکە بەوشەی (کۆڵە سارە) کراوە. کەسەکەش کە ناوی (یونس) بووە بەوشەی (دەریا) ئاماژە بۆ چیرۆکەکەی حەزرەتی (یونس) دەکات کە لە قورئاندا هەیە و گەلەکەی فڕێیان داوەتە ناو دەریاوە، ماسییەك قووتی داوە و پاشان لە کەناری دەریا هەڵیهێناوەتەوە، ئەویش – واتە حەزرەتی یونس– بە(ڕووتیی: لوختی) لە سێبەری دارێکدا دادەنیشێ.

واتای بەیتەکە: ئەی پارووی دەمی ماسی ناو قووڵاییی دەریای مەیل و ئارەزوو، ئەی ئەوەی کە بە ڕووت و قووتی لە سێبەری کۆڵە بییەکی دەشتی پڕ لە ئازار و دەردی (لەیل: یار)دا کەوتوویی.

نهێنییەکانی ناو ئەم بەیتە شیعرە بەم شێوە دەردەکەون کە:

١– شیعرەکە بۆ مەلا یونس ناوێك نووسراوە کە یەك دوو بەیاز لە پەراوێزدا ئاماژەیان پێ کردووە.

٢– ئەوەش بزانرێت کە (مەلا یونس) خەڵکی (لوقمە ماسی)یە و لە (کۆڵە سارە)دا مەلایەتی کردووە.

٣– بەوشەی (دەریا) و (لوخت)دا دەرك بەچیرۆکەکەی حەزرەتی یونس بکرێت.

مەولەوی لەم بەیتە شیعرەدا زۆر بەزەحمەت کلیلی نهێنی داوەتە دەست خوێنەر، چونکە وشەی ڕوونی تێدا نییە و زمان بەتەواوی داخراوە، دەبێ لێکۆڵەر بەوردی بەدوایدا بچێت ئینجا بتوانێت زمانە داخراوەکە بکاتەوە. با لەم ڕووەوە بچینە سەر شیعرێکی نالی کە دەڵێ:

لە چاوی (روودبار)م (نوری)دیتن وەقتە تــاریی بێ

ئەمیش باماجەرای هیجرانی (نووریی روودباریی)بێ. ل٦٣٣

لەم بەیتەدا وشەی (روودبار) و (نووری) هاتوون. کە (روودبار) هەم واتای (چەم) دەگەیەنێ و هەم ناوی گوندێکە لە هەورامان کە پێی دەگوترێ (ڕوار). (نووری)یش هەم ئاماژەیە بۆ ئەو کەسەی کە شیعرەکەی بۆ نووسراوە و هەم واتای (تیشك)یش دەگەیەنێ. ئەم دوو وشەیە لە بەیتە شیعرەکەدا جوان هاتوون و نالی دوو هونەری پێ نواندوون کە لە بەلاغەدا پێی دەگوترێت (تەوریە). بەڵام دەبینین لە میسرەعی دووەمدا کە ناوی (نووری روودباری) دێنێ نهێنییەکە ئاشکرا دەبێت و لەگەڵ ڕێزمدا بۆ حەزرەتی نالی ئەو هونەرەی کە لە میسرەعی یەکەمدا نواندوویەتی بەئاشکراکردنی ناوی (نووری روودباری) لە میسرەعی دووەمدا هونەرەکە دەشێوێنێ.

مەولەوی لە شیعرێکی تردا هەمان هونەری نواندووە، تێیدا دەڵێ:

هــای وەفەرق (دین) زامداران (تـاج)دای

شەریــعــەتــی مــەیـل لــەیـل رەواج دای

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لەسەر موناسەبەی ئەم شیعرە نووسیویە (مەولەوی ئەم قەسیدەیەی لە وەڵامی نامەیەکی شێخ تاج الدین–ی کوڕی حاجی شێخ عبدالرحمانی کوڕی شێخی سراج الدین وتووە).

لەو بەیتەدا کە نووسیمان وشەی (دین) و (تاج) بەو شێوە هونەرییە داڕێژراون کە ناوی (تاج الدین) دیاری دەکەن. ئەگەر لەم بەیتەدا یا لە سەرجەم شیعرەکەدا ناوی (تاج الدین) بهاتبایە. ئەوا هونەرەکەی ئەمیش بەدەردی ئەوەی نالی دەچوو.

واتای بەیتەکە: بەو نامەیەت کە بۆت نووسیوم تاجت نایە سەری دینی ئــەوانــەی کــە گـرفـتـاری زامـی عـەشقـن و رەواجت دا بــەشەریـعـەتـی خۆشەویستیی یار.

لەسەر ئەم هونەرەی مەولەوی با بچینە سەر بەیتە شیعرێکی حەریق کە هەمان هونەری تێدا نواندووە، دەڵێ:

بورهانە لەسەر جەهلی عەدو شەمسی حەقیقەت

تـابـع بـووە ئـەو ئـەحـمـەقـە جـۆیـایـی چـرایـە

لەم بەیتەدا وشەی (بورهان) و (شەمس) واتای خۆیان وەرگرتووە و لە هەمان کاتیشدا (بورهان) ئاماژەیە بۆ گوندێ کە لە نێوان مەهاباد و بۆکاندایە و سەردەمانێك مەکۆی زانایان و شێخان بووە، (شەمس)یش ئاماژەیە بۆ (شێخ شەمسەددین) کە حەریق یەکێك بووە لە موریدەکانی و ئەم شێخە لە گوندی (بورهان) ئیرشادی کردووە.

مەولەوی سێ پارچە شیعری تری هەیە کە بۆ (مەهـ چیهرە خانمی) نووسیون، کە لە بەیازێکی لای ئێمەدا لەسەری نووسراوە (حەرەمی والی سنە). واتە مەهـ چیهرە خێزانی والی سنە بووە.

لە شیعری یەکەمدا دەڵێ:

چون چیهرەی خەیاڵ رووخسارەکەی وێش

نەتۆی پـــەردەی دڵ مەعـــدوومیی دڵڕێش. ل١٨٢

واتە: دیمەنی هەر لە دیمەنی خەیاڵ دەچوو، ئەو خەیاڵەی کە لە ناو دڵی مـەولـەوی زامداردا هـەیـە. (ئـەم بـەیـتـە لـە دیـوانـەکـەدا بـەم شێوە لـێك نەدراوەتەوە و هەروەها داوای لێبووردن لە مامۆستام دەکەم کە فەرموویە –تەعریفی نازارێکی جاف ئەکا–).

ڕووخسارەکەی وێش: واتە ڕووخساری خۆی. چون: وەکو. وەکو چی وایە؟. وەکو چیهرەی خەیاڵ: ڕووخساری خەیاڵ. ئەم ڕووخساری خەیاڵە لـە کـوێدایـە؟. لـە نـاو پـەردەی دڵـی مـەولـەویدایـە. کـەواتـە وشـەی (چـیـهـرە) هـەرچـەنـدە واتـای ڕووخسار دەدات، ناوهێنانی (مەهـ چیهرە خانم)یشە.

لە شیعری دووەمدا دەڵێ:

چیهرەی دڵەی زار خووی گەرمی پێدا
عـــەکسش هـــوەیـــدا منـــمانـــا تێدا. ل١٩٨

واتـە: گـەرمـای ڕووخساری دڵە خـەمبـارەکـەم، ئـارەقـەی بـەڕووخساری کرد، دڵم لە ناو تنۆکە ئارەقەکەدا وێنەی خۆی دەبینی.

(بەداخەوە ئەم بەیتەش لە دیوانەکەدا بەم شێوە لێك نەدراوەتەوە).

چیهرەی دڵ: ڕووخساری دڵ، جگە لەوەی تەرکیبێکی هونەرییە و واتایەکی جوانیشی هەیە، هەم ئاماژەشە بۆ (مەهـ چیهرە) واتە ناوەکەمان بیر دێنێتەوە.

لە شیعری سێیەمدا دەڵێ:

بـــەڵام کۆن تـاقەت دینـــی دڵـدارم
ئەو مەهـ چیهرەسان، من کەتان وارم. ل٢٥٢.

کەتان: قوماشێکە دەڵێن ئەگەر تریفەی مانگ لێی بدات دادەڕزێ.

واتای بەیتەکە: بەڵام من کوا توانای چاوپێکەوتنی دڵدارم هەیە کە ئەو ڕووخساری وەك مانگ وایە و منیش وەك کەتان وام.

(بەداخەوە لە دیوانەکەدا موناسەبەتی وتنی ئەم شیعرەش باش دیاری نەکراوە). لەم بەیتەشدا (مەهـ چیهرەسان) جگە لە واتاکەی خۆی ناوی (مەهـ چیهرە خانم)یش دیاری دەکات.

لە شیعرێکی تردا دەڵێ:

تەختەی مۆبەت تاش، نەجاری دڵتەنگ
گیری گێـجی دام کلافـــەی شەوڕەنـگ.ل١٢٤

واتە: ئەی ئەو دارتاشە دڵتەنگەی کە تەختەی خۆشەویستی دادەتاشیت و لە ناو پێچی داوی کلافەی تاریکدا گیرت خواردووە.

لەم بەیتەدا وشەی (نەجار: دارتاش) لەگەڵ (تەختەی مۆبەت تاش)دا جوان یەکیان گرتووە، بەڵام لە هەمان کاتدا (نەجار) ناوی گوندێکە لە نزیك پاوە کە مەلا عەبدولرەحیمی تێدا بووە و مەولەوی ئەم شیعرەی لە وەڵامی نامەیەکیدا نووسیوە.

یەکێکی تر لە گەمە زمانەوانییەکانی مەولەوی یاریکردنە بەزەمیری یەکەم (جێناوی لکاو). ئەڵبەتە ئەم یارییە لە لایەن (نالی) و (مەحوی)شەوە کراوە. بۆ نموونە نالی دەڵێ:

هەتا تۆم ئاشنا بووی، ئاشنام بوون
ئەمێستا موو بە مووم ئەغیارە بێ تۆ. ل٣٨٣

لەم بەیتەدا وشەی (تۆم) پێکهاتووە لە کۆکردنەوەی دوو جێناو، کە دەبوو(م) بەوشەی (ئاشنا)وە بلکایە، واتە بگوترایە (هەتا تۆ ئاشنام بووی....).

یا دەڵێ:

عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر
بەڕووی تۆم دیرە هەڵنایێ شەو و ڕۆژ، ئەرچی بێدارم. ل٢٧٢

لەم بەیتەشدا (تۆم) هەمان یاریکردنە بەوشە: کە دەبوو بگوترایە (بەڕووی تۆ دیدەم هەڵنایێ..).

مەحویش دەڵێ:

لەسەر تۆم دوژمنە دنیا قەضییەم (مانع الجمع)ە
کە تەرکی تۆ نەکەم، تەرکی هەموو دنیا نەکەم، چیبکەم. ل٢٣٢

لێرەشدا (تۆم) یەکخستنی دوو جێناوە، لەجیاتی ئەوەی بگوترێ (لەسەر تۆ دوژمنمە دنیا...). مەحوی لە پێنج بەیتە شیعری دیوانەکەیدا هەر ئاوا و زمانزانانە یاری بەجێناوەکان کردووە.

شاعیری ئەم باسەشمان لەم بارەوە دەستی خاڵی نییە و کاری کردووە. جا ئایا ئەزموونی خۆیەتی یا پەیڕەوی (نالی) و (مەحوی) کردووە، هەر کامێکیان بێت گرنگ ئەوەیە وەك هونەری زمانەوانی لە شیعردا کاری خۆی کردووە. دەڵێ:

چ حاجەت صەریح تۆ بــواچی پێم

من زووم شناسا بەختی سیای وێم. ل٢٦٤

واتە: چ پێویست دەکات تۆ بەئاشکرا پێم بڵێی، من زوو بەختی ڕەشی خۆم ناسیوە.

لەم بەیتەدا باس لە پیتی (م)ە کە لکاوە بەوشەی (زوو)ەوە کە دەبوو بگوترایە (من زوو شناسام) واتە (م) ببرایە دوای (شناسا). وەکو لە زمانی باودا دەڵێین (من زوو دۆزیمەوە) نەك (من زووم دۆزییەوە) یا (من زوو زانیم) نەك (من زووم زانی)... هتد.

لە بەیتێکی تردا دەڵێ:

من وێم زووم زانان تاڵەم پەشێوەن

ڕەفـــیقم مەینەت، ئەنیـــسم دێوەن. ل٣٩٣

لەم بەیتەشدا وشەی (زووم) هەمان یاری زمانەوانییە کە لە بەیتی پێشوودا باسمان کرد.

واتای بەیتەکە: من خۆم زوو زانیم بەختم پەشێوە، هاوڕێم مەینەت و هاوڕازم دێوە.

کارێکی تری مەولەوی لە فۆرمدا ئەوەیە کە لە (٦) بەیتی پارچە شیعری (بەرزان هیلال تار–ل٦٨)دا کردوویە. یەکەم کەس کە دەرکی بەم هونەرەی مەولەوی کردبێت و لەسەری نووسیبێت، خوالێخۆشبوو (ئەمین فەیزی) بووە، کە لە نامیلکە ڕەخنەییە جوانەکەیدا (ئەنجوومەنی

ئەدیبان–١٩٢٠) بەم شێوە لەسەر ئەم هونەرەی شعیری نووسیوە:

(مەولەوی بەموقتەزای ئەو مەوقیعە کە تێیدا بووە هیچ چاوی بەشیعری فەرەنگ نەکەوتووە، لەگەڵ ئەوەش لەسەر ئوسلووبی ئەوان شیعری نەزم کردووە، لە قیتعەیەکدا میسرەعی ئەوەڵی تەقفیە کردووە لەگەڵ میسرەعی ثالیث. قافیەی میسرەعی ثانی ڕێك خستووە لەگەڵ میسرەعی رابیع...)

هەروەها دەڵێ: (ئەم ئوسووڵە خیلافی ئوسووڵی شوعەرای ئێرانە و مەولەوی لە کەسی نەدیوە، مەحزەن بەحوسنی تەبیعەتی خۆی موناسیبی زانیوە و ئیستیعمالی کردووە).

ئەم بۆچوونەی خوالێخۆشبوو ئەمین فەیزی ڕاستە و ئەوەی دیبێتمان لە شیعری کوردی و هەموو گەلانی ئێراندا نموونەی نییە، کەواتە دەبێتە داهێنانی مەولەوی خۆی، با لەوەو پێشیش سۆنێتای شیعری ئەوروپی هەبووبێت. ئەمەش بەشێکی شیعرەکەیە:

فەریاد جەشۆرەی ئەرزی چارەی من
هەر سەوزەی موراد من نادیارەن
داد جەهەوای شووم بەدستارەی من
هەر نەو گولاڵەی من نەپێوارەن
یاوەلوەلەی دەف شا دەروێش، جۆشێ
بەو سەدای ریشەی دڵ ئاشناوە
یا جۆشی سەمتوور موتریب، خرۆشێ
چەنی ئەی دووفەرد حەسرەت مەعناوە
بەڵ سەوزبۆتۆم ئارەزووەکەی دڵ
های چەمە دەخیل شەوەشەو نەمێ

بـەڵ رووبـنـمـانـۆ ئـەو نـازك نـەو گـوڵ

دەمـــەنـــەسیـــمـــێ وادەی سوب دەمـــێ. ل٦٩–٧١

گەمەیەکی تری زمانەوانی لە شیعری مەولەویدا، ئەوەیە کە هەندێ جار لێرەو لەوێ بەیتێکی بەم شێوە داڕشتووە، بەڵام لە هەردوو پارچە شیعری (هام دەردان ئێشێ – ل٤٨٢) و (هام دەردان بەردەن – ل٥٠٤)دا بە چڕوپڕی دەستی لەسەر داگرتووە. باسی ئەم هونەرەیمان لە وتاری (تەواردی خەواتر لە نێوان مەلای جزیری و مەولەویدا) کردووە. ئێستەش بۆ نموونە دەتوانین ئەم چەند بەیتەی تری بخوێنینەوە.

شاهین کــرداریٚ، تــەڕلان تــەواریٚ

ژەرەژ رەفـتـاریٚ، تـووتـی گـوفـتـاریٚ

شابـازیٚ، شازیٚ، شاهـان مومـتـازیٚ

شاهــیـدیٚ، شۆریٚ، شۆڕوشەڕسازیٚ

پـەنـهـانـی گـەنجیٚ، عـەیـانـی رەنجیٚ

سەد عیشوە سەنجیٚ، پڕ لارەولەنجیٚ. ل٤٨٥

یادەڵیٚ:

کــەبك خــەرامــیٚ، شابــازی رامــیٚ

تــەزەروی نــامــیٚ، هـومـا مـەقـامـیٚ

داوودی دەنــگــیٚ، گـوڵاڵـە رەنـگـیٚ

شەدە قەشەنگیٚ، قوماش فەرەنگیٚ

وەنەوشە بۆییٚ، گوڵ خونچە جۆییٚ

بــەهـانـە جـۆیـیٚ، کـەعـبـە ساکـۆیـیٚ. ل٥٠٦

تەرکیب داڕشتن لە شیعردا تەمەنێکی درێژی هەیە و هەموو شاعیرە

گەورە و هونەرمەندەکان هەوڵی داڕشتنیان داوە، چونکە لە لایەکەوە گیانێکی هونەریی و زیندوو دەدات بەوشە و لە لایەکی تریشەوە دەسەڵاتی شاعیر دەردەخات بەسەر زمانی شیعریدا.

لە ناو شاعیرانی کۆنماندا ئەگەر بڵێم مەولەوی لەم بارەوە لە هەموویان دەوڵەمەندترە ڕەنگە درۆم نەکردبێ و شیعرەکانی پڕن لەم بابەتە، ئەمەش گۆشەیەکی ترە لە دنیای شیعری مەولەویدا و نیشانەی توانا و دەسەڵاتی شاعیر دەردەخەن بەسەر زماندا.

لێرەدا دەچمە سەر وتارێکی کاك (محەمەد کوردۆ) کە لەسەر یەکەم ئەزموونیی شیعریی کاك (لەتیف هەڵمەت)ی نووسیوە: دەڵێ (ئاخۆ پێش لەتیف هەڵمەت ئەم تەعبیرانە بەکار هێنراون؟- چڵی ئاگر، چرۆی پشکۆ، لقی بەفر، لوولەی خەم، سێبەری هەنگاو، گلێنەی تارمایی، تینوویێتی ڕۆژگار، هەردەی شەو، پێی تەمەن، درزی پێت، باوەشی ماندوو).

یا دەڵێ (با تەماشای ئەم تەعبیرانە بکەین – تەرمی تاریکی، شالقی هەتاو، چڵی یادگار، چپەی ڕەشایی، زامی باران...)

ئێمەیش لە وەڵامدا دەبێ بڵێین کە مەولەوی تەرکیباتی لەم بابەتانەی زۆرە. ئەمە مەبەست ئەوە نییە کە خوانەخواستە لە نرخ و بەهای کارەکەی کاك لەتیف هەڵمەت کەم بکەمەوە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە کاك لەتیف حەتمەن مەولەوی خوێندۆتەوە و لە ناو شیعرەکانی مەولەویشدا هەستی بەم هونەرە کردووە، خۆ ناکرێ بڵێین کاك لەتیف مەولەوی نەخوێندۆتەوە و ناشکرێ بڵێین چێژی لە هونەری وەرنەگرتووە.

بۆ نموونە با مشتێك لە خەرمانەکەی مەولەوی پێش چاو بخەین (پای شادی. ل١٨٤. پای دڵ. ل٢١٧. پەنجەی پای نەسیم. ل٥٣٨. پای گیان. ل٤٧٤. پای شەرم. ل٢٦٥. پای خەمان. ل٢٣٨. پای مەیل. ل٢٦٢. پای بەڵا. ل٣٨٨. پای تەدبیری بەدبەختی. ل١٧١. پەنجەی پای ناڵە. ل٢٤.

پەنجەی پای فەردم. ل٤٥٤، پای شکستەی دڵ. ل١٢٦، پای هەوەس. ل١٢٨، پەنجەی پای ئیستیغنا. ل١٥٧.)

ئەمانە هەموو لە بەرامبەر ئەوەدا کە کاك لەتیف (پێی تەمەن) و (درزی پێت)ی بەکار هێناوە.

هەروەها با ئەم هەندەی تریش بەسەر بکەینەوە (تاوی سەیلی دەرد.ل١٣١. کلێڵەی خەفەت.ل١٣٠. ئەنفیەکەی گەرد. ل٤٥٣. هەنارەکەی دڵ. ل٣٢٢. نمازخانەی دەرد. ل١٥٤. هەردەی بەقا. ل٢٩٨. شنۆی غیرەت. ل٤٤٦. رەمشەی وەجد. ل٤٣١. خێڵخانەی کەیف. ل٤٣٦. میوەی عیرفان. ل٤٥٧. بەرگی شاخی شادی. ل٤٥٨. مەزرەعەی شادی. ل١٣٠. چیهرەی خەیاڵ. ل١٨٢. قامەتی کەیف. ل١٨٤. گەردنی شەوق. ل١٨٤. پیشانیی شەوق. ل٢٢٤. روخساری زەوق. ل٢٢٤. دەرگای مەینەت. ل٢٣٩. پەنجەرەی ناز. ل٢٤٠. پووشەکەی هەستیم. ل٢٤٣. خاشاکی هەستی. ل٢٤١. بینیی عیرفان. ل٢٤٨. جۆگەلەی مەیل. ل٣٠٢. هەوری لوتف. ل٣٠٣. باڵی بەیداخی تاقەت. ل٣١٩. نەوای زامی مەهجووری. ل٣٣٠. کاخی دەروون. ل٣٨٣. دێوە لوولی خەم. ل٣٨٧. دێوەلوولی ئاخ. ل٣٩٦. جەنابی دەردی دووریی. ل٤١٠. نەوعروسی خەم. ل٢٧٦. گۆشی هۆش. ل٥١٣. دەسەکەی ناڵە. ل٢٧٩. زەرگەری تۆف. ل٢٧٨. قەفای هەستیی. ل٢٣٠. چووزەی سەوزەی هەردی فەیض. ل٧٥. ئاهووی توونی دڵ. ل٧٤. شەمامەی ئێش. ل٧٧. بازووی غەمزەوناز. ل٧٨. نەی ئاشنایی. ل٨٢. دووکانچەی شادی. ل٨٣. دەروازەی دڵ. ل٨٧. زەمینی دەروون. ل٨٧. ئەڕەی دەرد، ل٨٩. کوورەی ناری ناز. ل٩٢. مەوجی دەریای دەرد. ل٩٣. عرووسی خاك. ل٩٧. بووڵی دەرد. ل١٠٠. مەودای چڵ. ل١٠١. پۆی خەیاتەی فەرد. ل١٠٢. نەوعرووسی سۆز. ل١٠٤. شنۆی زیندەگی. ل١١٥. ژاری ماری دووری. ل١١٦. مەنزڵگەی مەیل. ل١١٧. حەسارەی تەقریر. ل١١٩. شێری قەزاوقەدەر. ل١٢٢. زنجیری تەقدیر. ل١٢٣. تەختەی

مۆبەت. ل١٢٤. پووشی جەستە. ل١٢٥. دار كۆڵەكی خەمان. ل١٢٥. گرپەی دەرد. ل١٢٥.) ئەمانە و چەندینی تر كە شیعرەكانیان زۆر جوان و شیرین ڕازاندۆتەوە.

كاك محەمەد لە وتارەكەیدا لەسەر تەعبیرەكانی (تەرمی تاریكی، شالقی هەتاو، چڵی یادگار، چپەی ڕەشایی) دەڵێت: ئایا ئەمە بەگیان لەبەركردنی شتە بێ گیانەكان نییە؟! ئێمەیش دەڵێین وایە و كاك لەتیف جوانی بۆ چووە. بەڵام مەولەوی زووتر ئەم كارەی كردووە و گەلێ نموونەی بەرجەستەی هەیە، وەك (قامەتی كەیف، گەردنی شەوق، دەسەكەی ناڵە، بازووی غەمزە و ناز و... هەروەها). تەنانەت مەولەوی بەوەشەوە نەوەستاوە، هەندێ جار دەبینین بەخەیاڵی شاعیرانە شتەكان وەك مرۆڤ دەدوێنێ. ئەوەتا بەچنوور و هاژەی بەفراو دەڵێ:

مەشنیە چین چین چنوور نەكاوان

توخوا ماتەم بە هاژەی وەفراوان. ل١٤١

واتە: چنوور ئیتر چین چین لە چیاكاندا شنە شن مەكە و تۆیش ئەی هاژەی بەفراوەكان توخوا خۆت كشومات بكە و دەنگت لێوە نەیەت.

یا لەم دوو بەیتەدا بەم شێوە نەسیم دەدوێنێ.

١- نەسیم وەس بویەر وەكۆساراندا

وەسەن شانای وەڵگ وەدیاراندا. ل١٤٢

واتە: ئەی نەسیم بەس بەكوێستانەكاندا تێپەڕە و بەس گەڵای دارەكان بوەرێنە بەسەر شوێنەكاندا.

٢- نەسیم پەنجەی پات ئەر سەردیی كێشان

بدا رەش نەتۆی دڵ دەروون رێشان. ل٥٣٨

واتە: ئەی بای نەسیم ئەگەر لە سەرمانا پەنجەی پێت تەزی ئەوا بیخەرە ناو دڵی دەروون بریندارەکانەوە.

یا دەڵێ:

پایز زەڕە یەخ جام، چارشێوێ هەی تەم
دێـــــرەن ســـــوارەن نەو عـــرووسی خـــەم. ل٢٧٦

واتە: ئادەی پایز لە گەڵای زەرد ئاڵتوون ئامادە بکە، ئەی سەهۆڵ تۆیش ببە بەئاوێنە و تەم و مژ تۆیش خۆت بکە بەچارشێو، خێراکەن درەنگە وا تازە بووکی خەم سوار بووە.

یا چەند جوانە کە بۆ دوورکەوتنەوەی خاڵۆ ئەحمەد بەگی کۆماسی دەڵێت:

ملان، سەربەرزان، کۆساران، هەردان
بێ شەرتان جەداخ وەفاتان مەردان
چـێشەن ئـــارایش سەر تـــا وەدامـــان
مەر خاڵۆم وەعەزم سەیرتان ئامان؟. ل١٤١

واتـە: ئـەی مـلـەی چـیـاکـان، ئـەی لـووتـکـە و سەر بـەرزاییـیـەکـان، کوێستانەکان، هەردەکان.. ئەی بێ بەڵێنینە وا من لە داخی وەفاتان مردم، چییە وا سەرتاپا خۆتان ڕازاندۆتەوە مەگەر خاڵۆم بەنیازی سەیرکردنتان هاتووە بۆ لاتان؟

لەم بەیتانەدا کە بەنموونە هێنامانەوە، شاعیر بەشێوەیەك (چنوور، هـاژەی بـەفـراو، نـەسیـم، پـایـز، سەهـۆڵ، تـەم، مـلـەی کێو، لـووتـکـە، کوێستانەکان و هەردەکان) دەدوێنێ وەك ئەوەی کە گوێیان هەبێت، وەك ئەوە وایە قسە لەگەڵ کەسێکدا بکات.

هونەرێکی دیکەی مەولەوی لە زماندا ئەوەیە کە زۆر هۆشیارانە وەك

هەموو گەورە شاعیرێکی تر پەنای بردۆتە بەر (موحەسیناتی بەدیعی) واتە بابەتە بەلاغییەکانی شیعر، کە توانیویەتی زۆر هونەرمەندانە دەستیان لەسەر دابگرێت. لەم ڕووەوە ئەگەر هەموو ئەو بابەتانە بەسەر بکەینەوە و بەو هەموو نموونانەوە کە لە هەر چوار شاکارەکەیدا هەیەتی باسیان لێوە بکەین ئەوا کتێبێکی قەبەی سەربەخۆ هەڵدەگرن، لەبەرئەوە بەداوای لێبووردنەوە ئەو باسە بەجێ دێڵم بۆ خوێنەر و لێرەدا بەتەنیا چەند نموونەیەك لە بابەتی (تەوریە) دێنمەوە، ئەویش بەمەبەستی بالآدەستیی مەولەوی لەم مەیدانەدا و هەروەها بەراوردکردنی لەگەڵ (نالی)دا.

– وشەی(عەنبەر) لای مەولەوی و (حەبیبە) لای نالی.

مەولەوی لەو هەشت پارچە شیعرەیدا کە بۆ لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی خێزانی نووسیون، بەشێوەی تەوریە شەش جار ناوی (عەنبەر)ی هێناوە. واتە لە هیچ کامێکیاندا هەروا ناوی ناهێنێ، بەڵکو ناوەکەی پێچاندووە بەهونەری تەوریەوە. وەك دەڵێ:

بۆی (عەنبەر) نەتۆی دەماخم دوورکەرد

فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد. ل٤٦.

(عەنبەر): ماکێکی بۆنخۆشی خۆڵەمێشی ڕەنگە لە گەدە یا لە ڕیخۆڵەی جۆرێ ماسیدا بەناوی (کاشالوت) پەیدا دەبێ.

واتای بەیتەکە: بای نەخۆشی تاعوون هەلی بەدەست هێنا و هات بۆنی (عەنبەر)ی لە لووتم دوور خستەوە.

یا دەڵێ:

لانەی حەلقەی زوڵف (عەنبەر) بۆی شەوڕەنگ

هام دەمی جای تەنگ ئەلحەد سەرای سەنگ. ل٢٠٥.

واتـە: ئـەی دڵـەکـەم کـە لـەسەر ئـەڵـقـەی زوڵـفـی ڕەشی بۆنـخـۆشی یـار هـێلانـەت کـردووە و بـووی بـەهـاودەمـی جێگە تـەنگـەکـەی کـە ئـەلـحـەدی گۆڕەکەیەتی. (عەنبەر بۆی شەوڕەنگ) لەباتی (عنبر اشهب)ی عەرەبی بەکار هێنراوە.

یـا دەڵـێ:

مـوات: فـیـداش بـام یـەجـای شیـریـنـەن
گوزەرگای ئەو شۆخ زوڵف عەنبەرینەن ل٢٠٧

واتـە: ئـەیـوت.. بـەقـوربـانـی بم ئـەمـە جێگـەی شیـریـنـە و گـوزەرگـەی ئـەو شۆخـەیە کە بۆنی زوڵفی وەك عەنبەر خۆش بوو.

یـا دەڵـێ:

جـەوسەر دەشتــەوە گـوڵاو ڕێزان کـەرد
سارا بۆی عەنبەر سارا هەرزان کەرد. ل٢٠٧

واتە: لەو تەختاییيە بەرزەوە گوڵاوی ئارەقەی داوەراند و بەهۆی بۆنی ئەو ئارەقەوە دەشتەکە بۆنی عەنبەری بێ خەوشی تێدا زۆر بوو.

یـا دەڵـێ:

گــەردێ نــێ وەرووی یــانــەی نـۆشەدا
یــاخــەوشێ وەحــەوش عــەنـبــەر بـۆشەدا. ل٣٦٣

واتە: بۆ ئەوەی تۆز نەنیشێتە سەر ماڵە نوێکەی (گۆڕ)، یا پل و پووش لە حەوشە بۆن خۆشە وەك عەنبەرەکەیدا کۆ نەبێتەوە.

یـا دەڵـێ:

دیـدە پـەی روخسار خـورشیـد وارەکـەت
یـا دەمـاخ پـەی بـۆی عـەنبـەر بـارەکـەت. ل٣٨٩

واتە: چاوم بۆیە بریندارە چونکە بینینی ڕووخساری وەك ڕۆژتی لیَ براوە. لووتیشم لەبەرئەوە کە بۆنی وەك عەنبەر خۆشتی پیا ناچێتەوە.

ئەگەر ئەم (عەنبەر)انەی مەولەوی لەگەڵ (حەبیبە)کانی نالیدا بەراورد بکەین، دەبینین ناوەکان لای نالی هەر ناوی ڕووتن و هیچ هونەرێکیان لەگەڵ خۆیاندا پیَ نییە. وەك لەم شوێنانەدا دەیبینین.

١– جەنانی وەك جینان کردم بەماوا
(حەبیبە)ی (ماڵیاوا) ماڵی ئاوا. ل١٢٢.

٢– موژگانی سییەهـ مەستی وەکو چاوی (حەبیبە)
غارەت کە بکەین، دێن و دەچن، ڕۆح بڕفێنن. ل٣٣٩.

٣– لە دنیا جەننەتی باقیی تەلاری شاهییە، ساقیی!
(حەبیبە) طورەیی طەوقی ملی (شیرین) و(عەذرا)یە. ل٥٦٩.

٤– ئاخ لەگەڵ ئێمە (حەبیبە) سەرو پەیوەندی نییە
نەی شەکەرقەددە، بەڵا بەندی هەیە، قەندی نییە. ل٥٩٢.

٥– دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵ مەگرە ئەی (حەبیبە)
وەبزانە خوێنی خۆمە، یامیننەتی رەقیبە. ل٣٩٤

٦– (نالی) لەبی (حەبیبە) هەم طیب و هەم طەبیبە
خولاصەیی لەبیبە، فەرمانبەری لەبی بە. ل٣٩٨

ئەمانە و یا دەبینین لە ناوی شوێندا هەموو ناوەکان لای نالی هەر ناوەکەن و هیچ هونەرێکیان لەگەڵدا ئاراستە نەکراوە مەگەر زۆر بەدەگمەن وەك ناوی (سلێمانی، شارەزوور، سەرچنار، بەکرەجۆ، خاك و خۆڵ، سەر شەقام، پیرمە سوور، شێخ هەباس، خانەقا، کانی با، سەیوان، کانی ئاسکان، شیوی ئاودار، کاکە سوور، قەرەداغ، مەککە، مەدینە، ڕۆم،

بەغدا، صەفا، مەروە، سەبا، یەمەن، ئیرەم...) هتد.

لای مەولەویش ئەگەرچی زۆر لە ناوەکان هەر بەناوی ناو براون و هیچی تر وەکو (پاوە، خانەگا، سارالْ، بانە، زەهاو، ئاویدەر، ئاتەشگا، رەشت، جەعفەر ئاباد، عێراق، قەزالْە، شاهۆ، ئێلاخ، لەیلاخ، سەیید خەلیل، شاکەل، ئەردەلان، ئاربەبا،...) هتد.

بەلام دەبینین لەم بەیتەدا دەلّیّ:

دیدەم (ڕێژاوە)، روخسارم (زەردە)ن
جەداخی (یاران)، (پیران)م کەردەن. ل٢٥٤

وشەکانی ناو کەوانەکان چوار گوندن لە دەڤەری زەهاو لەسەر ڕێی جارانی جافە کۆچەرییەکاندا لەگەلّ ئەوەشدا ڕێژاو واتە فرمێسکڕێژ و پیرانیش واتای منداڵێك کە لە ئەنجامی زۆر گریاندا لەنك دەچیّ و دەنگی دەرنایە: زەردەش کراوە بەسیفەتی ڕووخسار و یارانیش واتای دۆستانی لە خۆی گرتووە. وشەکان هونەری تەورییەیان تێدایە.

یا لە بەیتێکی تردا دەلّیّ:

وەهەرجا تەشریف تۆ ئەرزانی یەن
هەر دیدە پەی تۆ (هەزارکانی)یەن. ل٥٢٩

واتە: جەنابت لە هەر شوێنێکدا تەشریفت هەبێت، لە خۆشیانا چاوی هەر دۆستێك ئەوەندەی هەزار کانی فرمێسکی شادمانی لیّ دەرژێت.

لێرەشدا هەزار کانی هەر تەورییەیە چونکە جگە لەو واتایە ئاماژەشە بەگوندی (هەزار کانیان) کە زێدی ئەو شێخ حسەینەیە مەولەوی شیعرەکەی بۆ نووسیوە.

یا دەلّیّ:

دیـدەنـی دیدار غـەزاڵـەی (وەرمـن)

چـی دمـا یـاران وەرمـەن پـەرێ من. ل٢٥٣

وەرمن: گوندێکە لە ناوچەی شەمێرانی سەر بەهەڵەبجە. هەروەها واتای خەواڵووش دەگەیەنێ. واتە: دیتنی ڕووخساری ئاسکە چاو خەواڵووەکەم یا ئاسکەکەی خەڵکی وەرمن، مەگەر لەمەولا بەخەو ببینم. (لە دیوانەکەدا بەم شێوە لێك نەدراوەتەوە).

یـا دەڵێ:

(مـەیدان) نـە دیدەی سوپـایـی تـارەن

شۆڵـــەی تـــاسکـــڵاو تـــۆ نـــەپـــێوارەن. ل٣٧١.

مەیدان: گـۆڕەپـانـی جـەنگ. هـەروەهـا نـاوی شوێنێکیشە لـە گـەرمـیـان دەڤـەری کفری.

واتە: لەبەرئەوەی کە تیشکی تاسکڵاوەکەی تۆ چۆتە ژێر خاك مەیدانی جەنگ یا دەشتی مەیدان لە ڕووی سوپادا تاریك داهاتووە. (لە دیوانەکەدا بەم شێوە ئاماژە بەمەیدان نەکراوە)

یـا دەڵێ:

هـانـە گۆشەی ئەو ج خـانـەی شەرەف دا

نـوور ئـــەفشانـیشەن وەهـــەر تـــەرەف دا. ل٤٩٥

خـانـەی شەرەف: لای ڕیـازییـەکـان پـلـەی نـۆزدەمـی بـورجـی حـەمـەلـە. هـەروەهـا مـەبـەستی خانووەکەی (شرف الملك)ی سنەییە کە بەتەنیشت مزگەوتی (دار الاحسان)ەوە بووە و پەنجەرەی حوجرەکەی شێخ عەزیز کە ئـەم شیـعـرەی بـۆ نووسراوە ڕوانـیـویـەتـی بـەسەریدا. ئـەم خـانـووە تـا ئـەم دواییانەش مـابوو من بۆ خۆم دیتوومە. (لە دیوانەکەدا بەم شێوە ئاماژە

بەوشەی شەرەف نەکراوە).

هەمان هونەری تەورییە لەم بەیتەشدا هەیە کە لە پێشەوە باسمان کرد.

تەختە مۆبەت تاش، نەجاری دڵتەنگ
گیری گێجی دام کلافەی شەو ڕەنگ.

ئەمانە و یا هەندێ جار دەبینین گەمەیەکی زمانەوانی بەناوی شوێنەکان دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ناوەکە لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا جووت دەکات و تەرکیبێکی هونەری لێ پێك دێنێ. وەکو:

نیشتەی گۆشەی تار نمازخانەی دەرد
ڕوونەپای میحراو هەناسانی سەرد. ل١٥٤

نمازخانە: مزگەوت، لەگەڵ وشەی دەرددا ئەو تەرکیبەی لێ ساز کراوە. یا میحرابی هەناسەی سارد. واتە: لە سووچی تاریکی مزگەوتی دەرد و مەینەتدا دانیشتووم و ڕووم کردۆتە میحرابی هەناسەی سارد.

یا دەڵێ:

وەرنە دەجلەی غەم توغیان کەردەبێ
تا ئیسە چەندجار بەغداش بەردەبێ. ل١٥٦

دەجلەی غەم: ڕووباری دیجلەی خەم و خەفەت.

واتە: ئەگینا بەهۆی خوێناوی چاوەکانمەوە دەجلەی خەم لێشاوی ئەکرد و تا ئێستە چەند جار شاری بەغدا ئاو دەیبرد.

یا دەڵێ:

ئایردان حوجرەی دڵەی پڕ دەردم
سۆچنان کیتاو مەجمووعەی فەردم. ل١٩٤

(حوجرەی دڵ).

واتــە: حــوجــرەی دڵــی پــڕ دەردی ئــاگــر تــێبــەردام و کـتـێبـی کـۆمـەڵـە شیعرەکەمی سووتان.

یا دەڵێ:

مـن خـەریـکـی ئـێش زامـی جـیـایـی
نیشتەی گۆشەی تار مزگیی تەنیایی. ل٣٨٩.

(مزگیی تەنیایی) مزگیی: مزگەوت.

واتە: من سەرگەرمی ئێش و ئازاری زامی جیابوونەوەم و لە سووچی تاریکی مزگەوتی تەنیاییدا دانیشتووم.

یا دەڵێ:

کـزەی رەشەبـای هــەنـاسـانـی سەرد
سیامالّی عەیش تەختە تەختە کەرد. ل٤٢٠

(سیامالّی عەیش: ڕەشماڵی ژیان).

واتە: کزەی ڕەشەبای هەناسەی ساردم ڕەشماڵی ژیانمی شڕ و وڕ کرد. (لە دیوانەکەدا بەم شێوە لێك نەدراوەتەوە).

یا دەڵێ:

گــێج مـــەدا سەبـــوون شارەزووری دڵ
سیـروانـی هـونـاو دەروونش گـوڵ گـوڵ ل٤١٨

(شارەزووری دڵ، سیروانی هوناو) هوناو: خوێناو.

واتە: هەناسەی گەرمی دڵی کە وەك بای سەبوونی شارەزوور بەتینە، گێژی ئەخوارد و خوێناوی دەروونیشی کە ئەوەندەی ئاوی سیروان زۆرە، هاتبووە کوڵ.

جگە لەوانەی کە باسمان کردن کارێکی دی لای مەولەوی دەبینین، کە ئەمیش هەر پەیوەندی بەزمانەوە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە زۆر جار دابەزیوە بۆ ناو زمانی خەڵکی ڕەشۆکی، ئەو خەڵکەی کە بەدەیان وشەی عەرەبییان کەوتۆتە سەر زار و هەوڵیان داوە سیمای وشەکانیان گۆڕیوە و بەرگێکی کوردییان لەبەر کردوون، واتە کوردانوونیانن. مەولەوی لە بەرنامەی کاری خۆیدا تێکۆشاوە ئەو وشانەی قۆستۆتەوە و بەشێوەیەکی جوان لە شیعردا بەکاری هێناون. یانی پردێکی لە نێوان زمانی خەڵکی ڕەشۆکی و زمانی ئەدەبدا هەڵبەستووە و بێباك لەوەی کە بۆ (نخبة) شیعری نووسیوە، ئەو وشانەشی بەئاسانی بەکار هێناوە. مەبەست ئەوەیە هەرگیز خوێندەوارێك نەیوتووە و ناڵێ (تاڵە) لەباتی (طالع)، بەڵام کوردە نەخوێندەوارەکەی بەتایبەتی ناو جاف کە ئەو وشە گرانەی وەرگرتووە و هەرگیز پیتی (ط) و (ع)یش لە کوردیدا نەبوونە، هەستاوە بەزەوقی خۆی و پێوانەی زمانەکەی پیتی (ع)ی لە کۆتاییییەوە لابردووە. (ط)یشی کردووە بە(ت). جا بۆ ئەوەی وشەکە بەخۆشئاوازیی بەزاردا بێت پیتی (ل)یشی گۆڕیوە بە (ڵ). ئەمە لە لایەکەوە ئەوە دەگەیەنێ کە (تاڵە) خۆشخوانترە تا (طالع) لە باری مۆسیقی زمانەوە، لە لایەکی دیشەوە ئەوە دەگەیەنێ کە زمانی کوردیش لە باریدا هەیە وشەی بێگانە لە بۆتەی خۆیدا بتوێنێتەوە و بەو شێوەی دەیەوێ بیداتەوە لە مەحەك.

مەولەوی هەر وشەیەکی هاتبێ بەدەستەوە بەکاری هێناوە، ئەم وشانەی کە لە خوارەوە ڕستیان دەکەین تێیاندا هەیە پتر لە جارێك بەکار هێنراون و لە هیچ شوێنێکیشدا نەك جوانییان لە شیعرەکە نەسەندۆتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە جوانتریان کردووە و هەروەها لە خوێندنەوەشیاندا هەست بەخوێندنەوەی وشەی کوردی دەکەیت. ئەمەش وشەکانە (ئازا: اعضاء. ئازیز: عزیز. ئاڵەم: عالم. ئازیەتی: عزاء. ئەڵڵاوئاڵەم: الله اعلم. ئەروا: ارواح. ئەوەڵ: اول. ئیشەڵڵا: انشاءالله. بەشقی: (بە) عشق. بەرقە:

برقع. تاقیق، تاقی: تحقیق. تۆبە: توبە. تامڵ: تحمل. تانە: طعنە. بەتاڵ: بطال. ئەڵوەدا: الوداع. جواو: جواب. نەزوفتۆ: نزر الفتوح. تالیم: تعلیم. مۆلەق: معلق. مۆبەت: محبة. تاڵە: طالع. نسیو: نصیب. داوا: دعوی. شار: شهر. تەما: طمع. قار: قهر. کاوە: کعبة. مەتا: متاع. قاتڵ: قاتل. مەنزڵ: منزل. موشکوڵ: مشکل. میحراو: محراب. فەڵەك: فلك. وادە: وعد. سوب: صبح. شۆرەت: شهرە. کتاو: کتاب. مالووم: معلوم. زایف: ضعیف. شادەت: شهادة. سارا: صحراء. شۆڵە: شعلة. رایەت:رعیة. زامەت: زحمة. مەخسەڵ: مصقل. عەجیو: عجیب. مەینەت: محنت. غەریو: غریب. کەواو: کباب. مڵەما: ملمع. حەوسەڵە: حوصلة. موتاڵا: مطالعة. غەفڵەت: غفلة. خەڵتان: غلطان. فام: فهم. فەنا: فناء. حەساو: حساب. ماشەڵڵا: ماشاءالله. خەڵوەت: خلوت. لوو لوو: لوء لوء. مامەڵە: معاملە. یانیٚ: یعنی. هەروەها (یانێهای) بەکارهێناوە. تام: طعم. شووم: شؤم.) ئەمە ئەو گەشتە خێرایە بوو بەناو شیعرەکانی مەولەویدا بەمەبەستی دەرخستنی توانا و دەسەڵاتی شاعیر بەسەر زماندا و گۆی هونەربردنەوە لەم مەیدانەدا. شایانی باسە کە من لێرەدا خۆم نەداوە لە قەرەی شاکارەکانی دیکەی وەکو (الفضیلة). (الفوائح). (العقیدة المرضیة) کە لەمانیشدا جگە لە هەموو جوانکارییەکی شیعری، دەسەڵاتی خۆیشی بەسەر زماندا نیشان داوە.

پەراوێزەکان

* محەمەد کوردۆ- گەڕانەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان - گۆڤاری (ئێستا) ژمارە -١٢-ل ٤٥-٥٥.

** هەمان سەرچاوە

# مەولەوی و ئاوڕدانەوە لە کەلەپوور

## ١

زۆر لە شاعیرە گەورەکان چ کۆن، چ نویّ لە بواری ئەزموونی شیعری خۆیاندا هەوڵیان داوە کە بەشێوەیەکی هونەریی ئاوڕ لە کەلەپووری گەلەکەیان یا تەنانەت کەلەپوور و میتۆلۆژیای گەلانی دیش بدەنەوە. کە بەمەش توانیویانە خوێنەری خۆیان بەلای ئەوەدا بەرن کە لە ڕوانگەیەکی دییەوە شیعرەکانیان بخوێننەوە.، واتە خوێندنەوەیەکی دیش هەڵدەگرن، ئەمە جگە لەوەش کە نیشانەی ئەوەشی پێوەیە توانیویانە نەمامی هونەرێکی دی لە کەناری سەراوی شیعرییاندا بڕوێنن. چونکە ئاوڕدانەوە لە کەلەپوور و میتۆلۆژیا و داڕشتنەوەیان بەهەناسەی شیعری و دەرهێنانیان لە قاڵبی وشك و برینگی خۆیان و جێگیرکردنیان لە ناو زمان و خەیاڵی شیعردا هونەرێکی گەورەیە.

مەولەوی لە پاڵ هەموو سەلیقە و هونەرە شیعرییەکانی تریدا بەشێوەیەکی جوان و شیاو ئاوڕی لەم مەسەلەیە داوەتەوە، کە دەتوانین بڵێین هەر شتێکی کە لەم بارەوە دەستی بۆ بردبێت زۆر شاعیرانە مامەڵەی لە تەکدا کردووون و کاڵای هونەریی بەباڵا بڕیون. واتە وەهای لیّ کردوون

بۆن و بەرامەی شیعری پێ داون و کردوونی بەشیعر- شیعراندوونی-.

لێرەوە با بچینە سەر کۆمەڵێ نموونە:

**١- هەناری پیشاو:**

لە کوردەواریدا باو بووە کەسێ دووچاری هەڵامەت بووبێ، هەناری لەناو ئاگردا پیشاندووە و پاشان کونێکی تێ کردووە، بەو کونەوە و هالاوی هەنارە پیشاوەکەی هەڵمژیوە و پێی چاک بۆتەوە.

مەولەوی خۆشەویستێکی تووشی ئەم نەخۆشییە دەبێت، بەپێی ئەو وەسپەی لە شیعرەکەدا کردوویەتی دەردەکەوێت کە دۆستەکەی ئافرەت بووبێ. دوور نییە (لەیلا)ی خوشکی ئەحمەد پریسیش نەبووبێت کە لە شیعری تریدا دیارە ماوەیەك حەزی لێ کردووە و نیازی هەبووە بیخوازێ. شیعرەکە بەم شێوەیە:

شنەفتم دووربا لەیل زوکامشەن
دیشواری باڵای نەو نەمامشەن
هەنارەکەی دڵ پڕ جەدانەی ئێش
پیشییای کوورەی ناری عەشقی وێش
بەمەودای موژگان سۆراخش کەرۆ
وەگەرمیی نیشان دەماخش دەرۆ. ل٣٢٢

واتە: دوور بێ لێی بیستوومە (لەیل) هەڵامەتیەتی و بەوەش باڵا نەونەمامەکەی دووچاری ناڕەحەتیی بووە. جا بۆ ئەوەی چاك بێتەوە، هەنارەکەی دڵم کە پڕە لە دەنکی ئێش و ئازار، لە ناو کوورەی ئاگری ئەڤینی خۆیدا بیپیشێنێ و پاشان بەنووکی برژانگی خۆی کونی بکات و هالاوەکەی بەلووت هەڵمژێ چاك دەبێتەوە.

**٢- هەتیتە:**

لە هەوراماندا بەو دوو پارچە تەختەیە دەڵێن کە لە دوو لاوە دیدەن لە تۆپی شاڵ و توند دەیجەڕێنن بۆ ئەوەی شاڵەکە باش دەق بگرێ. بۆ ئەمە دەڵێ:

هەرچی بوینوون شێوەی تۆ پێشەن

دڵ وە (هەتیتە)ی حەسرەتدا کێشەن ل٢٣٥

واتە: هەرچی ببینم شێوەی تۆ بنوێنێ، بەهەتیتەی داخ و حەسرەت دەکێشێ (هەتیتەی حەسرەت تەرکیبێکی جوانە).

**٣- لەتەرە:**

لە هەوراماندا بە(تەشی) دەگوترێت، ئامرازێکی کۆنە بۆ ڕستنی خوری و لۆکە، ئەم وشەی وا بەکار هێناوە. دەڵێ:

سەر (لەتەرە)ی خەم خول ئاوەردەوە

تای کرژی مەینەت دووباد کەردەوە. ل٢٩٤

واتە: سەرە تەشی خەم و مەینەت کەوتەوە خول خواردن و جارێکی تر تاڵی ئاڵۆسکاوی مەینەتی بادایەوە. (سەر لەتەرەی خەم و تای کرژی مەینەت دوو تەرکیبی شاعیرانەن).

**٤- قەڵماسك:**

بەگۆچەقانی یا بەردەقانی یا کەهنیك دەگوترێ. ئامرازێکی کۆنە بەردی پێ تەقێنراوە هەم بۆ شەڕ و شۆڕ و، هەم بۆ پاسی دەغڵ و دان بەکار هێنراوە. بۆ ئەم وشە دەڵێ:

نەژنەفتی چەنەم سەد جار دادم کەرد

ئیسە های گەردش گەردوونی چەپگەرد

وەتـای (قـەڵـمـاسك) تـنـیـای سەردیـی مـەیل

ئەو هۆردا پەی حەی، تۆ پەی کۆی دوجەیل. ل٢٢٥

شیـعرەکـە بـەبـۆنـەی ڕۆیشتنـی (ئـەحـمـەد بـەگـی بـرای مـحـەمـەد پـاشـای جـاف)ەوە وتراوە کە چووە بۆ مـەریوان بۆ هـاوینـەخـۆریی. مـەولـەوییش بـەمـە دڵتەنگ دەبێ و لە شیعرەکەدا قسە لەگەڵ دڵی خۆیدا دەکات. واتە: سەد جار داد و هـاوارم کرد هیچت لێ نـەبیستم، تـا وای لێ هـات ئێستە سوورانـەوەی گـەردوونی چەپگـەرد هـەردووکتـانی (دڵ و ئـەحـمـەد بـەگ)ی کرد بـەبـەرد و خستنیـە نـاو بـەردەقـانییـەك کـە بـەمـەیل ساردیـی چنراوە، ئـەو (ئـەحمـەد بـەگ)ی هـەڵدا بۆ نـاو خێڵـەکەی لـەیل (حـەی) و تـۆیشی (دڵ)ی هـەڵدا بۆ دوجـەیلی شوێنـەکـەی مـەجنوون.

**٥- میل**:

بـەو دارە دەگـوتـرا کـە لـە کـۆنـدا لـەسـەر ڕێگـاوبـان دایـان دەچـەقـانـد بـەمـەبـەستی ئـەوەی ڕێبوار ڕێگای لێ تێك نـەچێ، ئـەم وشـەی بـەم شێوە بـەکـار هێنـاوە. دەڵێ:

(مـەعدووم) ئەر زەڕەی شێوەی فـامـاتـەن
بــەفــام قــەریــنــەی لــوات ئــامــاتــەن
ئــەی ڕا، ڕای خــەتــەر ڕاویــیــارانــەن
سفـیـدیش غـوبـار کـەلـلـەی یـارانـەن
بورکـەش چـای دیدەی پڕ هووناوی دڵ
(مـیـل) بـالآی بـێگـیـان وامـەندەی خـجڵ. ل٣٢٦

واتـە: (مـەعـدووم-مـەولـەوی) ئـەگـەر ئـەوەنـدەی تـۆزێ نـیشـانـەی تێگـەیشتنت پێوە بێ، ئـەبێ بـەعـەقڵ ئـەوە بزانی کـە هـاتنـە دنیـات نیشـانـەی مردنتە. ئـەم ڕێگای ژیـانـە ڕێگایـەکی مـەترسیدارە بۆ مرۆڤ و هـەر ئـەو

ڕێگای ژیانەیە کە گەرد و تۆزی سپی لێ نیشتووە، گەرد و تۆزی کەللە سەری خەڵکە، چاڵاوەکانی رووی زەویش چاڵی چاوی مردووەکانە کە پڕن لە خوێناوی دڵیان، ئەو میلانەش کە لەسەر ڕێگاکەدا چەقێنراون هەموویان باڵای بێ گیانی خەڵکن.

هەر ئەم وشەی لە شیعرێکی دیدا بەکار هێناوە، ئەو شیعرەی کە بەبای نەسیمدا دەینێرێ بۆ شێخی بەهائەددین و کات زستانێکی سەختی هەورامانە.

نەسیم پەنجەی پات ئەرسە دیی کێشان
بدارەش نەتۆی دڵ دەروون ڕێشان
شۆن هەن نەی سەروەخت سازان پەی دەلیل
جەهەر سەر بەرزێ هەرسی دیدەم میل. ل٥٣٩

واتە: ئەی نەسیم ئەگەر لەبەر بەفر و بەستەڵەك پەنجەی پێت سەرمای بوو، ئەوا بیخەرە ناو دڵی هەناو بریندارانەوە بۆ ئەوەی گەرم بێتەوە و بتوانێت ڕێگا ببڕێت، ئەگەر لەوەش دەترسی کە رێگات لێ تێك بچێ، ئەوا مەترسە، چونکە ڕێگاکەم دیاری کردووە، لە هەموو بەرزاییەکاندا فرمێسکی چاوم کردۆتە میل (مەبەستی ئەوەیە هێندە دڵۆپە فرمێسکی لەسەر یەك رژاندووە و بەستوویەتی بۆتە چلوورە و شێوەی دار (میل)ی وەرگرتووە).

٦- **دەوار**: رەشماڵ، تاوڵ، چادر، ماڵی کۆچەرییان.

٧- **چیخ**: پەردەیەکە لە قامیش دروست دەکرێ و بەبەر رەشماڵدا دەدرێ، ئەمە لە ژیانی کۆچەریدا، لە ژیانی نیشتەجێبوونیشدا هەر بەکار هێنراوە، لە شەوانی هاویندا لە سەربان هەڵیان خستووە بۆ جێگەی خەوتن. ئەم جووتە وشەی بەم شێوە بەکار هێناوە، دەڵێ:

سەنگی باری هۆش، پێش باری فامت

(دەوار)ی شادی، (چـیـخ)ی ئـارامت

لوان چەنی کۆچ خاڵۆکەی هام فەرد

ئـیستـە بـار و ستـەن نـەهـەوارگەی دەرد. ل٥٤١

ئەم شیعرە بۆ کۆچی دواییی ئەحمەد بەگی کۆماسی نووسراوە، لەم دوو بـەیـتـەدا مـەولـەوی بـەخـۆی دەڵـێ: بـاری قـورس و گرانی هـۆش و بـاری سووکی عەقڵ و فامت لەگەڵ دەواری شادی و چیخی ئارامتدا هەموویان لەگەڵ کۆچی خاڵۆی کۆماسی شاعیردا رۆیشتن، ئێستە بنە و بارگەیان لە هەوارگەی دەرد و مەینەتدا خستووە.

٨- **سیاماڵ**: رەشماڵ، ماڵی کۆچەرییانە و لە مووی بزن دروست کراوە، ئێستەش لە کوردەواریدا هەندێ پاشماوەی هەر ماوە، مەولەوی چەند جارێك لە شیعرەکانیدا ئەم وشەی بەکار هێناوە.

لەم بەیتەدا دەڵێ:

کـزەی رەشەبـای هـەنـاسانـی سەرد

(سیاماڵ)ی عەیش تەختە تەختە کەرد. ل٤٢٠

واتە: کزەی رەشەبای هەناسە ساردەکانم رەشماڵی ژیانمی شڕ و وڕ کرد.

٩- **گەهوارە**: بێشکە

١٠- **دەسرازە**: ئەو پەتەی منداڵی پێ توند دەکەن لە بێشکەدا. ئەم دوو وشەی بەم شێوەیە بەکار هێناوە، دەڵێ:

نەی گەهوارەی دەور تای دەسرازە خەم

تاکەی سەر ئەنگوشت غەفڵەت نەتۆی دەم. ل٤٢٩

واتە: تـاکـەی لـەم بـێشکـەی زەمـانـەدا کە تـاڵی دەسرازەکـەی بـەخـەم و

خەفەت هۆنراوەتەوە، سەر پەنجەی بێ ئاگایی وەك منداڵی ساوا دەبەیت بەدەمتدا؟.

١١- **سووزن**: سووژن ، دەرزییەکی گەورە و درێژە جەواڵی پێ دەدروون.

١٢- **قەڵەم**: بزمارێکی تیژە لە ئاسن دروست دەکرێ و کلکی سووژنی پێ کون دەکەن.

١٣- **جەواڵ**: لە موو دروست دەکرێ و باری تێدا هەڵدەگرن.

١٤- **قەیاسە**: بریتییە لەو قایشەی بەژێر سکی وڵاخدا دەیهێننەوە بۆ محکەمکردنی کۆپانەکەی.

١٥- **چەڵەمە**: ئەو ئەڵقە ئاسنەیە کە بەسەری قایشەکەوەیە وەك بەرەزوانە بۆ توندکردنی قەیاسەکە. شاعیر ئەم وشانەی لەم سێ بەیتە شیعرەدا دارشتووە و دەڵێ:

ئەمجارە وە (سووزن) موژەی جۆش وەردەم
سەرنووکی (قەڵەم) ئاخ سۆراخ کەردەم
وەبەندی دووباد مەینەتی جگەر
بورازە تاتای (جەواڵ) ان یەکسەر
(قەیاسە)ی قایش پۆسەکەی جەستەم
حەڵقەی (چەڵەمە) پێشەی شکەستەم ل٥٠١

واتە: بەسووژنی جۆش خواردووی بژرانگیشم کە بەنووکی قەڵەمی ئاخ و داخ کون کراوە و بەنی دوو لۆی مەینەت کە بەنی جەرگمە جەواڵەکان یەکە یەکە بدوورەوە، ئینجا پێستی لەشم بکە بەقایشی قەیاسەکە و ئێسقانی شکاویشم وەك ئەڵقە داتاشە و بیکە بەچەڵەمە بۆ توندکردنی قەیاسەکە.

١٦- **تانتە**: تان، ڕاهێڵی تەون، ئەو بەنەیە کە بۆ فەرش چنین بەکار دێ.

ئەم وشەیەی وا بەکار هێناوە ، دەڵێ:

دیسان دەستی چەرخ هەم هانەکاردا
تای تانتەی دووریش وستەن وەداردا. ل٢٥٣

واتە: دیسانەوە دەستی زەمانە کەوتۆتەوە کار و تانی دوورکەوتنەوەی دۆستانی لە دار تەون بەستووە.

١٧- **بایەقوش**: لە ئەفسانەی کوردیدا وا دیاری کراوە کە ئەم باڵندەیە شوومە و لە هەر شوێنێکدا بخوێنێ ئەو شوێنە وێرانیی بەسەردا دێت. شاعیر لە تاکە بەیتێکدا ئاماژەی بەم ئەفسانەیە کردووە و دەڵێ:

قوولەی بایەقوش سوب وە هەردەوە
زامی کۆنە و نۆم تازە کەردەوە. ل٣٥٣

واتە: دەنگی ناسازی بایەقوش بەیانیان بەو دەر و دەشتەوە زامی کۆن و نوێی تازە کردمەوە، مەبەستی ئەوەیە کە لە سای ئەو دەنگەوە ئەوسا و ئێستەش هەر وێرانی دەبینم.

١٨- **ئەسکەنجەبین**: شەربەتێك بووە جاران دروستیان کردووە بۆ چارەسەری نەخۆشی سەفرا تامەکەی ترش و شیرین بووە. شاعیر ئەم وشەیەی بەم شێوەیە بەکار هێناوە.

قاسید شۆ وەلای ئەو نەونەمائە
چون یارای پێش دەر ئەی جەواونامە
جەو ئەسکەنجەبین دەست سروشتەکەت
یانی نامەکەی زیباو زوشتەکەت
بەبادەکەی وێت جام جام وەردەوە
تاڵی سەفرای دەرد دووریش بەردەوە. ل١٢-١٣

واتە: ئەی پەیك، چۆن هاتی هەر ئاواش برۆ بۆ لای ئەو باڵا نەونەمامە

و بەم شێوە وەڵامی نامەکەی بدە دەست، یانی نامەکەی کە پڕ بوو لە قسەی ترش و شیرین –وەك تامی ئەسکەنجەبین– (خۆش و ناخۆش) وەك شەرابەکەی خۆت جام جام خواردییەوە و تامی سەفرای دەردی دووریی نەهێشت.

١٩- **زەردوویی**: نەخۆشییەکە دووچاری مرۆڤ دەبێت، ڕەنگی پێستی زەرد دەکات، لە کوردەواریدا باو بووە کە نەخۆشەکە سەیری ماسی ناو ئاو بکات دەردەکەی لە کۆڵ دەبێتەوە، مەولەوی ئەم وشەیەی بەم شێوە هێناوەتەوە ناو شیعرەوە، دەڵێ:

وی کۆڵ وەی وەکۆڵ پەی زەردانی دەرد

مــاساو نــە سەراو ڕێزان هــەرزان کــەرد. ل١٦١

واتە: کۆڵە بی سەر چەمەکە گەڵای وەراندۆتە ناو ئاوەکە و سەر ئاو کەوتوون (گەڵای دار بی شێوەی وردە ماسی هەیە) ئەمەش بۆ ئەوانەی کە دووچاری دەردی زەردوویی بوون باشە.

٢٠- **کاڵا بەقەد باڵا**: لە کوردیدا بەمەبەستی شتێکی شایان بۆ کەسێك دەگوترێ کە ئەو کارەی پێ دراوە هەقی خۆیەتی و شایانیەتی. مەولەوی لە بارەی یەکێك لە ڕەفیقە سۆفیەکانییەوە دەڵێ:

بـڕیـا وە بـاڵای کـاڵای ڕەئـیسی

(رجال الغیب)ە ئەحمەد پریسی

واتە: ئەحمەد پریسی کاڵای پێشەوایەتی بەباڵا بڕا و بووە بەیەکێك لە پیاوانی غەیبزان.

یا دەڵێ:

وەشەن ئەو باڵا چون بەکاڵاوە

بازش ئەو کاڵا هەر بەو باڵاوە. ل١١١

واتە: باڵای ئەو تازیەبارانە زۆر جوانە بەو کاڵا ڕەشەی بەریانەوە. کەواتە لێیان گەڕێ با هەر ئەو کاڵایە لە بەریاندا بێ.

گوڵ بێ دڕك نابێ – گەنجینە بێ مار نابێ.

ئەم دوو ئیدیۆمەش لە کوردەواریدا زۆر بەکار دەهێنرێن و مەبەستێکی حیکەمییان تێدایە، مەولەوی بۆ مەرگی هاوڕێیەکی شیعرێکی بەرزی نووسیوە، کە لەم بارەوە تێیدا دەڵێ:

تۆ نەو گوڵی باغ مستەفەوی بی

گەنجی خەزانی مورتە زەوی بی

گوڵ عادەتشەن بێ خار نمەبۆ

گەنج ڕەویەشەن بێ مار نمەبۆ ل٩٨

واتە: تۆ گوڵی نوێی باخی پێغەمبەر بووی و گەنجی خەزێنەی حەزرەتی عەلی بووی، گوڵیش عادەتیەتی بێ دڕك نابێ و گەنجینەش بێ مار نابێ.

(شایانی باسە هاوڕێکەی شاعیر مار پێوەی داوە مردووە).

٢٢– لە کوردەوایدا باوە خۆڵەمێش دەپرژێنن بەسەربان‌دا بۆ ئەوەی گیای لێ نەڕوێ، یا لە ڕێگای نێوان کانی و گونددا بۆ هەمان مەبەست بەکاری دێنن. شاعیر ئەم کردارەی هێناوە و بەم شێوەیە دایڕشتووە. دەڵێ:

ئاخ، قووەی زەمیر دەروونم کەم بی

بوولەکەی سفتەم سەرەڕای خەم بی

واتە: ئاخ .. زەوی دەروونم هێزی کەم بوویەوە، چونکە لاشەی سووتاوم لە سەرەڕێی خەم و خەفەتدا ببووە خۆڵەمیش.

٢٣– لە کاتی چێشت لێناندا کاتێ مەنجەڵ هاتۆتە کوڵ خوێیان کردووە

بەسەردا بۆ ئەوەی کەف و کوڵی بنیشێتەوە. مەولەوی بەم شێوەیە سوودی لەم باوە وەرگرتووە، دەڵێ:

پەی دیگی دەروون جۆشی کوڵ و کەف

تــەسکـیـنــی نمەك کـزەی کــەف و دەف. ل٤٠

واتــە: بـۆ ئـارامـبـوونـەوە و دامـرکـانـدنـەوەی کـەف و کـوڵـی مـەنجەڵـی دەروونم، خوێی دەنگی دەف پێویستە.

٢٤- **شەماڵەی نوور**: گۆئەستێرە، پەپوولەیەکی گچکەیە کلکی فسفۆری تێدایە و شەو تیشك دەداتەوە.

٢٥- **زەنگ زڕان**: زەنگ لێدان، زایەڵەی زەنگ، ئەمە باوێکی کۆنی ناو کوردەوارییە کە لە ناو راندا زەنگڵە دەکەنە ملی بەران بۆ ئەوەی مار نزیکی رانەکە نەبێتەوە، یا ئەگەر مار لە پێشەوە هەبوو لە دەنگی زڕەی زەنـگـەکـە هـەڵـبـێ. شاعـیـر لـەسەر ئـەم دوو دەسـتـەواژەیـە ئـەم بـەیـتـە شیعرەی دارشتووە.

چـون شەمــاڵــەی نـوور گـڕ گـڕانمە

پــــەی پــــاسی مــــاران زەنگ زڕانمە. ل١٨٧

واتە: وەك گۆئەستێرە دەگەڕێم و دەدرەوشێمەوە، بۆ پاسی مارەکانیش زەنگ لێ دەدەم. یاخود، چرای ئەڤینم بەدەستەوەیە و لە دەورت دەگەڕێم، بەزڕەی دەنگیشم ماری ئەگریجەکانت لەسەر رووخسارت دوور دەخەمەوە. مەبەستی ئەوەیە من گڕی ئەڤین دایگیرساندووم و تیشك دەدەمەوە بەڵام تـۆ –ئـەی نـازەنین– ئـەگـریـجـەکـانت رووخساری داپـۆشیـویت و تـیشك ناداتەوە. لەبەرئەوە بەزەنگی ناڵەی دەروونم ئەو ماری ئەگریجانە دوور دەخەمەوە تا رووخساری پڕشنگدارت دەربکەوێ.

٢٦– لە بەیتێکدا دەڵێ:

مـوطـريب بـۆ وەداد دڵـگيـريمـەوە

پــيــرى هـــا ئـــامـــا وەپــيــريمـەوە ل١٠٧

واتـە: ئـەی سترانبێژ وەرە بـەدەم داد و هـاواری دڵگيريمـەوە، چونکە پيری هـاتووە بـەپيرمـەوە و بـەرەو مـەرگم دەبـات.

مـەولـەوی سۆزێتی ئـەم بـەيتە شيعرەی لـە بـەيتێکی فۆلکلۆری (لـەك)ی وەرگرتووە کە دەڵـێ:

پـيـری هـاتـيـيـە وە پيريمـەوە

وەی دڵـەی خـەمين دڵگيريمـەوە

خـانـای قوبـاديش بـەشێوەيەکی تر دايڕشتووە و دەڵـێ:

هـا پـيـری ئـامـا وە پيريمـەوە

ئيتر نيم وەتـەنگ زويريمـەوە.

٢٧- لـە بـەيتێکی ديکـەدا دەڵـێ:

يـانـــەدا بۆت تـۆز، گــەردی پـــاڵاکـــەت

پـەرێ سوورمـەی چـەم سفتـەی بـاڵاکـەت ل٨

واتـە: تۆزی کـەوشـەکـانت نـەدابـێ بۆ ملـەی چـاوی ئـەو کـەسـەی سووتـاوی عـەشقی بـاڵاتـە.

بـەيتێکی فۆلکلۆری هـەيە دەڵـێ:

ئـەگـەر ئـەمزانی لـە کوێ ئـەکـەی گـەشت

خۆڵـی ژێر پێکـەت چـاوم پـێ ئـەڕەشت

لای مـەولـەوی (تۆزی کـەوش) و لێرە (خۆڵـی ژێر پـێ) هـەر يـەکێکن و لـە هـەردووکيشيـانـدا خۆڵـەکە يـا تۆزەکە بۆ مـەبـەستی چـاو پـێ ڕشتنـە.

شاعیر لە بەیتێکی تردا دیسان (تۆزی کەوشی بۆ چاوڕشتن) بەکار هێناوە و دەڵێ:

نەپەی چەم سوورمەی گەردی پاڵاتەن
نـەپـەی گیـان قـوربـان بـەژن و بـاڵاتـەن

٢٨- لە بەیتێکدا دەڵێ:

خاست فەرمادان ئەربابەکەی خەم
سەکین نـەگـۆشەی بـاڵاخـانـەی چـەم. ل٢٠٣

واتە: قسەکەت راستە و چاکت فەرمووە ئەی خەمخۆری دڵداران، ئەی لە گۆشەی باڵەخانەی سەر چۆمدا دانیشتوو، یان ئەی لە گۆشەی چاوما جێگرتوو.

هەمان دەستەواژەی (باڵەخانەی چەم)ی لە بەیتێکی تردا داڕشتووە و دەڵێ:

بـاڵـەخـانـەی چـەم دیـوانـەکـەی تـۆ
بـــانــە نـــاو وەگـــڵ ئـــاسانـــەکـــەی تـــۆ ل. ٥٣٩

واتـە: بـاڵـەخـانـەی سەر چـۆمـەکـە کـە دیـوەخـانـی تـۆیـە و بـەخـاکـی بـەردەرگـانـەکـەی تـۆ سواغ دراوە، یـاخـود بـاڵـەخـانـەی چـاوی شێت و دێوانەکەت کە بەخاکی بەردەرگانەی تۆ ڕێژراوە..

لەم دوو بەیتەدا مەبەستمان لە تەرکیبی (باڵەخانەی چەم)ە کە لە دوو بەیتە شیعری فۆلکلۆری وەرگیراون.

بەیتی یەکەم:

بـاڵـەخـانـەی چـەم دڵ دیـوانـەی تـۆم
ئەگەر تۆ شەمعی من پەروانەی تۆم

بەیتی دووەم:

بـاڵـەخـانـەی چەم چەترێ لـە بـانـی
ئـازیـەت بـاری تـۆم نـاشێ نـەزانـی

بـەڵام ئـەوەنده هـەیـە مـەولـەوی کـە سوودی لـە فۆلکلـۆرەکە وەرگرتـووە هونـەری خـۆیشی بـەسـەر دانواندووە هونـەرەکـەشی لـە وشـەی (چەم)دایە کە هـەم بـەواتـای (چـۆم) و هـەم بـەواتـای (چـاو) جێگەی کردۆتـەوە.

٢٩- لە بـەیتێکی تردا دەڵێ:

گـۆشەی سیـامـاڵ هـۆرداو دیـاوە
چون مـانگ نـەگۆشەی هـەوری سیاوە ل٣٦٩

واتـە: گۆشەی ڕەشمـاڵەکەی هـەڵدایەوە و سـەیرێکی کرد، دیمـەنەکـەی لـە مـانگ دەچوو کە لە گۆشەی هـەوری رەشەوە دەرکـەوێ.

بـەیتێکی فۆلکلۆری هـەیە دەڵێ:

لـــە دەرمـــاڵـــەکـــەی وێسا وەپـــاوە
چون مـانگ وەگۆشەی هـەوری سیاوە

بەڵام مـەولـەوی بـەوە نـەوەستـاوە کە بـەیتە فۆلکلۆرییەکە وەربگرێ و بـەس بـەڵکو بـەیتێکی تری بـەدوادا وتووە کە دەبینین هونـەرێکی جوانی پێ داوە، دەڵێ:

بە خومدا قەسەم پاسەم ئومێدەن
(حور مقصورات في الخيام) ئێدەن

واتـە: قـەسەم بـەخوا هیوام وایە خوا ئـەمـەی مـەبـەست بووبێ کە لە تـاریفی هـۆرییـەکـانی بـەهـەشتدا فـەرمـوویـەتی (حور مقصورات في الخيام): بـەهـەشتییـەکان چەند حۆرییەکیـان هـەیە، هـەمیشە لە نـاو رەشمـاڵدان و لێی دەرنـاچن.

## ٢

مەولەوی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زۆر دڵبەندی مۆسیقا و ئاوازی کوردی بووە، بۆیە دەکرێ باسی مەولەوی و مۆسیقا بەچڕوپڕی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. ئێمە لێرەدا خۆمان لەو باسە دەبوێرین چونکە دەمێکە هاوڕێی شاعیرم کاک رەحیمی لوقمانی پێوەی خەریکە و وتارێکیشی لەسەر بڵاو کردۆتەوە. ئێمە وەك وتارەکەمان لەسەر فۆلکلۆرە لای مەولەوی هەوڵ دەدەین دەچینە سەر ئەو ئاوازە رەسەنانەی کورد کە مەولەوی لە شیعرەکانیدا بەسەری کردوونەتەوە وەك کەلەپوور.

١- **دیلان**: مەقامێکی کۆنی کوردییە لە کاتی بووك بردندا دەگوترێ.

تەنخوای نەی بەزم خەم وەیلانەوە

هۆردەر ئەی چەند فەرد وە(دیلان)ەوە ل٢٧٦

واتە: کاکەی ئاهەنگگێڕ لەجیاتی شمشاڵ لێدان بۆ ئەم ئاهەنگی بووك سوارکردنە، دەست بکە بەلاواندنەوەی خەم و لەسەر شێوە ئاوازی (دیلان) ئەم چەند شیعرەی خوارەوەم بۆ بڵێ. (دیلان ئاهەنگی خۆشی بەڕێکردنە، بەڵام شاعیر بەگۆرانیبێژ دەڵێ: لەباتی خۆشی دەربڕین بەهەمان ئاوازی دیلان ئەم چەند شیعرە خەماوییە بڵێ).

٢- **لاو هەی لاو**: گۆرانییەکی کۆنە و لەسەر ئاوازەکەی هەڵپەڕیون، واتە بەزمی هەڵپەڕکێیە.

سەدای (لاو هەی لاو)، زڕەی زەڕ زنجیر

سڵسڵەو بانی سەر، بەندزرێ و لاگیر ل٤١١

واتە: دەنگی (لاو هەی لاو) تێکەڵ بووبوو بەدەنگی زرنگە زرنگی ئەم خشڵانە (زەڕ زنجیر: زنجیری ئاڵتوون)، (سڵسڵە)، (بانی سەر)، (بەندزرێ)، (لاگیرە).

٣- **دڵسۆز**: ئاوازێکی کۆنی کوردییە. لە بنەڕەتدا بەزمی دەروێشانەیە و بەشێوەیەکی غەمگین دەگوترێ.

بـوڵـەنـد کـەر مـەقـام (دڵسۆز) وەڕاسی

تەنزیلەش فەرد گەل خاڵۆی کۆماسی. ل٤٢٨

واتە: لەسەر دەزگای مۆسیقای راست بەدەنگی بەرز مەقامی دڵسۆز بچڕە و بەیتی گۆرانییەکەش با ئەم شیعرانەی خاڵۆی کۆماسی بێت...

٤- **شاناز**، **حیجاز**: دوو ئاوازی کۆنن و لە ناو فارسیشدا هەن.

مـوتریب بەو نەغمەی (شاناز)یتەوە

یا بەو پەردەی پاك (حیجاز)یتەوە. ل٤٦٠

پەردە: دەنگ و ئاوازی مۆسیقا، لە دیوانەکەدا مانای لێك نەدراوەتەوە.

٥- **سەحەریی**: مەقامێکی کۆنە و بەتایبەتی بەشمشاڵ لێ دەدرێ.

مەعدوومی، غەفڵەت تاچەندوپەی چی

گوش دەروە ناڵەی (سەحەریی) نەیچی. ل٤٧٥

واتە: مەولەوی تا کەی لە خەوی بێ ئاگایی هەڵناسی، هەڵسە و گوێ لە شمشاڵژەن بگرە کە ئاوازی سەحەریت بۆ لێ دەدا.

٦- **لایە لایە**: ئاوازێکی کۆنە دایك بۆ خەواندنی منداڵ دەیڵێ.

بازیت پێ وەردەن هەر یەك وەلایێ

سەدای دایـــەنــــان وەلایـــەلایـــێ. ل٤٢٩

واتـە: ئـاوازی لایـە لایـەی دایـەنـەکـان هـەریـەکـە و لـەلایـەکەوە هـەڵت دەخەڵەتێنێ.

٧- بەستە: ئاوازێکی کۆنە و دوای مەقام دەگوترێ.

یـەنـدنـەتـۆی زەلـکـاو دەواتـی پڕ وەی
مدران مونتەظیر وەڵگ ئاوەردەن نەی
نــەی مــدۆ سەدای دڵان پــێ خــەستــە
وەڵگ مـــارۆشەوە بـــەستـــە وە بـــەستـــە. ل٤٥٦

واتـە: پـەڕەمـووچـەکـەم ئـەوەنـدە لـە نـاو زەلـکـاوی مرەکـەبـی مـەینـەتـا ماوەتەوە و چاوەڕوانی کردووە ئێستە گەڵای لێ دەرهاتووە. پەڕەمووچەکە ئاوازێکی لێوە دێت سەد دڵ لە تاوی نەخۆش دەکەوێت و گەڵاکەشی بەستە بەبەستە ئاوازەکەی بۆ دەسەنێتەوە.

٨- **مەقام**: ئەمیش ئاوازێکی کۆنە و لە ناو عەرەب و تورکیشدا هەیە.

بــەڵ نــاکــا نــەیــچــی بــەیــۆ جــەلاوە
وە مــەقــامــەکــەی قــەقــنــەس ئــاساوە
بـەزمـێمـان جـەم بـۆ چـون هـەردەجـاران
بـــنـــۆشین جـــامـــێ وەیـــادی یـــاران. ل١٠

واتە: بەڵکو لەناکاو شمشاڵژەن لەلاوە بێت و بەمەقامە خۆشەکەی کە لە دەنگی قەقنەس دەچێ، بێت و پێکەوە بەزمێ بگێڕین وەکو جاران و جامێ شەرابیش بەیادی دۆستانەوە نۆش بکەین.

یا دەڵێ:

هــای نــایــی نــایــێ، مــوتــریب مــەقــامــێ
مــوغــەنــنــی تــەرزێ، ساقــیــا خــامــێ. ل٢٢٣

واتە: ئەی نەیژەن نەیەك لێ بدە، گۆرانیبێژ مەقامێك بچڕە، ئاوازدانەر شێوە ئاوازێك دانێ، ساقی تۆش جامێکمان بدەیە.

٩- **نەوا**: ئاواز، هەروەها ناوی یەکێك لە ئاوازە کۆنەکانی مۆسیقایە.



حەکیم مەلا ساڵح (٤)

مەولەوی گەلێ جار ئەم وشەیەی بەکار هێناوە ئێمە تەنیا هەر ئەم نموونەی لێ دێنینەوە.

هـــــامڕاز ئاخ و داخ، نـــاڵە نــــەوای نــەی

دڵ کەباب، چەم جام، خەم ساقی، هوون مەی. ل١٤٠

واتە: ئاخ و داخ هاودەنگیەتی، هاوار و ناڵە ئاوازی شمشاڵیەتی، دڵی کەبابیەتی، چاوی پیاڵەی شەرابیەتی، خەم ساقییەتی، شەرابەکەشی خوێنی دڵیەتی.

١٠- **کۆتەڵ**: لە هەندێ ناوچەی کوردستاندا کە پیاوماقووڵێك ئەمرێ، بەدرێژاییی رۆژانی پرسە جلەکانی ئەکەن لە ماین یان ئەسپێك یا ئەیکەنە بەری قەوارەیەکی دار و سواری ماین یا ئەسپەکەی ئەکەن، هەروەها تفەنگ و فیشەك لۆخەکەیشی بەکەلپۆزیدا، ماینەکە یا ئەسپەکە ئەگێڕن بەناو پرسەکەرانداو- بەئاوازێکی تایبەت ئەیلاوێننەوە. (ئەو لاواندنەوە پێی ئەڵێن چەمەرانە بەڵام وەستای تایبەتی خۆی هەیە چەمەرانەبێژ)

پەنهان سیمای سیمین وارەکەت

شێوەی (کۆتەڵەن) یادگارەکەت. ل٨٠

واتە: ئێستە سیما زیوینەکەت شاراوەتەوە و تەنیا کۆتەڵ بەیادگار ماوە لە شوێنتا.

١١- **چەمەری**: جۆرێ شیوەنە بەبەیتە شیعر و ئاوازی تایبەتییەوە دەکرێت و دەهۆڵیشی وەك ئامرازێکی کۆنی مۆسیقایی لەگەڵدا بەکار دەهێنن. (لێرە لەم شیعرەدا ئیشارەتی بەچەمەرانە داوە)

جە ئامای نامەت (چەمەری)م بەرزبی

شادیم شێویـــا، شیـنم سەد تـــەرزبـی. ل٢٨٤

واتە: کە نامەکەت هات زایەڵەی چەمەریم بەرز بوویەوە و شادیم شێوا بەسەد جۆر دەمناڵاند.

١٢- **هۆرە**: جۆرە ئاوازێکی ڕەسەنی کوردییە و تایبەتی شێوەزارەکانی باشووری کوردستانە، ئەم ئاوازە لە ڕۆژگارێکدا لقێکی لێ جیا بۆتەوە بەناوی (هۆرەی جافی) کە لەگەڵ ئاوازە ئەسڵییەکەدا هەندێ جیاوازە. وشەی (هۆرە) لە دیوانی مەولەویدا نییە. بەڵام بەشێوەی (هەی) بەکاری هێناوە. ئەمەش لەوەوەیە کە هۆرە بە(هەی) یا (هۆ) دەست پێ دەکات. دەڵێ:

پێم دەرتا پەی پەی پێوە (هەی) کەروون

رای سەختی سارای مەحشەر تەی کەروون. ل٤٦٠

واتە: مەیم بدەرێ تا لە پەسا بەدەم خواردنەوەوە دەست بکەم بەهۆرەکردن و ڕێگای سەختی دەشتی مەحشەر ببڕم.

تێبینی:

بەشی یەکەمی ئەم وتارە لە گۆڤاری نووسەری نوێ ژ(٢٠)دا بڵاو بۆتەوە.

# مەولەوی و پیاچوونەوەیەکی وتارەکەی محەمەدی مەلاکەریم

ساڵی پار لە شاری سلێمانی میهرەجانێك بۆ شاعیری گەورە مەولەوی تاوگۆزی ساز کرا. پاشان وتارەکان کۆ کراونەتەوە و لە کتێبێکی (٣٢٦) لاپەڕەییدا چاپ کراون. هەندێ لە وتارەکان سەرنج و ڕەخنە هەڵدەگرن و لە هەموویان زیاتر بەداخەوە وتارەکەی بەڕێز کاك محەمەدی مەلا کەریمە بەناوی (مەولەوی – ژیان و بەرهەمی) محەمەد لەبەرئەوەی کە بنووسێکی گەورەیە و لە جوگرافیای ئەدەبی کوردیدا مەڵبەندێکی تاپۆ کردووە، حیسابی تایبەتی بۆ قسە و بڕیاری دەکەین، هەڵەی لە دەست دەرچووی ئەو زیاتر جێگەی سەرنجدان و قسە لەسەر کردنە. بەتایبەتی لەم وتارەیدا، ئەمەش لەبەرئەوەی کە تەمەنێکە لەگەڵ شیعرەکانی مەولەویدا دەژی و هەروەها وتارەکەشی هەر وەکو خۆی دیاری کردووە لە گۆڤاری (ئیسلامی کوردان) کراوەتە ئینگلیزی و بڵاو کراوەتەوە و دەقە کوردییەکەشی لە گۆڤاری (ئەنتۆلۆگیا) کە لە سوید دەردەچێ چاپ بووە. ئەمە زیاتر هانی دام کە سەرنجەکانمی لەسەر دیاری بکەم و هیوادارم کاکە حەمە بەقسەی بەرز و نزم لێم وەرنەگرێت. چونکە لە ڕاستیدا منیش دە ساڵێك زیاترە بەمەولەوییەوە خەریکم و بەرهەمیشم هەم وەك کتێب و

هەم وەك وتار لەسەر چاپ كردووە و هی تریشم بەدەستەوەیە و یەكێكیشم لەو كەسانەی كە زۆر بەدڵگەرمییەوە كار بۆ ئەوە دەكەم كە مەولەوییەكی ساق و پاق بخەینە كتێبخانەی كوردییەوە.

وتارەكەی كاك محەمەد هەتا بڵێی چڕوپڕە و پەراوێزبەندیی چاكیشی كردووە، بەڵام بەداخەوە چەند شەبەقێكی تێدایە كە پێویستە ڕاست بكرێتەوە و ئەگەر ئەم ڕاستكردنەوانەی لەگەڵدا بێت ئەوا باشترین ژیاننامەی مەولەوییە و تاسەی خوێنەر و هەوادارانی ئەم شاعیرە كەڵە دەشكێنن.

**سەرنجەكان.**

١– كاك محەمەد نووسیویە (عەقیدە مەرزیە – **العقیدة المرضیة** – ئەم كتێبە بەزمانی كوردی و دیالێكتی كرمانجی خواروو، شێوەی تایبەتی ئاخاوتنی خەڵكی ناوچەی تاوەگۆزییە). ئەمە جگە لەوەی (تاوگۆزی) راستە تا (تاوەگۆزی) چونكە وشەكە پێكهاتووە لە ناوی دوو درەختی (تاوگ+گوێز) و هەموو جاف و خەڵكی ناوچەكە هەر بەشێوەی (تاوگۆزی) بەكاری دێنن. ئەوەش راست نییە كە نووسراوە (شێوەی تایبەتی ئاخاوتنی) چونكە تاوگۆزییەكان عەشیرەتێكن لە هۆزی گەورەی جاف و بەشێوەی جافی دەدوێن، نەك شێوە ئاخاوتنی تایبەت بەخۆیان هەبێت، بۆیە ڕاست وابوو بنووسرایە (شێوەی ئاخاوتنی تایبەتی جاف).

٢– نووسیویەتی: (لەمەوە بەدووری نازانم سەرەتای ناسیاوی پەیداكردنی مەولەوی لەگەڵ عەنبەر خاتوون بۆ ئەو ڕۆژانی بگەڕێتەوە كە دوا قۆناغی فەقێیەتی لە سلێمانی بەسەر بردووە و لەگەڵ ئەحمەد پاشای دوا میری بابان پێوەندی دۆستایەتییەكی پتەویان لە نێوان

بووە و لەگەڵ کوڕە یەکە یەکەکانی ئەو ئەوغانییانەی لە دەربارى بابانییەکان بوون ناسیاویی پەیدا کردبێ و لەم ڕێگەیەوە عەنبەر خاتوونیشی ناسیبێ).

ئەوەی ئیمە وەکو خەڵکی ناوچەکە بیزانین و لە گۆشەیەکی مێژووشدا بۆمان دەرکەوتبێ، تیرەیەك لە ئەفغانییەکان یا وەکو خەڵکی نەوروڵی پێیان دەڵێن (ئەوغانی) و کاکە حەمەش هەر وای نووسیوە، لە ئەنجامی شەڕێکدا بووە کە سەرۆك تیرەکەیان بەناوی (ئازاد خان) دەکوژرێ ئیتر تێك دەشکێن و سەری خۆیان هەڵدەگرن تا دوا هەواریان لە گوندی (چرۆسانە)ی نەوروڵی دەگیرسێتەوە و جێوار دەبن. ئیتر لە ناو کورددا دەتوێنەوە و دەبنە نەوروڵی، سەرپەرشتکاریان (ئەکرەم بەگی ئەفغانی) دەبێت کە دەبێتە یەکێك لە دوازدە سوارەی مەریوان. هەرچی مەولەویشە دوای ئەوەی کە خوێندن تەواو دەکات یەکەمین مەلایەتی لە گوندی (چرۆسانە)ی ناوبراو دەبێت و لەم سەروبەندەدا ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو بنەماڵەیەدا پەیدا دەکات و عەنبەر خاتوون دەخوازێ. پیرانی ناوچەکە دەیانگێڕایەوە کە ئەوان مەولەوییان ناو ناوە (مەولەی) بەواتای مەلا، چونکە تا ئێستەش ئەفغانییەکان لە بری (مەلا) وشەی (مەولەوی) بەکار دێنن. هەرچەندە لەم بارەیەوە ڕایەکی تر هەیە کە دەڵێن: گوایە غولام شا خانی ئەردەڵان کوڕێك لە زانایانی شاری سنە پێك دێنێ و لەو کوڕەدا بەهۆی پلەی بەرزی شاعیرێتی مەولەوییەوە بەرامبەر بە(مەولەوی فارس) واتا (مەولانا جەلالەدینی رومی) نازناوی (مەولەوی) بەم شاعیرەی خۆمان دەبەخشێ.

٣- نووسیویە: (کارەساتێکی ناخۆشی تریش لە ژیانی مەولەویدا سووتانی کتێبخانەکەیەتی کە لە ئەنجامی شەڕێکی ئیمامی و

تاوگۆزیدا پڕیشکی ئاگری شەڕ کەپرەکەی مەولەویشی گرتۆتەوە و ئاگر بەر بۆتە کتێبخانەکەی).

لەم بارەوە ئەوی ڕاستی بێت ئەوەیە کە ئەم شەڕەی کاك محەمەد باسی دەکات بیست ساڵێك دوای مەرگی مەولەوی ڕووی داوە. ئەوە تاکو پەنجاکانیش خەڵك مابوو کە مێژووی ئەم شەڕەیان گێڕاوەتەوە و ئێستەش تاوگۆزی و ئیمامیش لێیان ماوە کە قسەی پێش خۆیان دەگێڕنەوە و دەڵێن: شەڕەکە لە نێوان عەبدوڵڵای کوڕی مەولەوی و حەمەمینی حەمە خان بەگی ئیمامیدا بووە، ئەو هەرایەی کە کتێبخانەکەی مەولەوی تێدا سووتاوە هێرش و پەلاماری سوپای عوسمانییەکان بووە بۆ سەر ناوچەی جافنشین بەمەبەستی چەککردن و دەمەلاخاسکردنی محەمەد پاشای جاف و هێزەکەی – مەولەوی کە یەکێك لە دۆستە هەرە نزیکەکانی محەمەد پاشا و ئەو دەمەش ماڵی لە (چرۆسانە) بووە. کە شەڕەکە ڕوو دەدات و جافەکان لەبەر سوپای بێ شوماری عوسمانییەکاندا ناتوانن خۆیان بگرن ناچار هەڵدێن بەرەو ئەوبەری سیروان، مەولەویش ڕادەکات و لە گوندی (ولۆەر)ی ناوچەی شەمێران دەگیرسێتەوە. (عومەر پاشای سەردار) سەرلەشکری عوسمانییەکان دەبێت و بێ بەزەییانە دەکەوێتە گرتن و کوشتنی دۆستانی محەمەد پاشای جاف و سووتاندنی ئەو گوندانەی کە قەڵەمڕەوی محەمەد پاشا بوون. گوندی (چرۆسانە)ش لەو گوندانە بووە کە گەورەترین زیان تێیدا ڕووی داوە، ئەویش سووتانی کتێبخانەکەی مەولەوی بووە.

مەحموود بەگی ئامۆزای مەحموود پاشای جاف کە یەکێك بووە لە دۆستانی مەولەوی بەحەسرەتەوە باسی ئەو ڕووداوە دەکات و لە پارچە شیعرێکی (٣٠) بەیتیدا کە بەفارسی بۆ مەولەوی نووسیوە تا ڕادەیەك

بەوردی باسی ئەو ڕووداوە دەكات. شیعرەكە مامۆستا مەلاعەبدولكەریمی مودەڕیس لە لاپەڕەكانی (٣٨١–٣٨٤) بەرگی دووەمی یادی مەردانداا بڵاوی كردۆتەوە.

مەولەویش داخی سووتانی كتێبخانەكەی خۆی لە شیعری (خامەی سەراوێز)دا دەربڕیوە ـ بڕوانە دیوانی مەولەوی ل١٩٢. كە لە بەیازێكی لای ئێمەدا ڕوون بۆتەوە كە ئەو شیعرەی ناردووە بۆ (مەلا لوطف اللەی سنەیی) نازناو بە(صەرعی)، ئەمیش بەشیعرێ وەڵامی داوەتەوە كە لە (٢٩) بەیت پێكهاتووە و سەرەتاكەی بەم شێوە دەست پێ دەكات:

دڵم جەئۆف ئۆف زامەتان ئێشان
دەردم دەردێوەن دەواش ناپەیدان

ئەمەش دوا بەیتیەتی:

تەن دەر وەقەزا هیچ مەبەر دڵگیر
الحكم للە هەرچی بۆ تەقدیر

شایانی باسە لە هەردوو شیعرەكەی مەولەوی و صەرعیدا باسی تاوان و ستەمی ئەو لەشكركێشییەی عوسمانییەكان نەكراوە و نازانم بۆچی ئاماژەیان پێ نەكردووە؟ بەڵام لە شیعرە فارسییەكەی مەحموود بەگدا ئەم چەند بەیتەی تێدایە كە دەڵێ:

ز آشوب زمان و چرخ غدار
ز شومی (عمر پاشای سردار)
یزید ثانی ان سردار افخم
ولایت شد ز بیرادش پرا زغم
ا ذ لرا نموده اهل عزت
كه مولای من از او كرده هجرت

(چروستانه) بزد آتش به يك بار

كزيده جاى خود دامان كهسار

واتە: لەبەر ئاژاوەی زەمانە و چەرخی غەدار و لەبەر شوومیی عومەر پاشای سەردار، ئەو یەزیدی دووەمەی پایە بەرزە کە لەبەر بێ دادییەکەی خەم هەموو وڵاتی داگرت. هەموو ئەهلی عیزەتی زەلیل کرد و مەولای منیش (واتە مەولەوی) لە دەستی هەڵهات. گوندی (چرۆسانە)ی بەجارێکدا سووتاند و ئەویش داوێنی چیاکانی هەڵبژارد بۆ جێگای خۆی.

٤- کاك محەمەد لە دوا دێری وتارەکەیدا ساڵی مەرگی مەولەوی بە(١٨٨٢ یا ١٨٨٣) داناوە. بەڵام ساڵی (١٨٨٥ یا ١٨٨٦) راستە. چونکە مەولەوی لە ساڵی ١٣٠٠ی هیجرەتدا کۆچی دوایی کردووە، کە ئەمەش بەپێی ساڵی زاینی ناگاتە مێژووەکەی کاك محەمەد. ئەم مێژووی (١٣٠٠)ە هەردوو خوالێخۆشبوو (سەید طاهری هاشمی) و (دکتۆر محەمەد صدیقی موفتی زادە) و هەروەها مامۆستا مەلا عەبدولکەریمیش سەلماندوویانە. لە هەموویان باوەڕپێکراوتر لاواندنەوە فارسییەکەی مەلا حامیدی کاتبی شێخ سیراجەددینە کە بەحیسابی ئەبجەد وشەی (غش)ی بۆ مەرگی مەولەوی داناوە کە دەکاتە (١٣٠٠).

دەڵێ:

بهر تاريخ وفاتش انقدر كرديم فكر

كاسمان (غش) كرد بر مرگ جناب مولوى.

واتە: بۆ مێژووی وەفاتی ئەوەندە بیرمان کردەوە، کە ئاسمان بۆ مەرگی جەنابی مەولەوی بێ هۆش کەوت.

## مەولەوی شاعیری وێنەی جوان

ئەم شاعیرە گەورەیەمان هێندە لە باری شیعرەوە دەستبڵاو و دەوڵەمەندە، تا ئێستا جگە لە بووژانەوەی بەرهەمەکانی و دەیان وتار و کتێب و نامیلکەی لێکۆڵینەوە لەسەر شیعرەکانی و دوای سێ سیمینار بەباس و خواسی ڕەنگاوڕەنگەوە، هێشتا دەتوانین بەئاسانی بڵێین کە گەلێ هەنگاو ماوە بۆ گەیشتن بەدوا نهۆمی کۆشکی هونەری ئەم شاعیرە، چونکە بەڕاستی قوتابخانەیەکە و بۆ خۆی لە ناو ئەو جەنجاڵە شیعرییەی بەهەورامی گوتراوەی سەدەی پێشووتردا خاوەنی دەنگ و سەبکی تایبەتی خۆیەتی. لە ناو شاعیرانی هاوچەرخ و هاوشێوەزاری خۆیدا کە بریتین لە (مەهجووری، سەیدی دووەم، مەلای جەباری، خاڵۆی کۆماسی، شێخ یوسفی نۆسمە، مەحروم، داخی، صەرعی، فەخرو لعولەما (حەیران) شێخ عەزیزی جانەوەرە، کەیخوسرەو بەگی ئیمامی، عەبدوڵڵا بەگی شەرەف بەیانی، میرزا عەبدولقادری پاوەیی، شێخ عەبدولڕەحمانی جانەوەرە، میرزا یەعقوبی جاف، خەستەی خانەگایی، مەلا نیظام، حاجی مەحموودی یاروەیس، ئەحمەد پریسی (مەجذوب)، بولبول، مەلا ئەحمەدی نۆدشەیی، میرزا محەممەدی میراولی، یوسف بەگی شەرەف بەیانی، مەلا وەڵەوخان..) زۆر بەسانایی دەنگ و زەوق و سەلیقەی جیا دەکرێتەوە.

شیعری ئەو شاعیرانەی سەردەمی کە ناومان بردن دەکرێ تێکەڵ بکرێن و شیعری یەکێکیان بەشیعری یەکێکی تریان دابنرێ. یا دەتوانین لە هەر یەکێکیان پارچەیەك بێنین و بیکەین بەدیوانە شیعرێك و خوێنەر هەست بەیەك دەنگییان بکات و کەسیان بۆ جیا نەکرێتەوە. بەڵام لە هەموو بارێکەوە دەنگی شیعری مەولەوی لە هەموویان جیاوازترە و بۆ خۆی دنیایەکی تایبەتە و ئاوی بەجۆگەلەی ئەواندا ناڕوات. لەملایەوە کە ئەم شەپۆڵە شیعرە دەنگیان لەیەك دەچێت، لەولاوە لە قوتابخانە شیعرییەکەی بابانی سەرەتاییدا دەنگەکان ئێجگار لەیەك دوورن (نالی، سالم، کوردی، مەحوی، شێخ ڕەزا) شیعریان بەیەك ناخوات و هەریەکە و سەبکێکیان گرتۆتە بەر.

سەبارەت بەمەولەوی و بەچی دەنگی تایبەتی بۆ خۆی دروست کردووە؟ ئەوە لە وەڵامدا دەتوانین بڵێین کە ئەو شاعیرانەی هاوچەرخی – مەبەست هەورامی وێژەکانە – جگە لە کێش و سەروا تەنیا توانایان بەسەر یەك دوو هونەری شیعردا زاڵ بووە، خۆ ئەگەر تیاشیاندا بێت زیاتر فڕیبێ ئەوا کردوویەتی بەسییان، بەڵام مەولەوی بەجارێك هەموو هونەرەکانی کۆ کردۆتەوە و زۆر شارەزایانە ئاراستەی کردوون، بۆیە لە خوێندنەوەی دیوانەکەیدا ئەم هونەرانە دەکەونە دەست خوێنەر.

١– داڕشتنی هەموو بابەتەکانی بەلاغەی شیعری (موحەسینانی بەدیعی).

٢– تەرکیبسازی.

٣– پەنابردنە بەر مەی بەشێوەی سۆفییانە.

٤– ئاوڕدانەوە لە کەلەپوور و میتۆلۆژیا.

٥– گەمەی زمانەوانی.

٦– پەنابردنە بەر ساز و ئاواز ئەمیش بەشێوەی سۆفییانە.

٧- وێنەکێشان.

ئـەمـە جگـە لـەوەی کـە خـاوەنـی جیـهـانیـبیـنـیـیـە و خـەیـاڵێکی ئێجگـار ناسکیشی هـەیـە.

لـەم ڕووەوە واتـە لـەسەر ئـەم هـونـەرانـەی شیـعری مـەولـەوی، ئـەوا خوالێخۆشبوو شێخ ئەمینی نەقشبەندی لە کتێبی ( تەصەوف چییە)دا بابەتێکی باشی لەسەر مەولەوی و مەی و سۆفییەت نووسیوە و کاك ڕەحیمی لوقمانیش وتارێکی چاکی لـەسەر مـەولـەوی و مۆسیقا بڵاو کردۆتەوە.

ئـێمـەیش لـەسەر خـاڵـەکـانـی دی وتـارمـان هـەیـە، بـەهـیـوای ئـەوەی بەهەموویانەوە دەستمایەی ئەوە بن لە تروێکی هونەریی ئەم شاعیرە نزیك ببینەوە.

مەولەوی و وێنە بابەتێکی فراوان و بەپێز و لە پێشانگای دیوانەکەیدا پـتـر لـە (٦٠) وێنـەی جوان و ڕەنگینی پێشکەش کردووین، یـانـی زۆر هـونـەرمـەنـدانـە هـونـەری وێـنـەکـێـشـانـی کـردۆتـە دەسـتـەخـوشکـی جوانکارییەکانی تری شیعرەکانی و بەمەش هونەری نەهێشتۆتەوە لە ناو شیعرەکانیدا نەبێت.

وێنەکان بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بیانکەین بە سێ بەشەوە.

١- **وێنەی ڕیالیستی**: ئەم شێوە وێنەیە لە دیوانەکەیدا کەمترین پشکی بەر دەکەوێت، بۆ نموونە پەنجە لەسەر ئەم وێنانە دادەنێین.

**١**

دەخیل جەماعەت بێ ئیمامە تەن

ئـیـمـامـەت مـاتـەم وەبـێ قـامـەتـەن

گۆشەی تای هیندی مەندیلی بێگەرد
مایل کەر ئەولای سای گەردنی زەرد
قیام دەر وەبەژن ئەو قەد و قامەت
قـیـامـەت قـام دەر پـەریٚ (قـدقـامت). ل٩٦

(بەشێکە لەو شیعرەی کە بۆ لاواندنەوەی شێخ عەبدولسەمەد نووسراوە).

واتە: دەخیلە – بەشێخ عەبدولسەمەد بلێن – نوێژکەران ئیمامیان نییە: چونکە بەهۆی ئەوەی کەسێك نییە قامەت (قامت) بکات ئیمامەت مات و خەمبارە، کەواتە – ئەی شێخ – هەستە و خۆت ئاسایی مێزەرە سپییە بیٚ گەردەکەت بکەوە سەرت و کەمێك لاری کەوە با ڕیشووەکانی بەلای گەردنە جوانەکەتدا بێنە خوارەوە، بەو بەژن و بالاّ جوانەتەوە راوەستە و دەنگی (قد قامت الصلوة) قیامەتیٚ بەرپا بکە.

٢

سێرکەر تەماشای ئەو جەمین جامان
وەخصووص ئازیز شای نەونەمامان
وەختی ئاموشۆی ئاماو لواشەن
تەرزەکەی وەبەرز دەورەی سەما شەن
گرمەی نەقارە و لرفەی شەروالاّن
خشپەی پاموورەو زرنگەی خرخالاّن
چریکەی سوڕنا و پریکەی خەندە
پەشێویی زولْفان ڕیشەی دڵ کەندە
ئیشارەی وەناز، لەب خەندەی وەنەرم
نمانای خالاّن نە تۆی پەردەی شەرم

سەر چۆپی وەناز قۆڵ هۆردای دەسماڵ
بریقەی تیتە و لەرەی لیمۆی کاڵ. ل٣٩٢

(بەشێکە لەو شیعرەی کە بۆ زەماوەندی مەحموود پاشای جاف نووسراوە).

واتە: تێر تەماشای ئەو کیژە جوانانە بکە کە سیمایان وەك ئاوێنە دەدرەوشێتەوە، بەتایبەتی خۆشەویستەکەی خۆت کە سەرتۆپی هەموو نازارەکانە. ئەو نازارەی کە ئێستە دێت و دەچێ و بەو شێوە جوانەی خۆی هەڵدەپەڕێ. ئاوازی نەقارە و دەنگی خشەی شەرواڵەکان (تێکەڵ بوون لەگەڵ) دەنگی خشپەی پاموورە و زرنگەی خرخاڵەکاندا، زوڕنا چریکەی بەرداوەتەوە و دەنگی پریکەی خەندە و پێکەنینیش دەبیستریّ. (نازارەکان کە بەدەم هەڵپەڕکێوە) زولفیان پەشێو دەبیّ (ئەوەندە پێیان دەکەوێت) ڕیشەی دڵ و هەناو لە بن دێنن. کیژەکان بەنازەوە ئیشارە دەکەن و زەردەخەنەیەکی ناسك دەنیشێتە سەر لێویان، چۆپیکێش بەخەمزە و نازەوە دەسماڵ ڕادەوەشێنن و بریسکە بریسکی خشڵەکانی لەرینەوەی مەمکی (دیمەنێکی جوان دەنوێنن).

٣

سەدای (لاو هەی لاو) زڕەی زەڕ زنجیر
سڵسڵە و بانیسەر، بەندزریّ و لاگیر
زەیلەی گوارە و زرنگەی زەنگڵەی زەڕ
لەرزەی نەونەمام، لەرەی لیمۆی تەڕ
شەوقی زەرق و بەرق فەرقی زەرکلاو
ورشە و پرشەی خۆی کولمی بۆ گولاو
شەقەو تەقەی گەرم، چەپڵە و چیڵەی نەرم

چـــریـــکـــەی وەنـــاز، تـــریـــکـــەی وەشەرم
سەمـــای دەسمـــاڵان، ڕەمـــای نـــەو هـــاڵان
نـــــەمـــــای مـــــەلاڵان، نمای وەش حـــاڵان
چفەی گەردەن کەچ، مەرگی من چێش واچ
خـــایـــن وەخـــەفـــەت، نـــەزان جـگــەر پـــاچ
لارەی قـــــــــەتـــــــــارەی لاو شەدەلاران
ئـــیشارەی کـــەم کـــەم، پـــەنجە وشاران
شاخـــەی شریـــخـــەی خشڵـــی نـــیـــمـــە ڕەنگ
فـڕەی فـۆتـەی شۆڕ، پـاژنۆی گوڵـەنگ چەنگ
خشە و خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش
عـیشوە و نـەزاکـەت، گـریشمـەی بـێ خـەوش
وەیمۆی ئـــــاڵای کـــــاڵای بـــــاڵای شەنگ
قرچە و قوقەی جەرگ، دڵ وەخەمان تەنگ
خـەمـیـا و چـەمـیـای نـاز نـیـمـچـە کـنـاچـان
دەنـگـی (هــەی شابـاش) نـەوجـەوان واچـان
شابـــــاشی شادی شەیـــــدای شابـــــاشان
خاس خاس کزەی سۆز دەروون خاش خاشان ل٤١١–٤١٤

(بەشێکە لەو شیعرەی کە بۆ زەماوەندێکی دی نووسراوە).

بۆ ئەم چەند بەیتە وابزانم لێکدانەوەی هەندێ لە وشەکان بەس بن بۆ تێگەیشتنی.

لاو هەی لاو: جۆرە گۆرانییەکە. زەڕ زنجیر: زنجیری ئاڵتوون کە ئافرەت لە کەمەری دەبەستێ.

سڵسڵە و بانی سەرو بەندزرێ و لاگیر (لاگیرە) چوار جۆر خشڵن. زەنگڵە: سوخمەبەند. خشڵێکە. لەرزەی نەونەمام: لەنجەی کچۆڵە. لیمۆی تەڕ: مەمك. فەرق: سەر. زەرکڵاو: کڵاوزێڕ، خشڵێکە. خۆی: ئارەقە. تریکە: پێکەنینی ناسك. سەمای دەسماڵان: ئەو دەستەسڕانەی کە چۆپیکێشەکان دەیشەکێننەوە. رەمای نەوهالان: ڕاکردنی منالەورتکە (ڕاویان دەنێن بۆ ئەوەی هەڵپەڕکێ تێك نەدەن). نەمای مەلالان: نەمانی ئەوانەی کە خەم و خەفەت دەخۆن، واتە هەموو کەس شاد دەبێ و کەس بەغەمگینی نامێنێتەوە. نمای وەش مالان: خۆ نواندنی ئەوانەی شاد و بەکەیفن. چفەی گەردەن کەچ: ئەوانەی کە سەردادەنوێنن بۆلای گوێی یەکتر و چپە دەکەن. مەرگی من چێش واچ: بەچپەکردن دەڵێن: تو مەرگی من چییان وت. خاین وەخەفەت: خەفەت دەدەن بەپیاوی خراپ. نەزان جگەر پاچ: جەرگی پیاوی نەزانیش دادەپاچن. لارە: سەر لارکردنەوە. پەنجە وشاران: پەنجە گوشین. شاخە: دەنگ. نیمەرەنگ: کاڵ. فۆتە: سەرپۆش. پاژنۆ: ئەو کێشەی کە دەکرێتە کۆڵ و تا سەر ئەژنۆ دەگرێتەوە. چەنگ: لار. گریشمە: ناز. خەمیا و چەمیای ناز: لاربوونەوە و خۆ چەماندنەوە بە نازەوە. نیمچە کناچان: کیژۆڵە. کچی تازە پێگەیشتوو. واچان: دەیڵێن. خاش خاش: لەت لەت و بریندار.

٤

نەوای کەژاوەی لەیلێ نازانەن
سەرەتای تەڵمیت شیرین رازانەن
وەی رۆی دمای کۆچ مەجنوون بەختانەن
نالەی فەرهادیی زامەت سەختانەن
چوون شێویا لانەی دڵان پڕ داخان
جۆق جۆق سیامال شین پەی لەیلاخان

سەرعـــێل عـــەرزم هـــەن لا بـــکـــەرەوە
خـێڵـخـــانـــەی دڵان هـــا لـەبـــەرەوە. ل٤١٦–٤١٧

(شیعرەکە بۆ کۆچکردنی جافەکان نووسراوە بەرەو کوێستان).

تەڵمیت: ئەو جێگەوبانەیە کە بەسەر پشتی وڵاخەوە تەخت دەکرێ و لەسەری دادەنیشن).

واتە: دەنگ و ئاوازی ئەو کەژاوانە دێت کە ئەوەندە جوانن نازاران پێیان دەنازن و سەرەتای تەڵمیت بەستنی ئەو جوانانەیە کە بەقسەی شیرین لەگەڵ یەکتر دەدوێن. بەهۆی کۆچکردنی ئەو نازارانەوە دەنگ و هەرای وەی ڕۆ وەی ڕۆی ئەو دڵدارانە دێت کە وەکو مەجنوون بەختیان ڕەشە و ناڵەی وەك ناڵەی فەرهاد بەر گوێ دەکەوێ کە لە تاو ئازاری سەخت دەیناڵاند، کە ڕەشماڵەکان دەستە دەستە بەرەو کوێستان ڕۆیشتن هێلانەی دڵدارە داخ لە دڵەکان شێوا. ئەی سەرەك هۆز لابکەرەوە قسەیەکم هەیە با عەرزتی کەم (قسەکەشم ئەوەیە ئاگات لە خۆت بێ) هۆزی خۆشەویستەکەم لە پێشەوەیە...

٥

ئـــەساسەی نـــەچـــیـــر مـــاوەردم پـــەرێت
وێت تەیارمەکەرد، چون کێ؟ هەر چون وێت
مـــەویـــنـــای رەزن مـــادەنـــیـــی کـــانـــی
مـــانـــی وەصەنـــعـــەت سەلـــیـقـــەی مـــانـــی
صوب نە جاسووسگەی ملان، سەرهەردان
چون سۆمای خورشید شۆڵە کەرد هەرزان
مشانـــای وەپـــێڵ لـــوولـــەی دوور مـــەنـــزڵ
مـوسەوی سەرتـــەڵ کـــارخـــانـــەی مـووسڵ

خـارای خـانـان تـاق قـووڵـی لـوول وەردە
چـون نـیـگـای دڵـبـەر هـەزارە کـەردە
دروستـی و هـەڵـمـەت قـەزاو خـەیـاڵ تـەور
نـاڵـە و نـارو دوود رەعـدو بـەرق و هـەور
وەش دەمـاخ دڵشاد بـەو شکـڵ و شێوە
پـێوەوەو جـەستـەی سەد سەودا پـێوە
خـاو خـاوپـەی نـەچـیـر چـەم وەنـیـگـاوە
تـەك مـەدایـن وەلای کـۆی (ئـاتـەشگـا)وە
مـن مـات و بـێدەنگ، بـێسەدا و نـاڵـە
یـەکـێ بـیـم چـون سەنگ قـوڵـڵـەی (قـەزاڵـە)
تـۆ کـەڵ گـەل، گـەل گـەل وەچـەم مـەکـەردی
پـارێز وەپـای ڕێز ئـەستـەم مـەبـەردی
مـەگـرتـی شنـۆی هـەنـاسەت بـێدەنگ
دووهـاچەی چەتاڵ مەنیای نەڕووی سەنگ
مشت گـرتـە و دیـاو ئـیشارەی مـاشەك
تـەقـیـا و پـێکـیـا و کـلاّفـەی کـەڵ یـەك
هـەرلا هـۆش مـدای گـۆش وەسەداوە
هـەرسەنـگـێ پـەی وێش دەنـگـێ مـداوە
بـازرە پـڕتـاو، کـۆچـون تـل مـەوەرد
هەر بەردبی نەو هەرد مەهەڕد وێنەی گەرد. ل٤٨٩-٤٩١

(بەشێکە لەو شیعرەی لە بارەی راوەوە بۆ شێخ یوسفی نووسیوە).

واتە: تفاقی راوکردنم بۆ دەهێنایت و تۆیش خۆت ئامادە دەکرد، وەك کێ خۆت ئامادە دەکرد؟ هەر وەکو خۆت (چونکە هیچ کەسێ وەك تۆی پێ

نەدەکەوت). فیشەك لەغی تفەنگی (مادەنی)ت دەبەست و ئەوەندە جوانت لێ دەهات لە نیگارێکی دەستکردی (مانی) دەچوویت. بەیانیان زوو کە سۆمای خۆر پڕشنگی دەبەخشییەوە تۆ لە ملە و سەرکێوەکاندا دەچوویتە کۆڵیتەوە، تفەنگی نایابی (موساخانی) دروستکراوی کارگەی مووسڵت دەکردە شان، ئەو تفەنگەی کە گوللەی دوور دەڕۆشت و لە جۆرێ ئاسنی چاك دروست کرابوو. پشتەکەی خان خان نەخشاندبووی. لوولەکەی قووڵ و لوول خواردوو بوو تا دەگەشتە دەم کونەکە تەسکتر دەبوویەوە. وەك چۆن کچێکی جوان لەلاکردنەوەیەکدا هەزار دڵ دەپێکێ، ئەو تفەنگەش ئاوا ڕووی لە هەر ڕەوە نێچیرێ بکردایە هەزاری لێ دەخستن. دەست ڕاستیت وەك تیری قەزا و قەدەر و هەڵمەتیشت وەك خەیاڵ گورج و گۆڵ بوو. تۆ بەو دیمەنە جوانەوە و منیش بەم لاشە دەردەدارەوە وردە وردە دەمانڕوانی بۆ دیتنی نێچیر و پاڵمان دەدا بەلای چیای (ئاتەشگا)وە. من بێدەنگ دادەنیشتم و سرتەم لە خۆم دەبڕی، وام لە خۆم دەکرد وەك بەردێکی چیای (قەزاڵە) بم وابووم. تۆیش کۆمەڵ کۆمەڵ کەڵەکێویت دەدی و بەئاستەم بەسەر وردە بەردەکاندا دەڕۆشتی بۆ ئەوەی دەنگیان لێ هەڵنەسێ و کەڵەکێوییەکان ڕاکەن. دەمی خۆت دەگرت و هەناسەت لە خۆت دەبڕی و دوو پێچکەی تفەنگەکەت لەسەر بەردێ دادەنا و ئامادەی تەقەکردن دەبووی. شت گرتنەوەت و ڕوانینت و دەست بردنت بۆ زامنەی تفەنگ و تەقینی و پێکرانی کەڵەکێوییەکە و تلبوونەوەی، ئەمانە هەمووی لە ساتەوەختێکی کەمدا تەواو دەبوو. دوای تەقەکە سەرنجت بدایەتە هەر لایەك گوێت لێ دەبوو کە هەر بەردێ بۆ خۆی دەنگی دەدایەوە، ئەو حەیوانەی لە ترسی تەقەکە گەڕابوویەوە دواوە بەپڕتاو ڕای دەکرد، لەگەڵ ڕاکردنەکەیدا بەرد لە ژێر پێی بەردەبوونەوە و تا دەکەوتنە خوار ئەوەندەتیان دەخوارد دەبوون بەتۆز.

٢- **وێنەی ڕۆمانتیکی**: ئەم جۆرە وێنەیە لە دیوانەکەدا گەورەترین پشکی

بەرکەوتووە. دیارە ئەگەر هەموو نموونەکان بێنینەوە و قسەیان لەسەر بکەین ئەوە کتێبێك هەڵدەگرن. لەبەرئەوە هەوڵ دەدەین لێرەدا چەند نموونەیەك بەسەر دەکەینەوە.

١

ئـاهـووی تـوونـی دڵ وەبـۆی نـاف ئـاوا
تـاربـی نـەجـەڵـە و گـەرمـەسێر مـاوا
دەم کـەرد مـدراوە، دیـاوە مـەس مـەس
پەی هەردی بارگەی تۆ گومە تەش بەس
پەرێش کەرسای وەڵگ هیمەت وە یاتاخ
نـە کـەرۆش سەردیـی ئـیـلاخ بـێ دەمـاخ
چووزەی سەوزەی هەردەفەیضی تۆ وەرۆ
گـەردش نـەپـای کـاو لـوتـفـی تـۆکـەرۆ. ل٧٤-٧٥

(بەشێکە لەو شیعرەی لە پێداهەڵدانی شێخ حەسەنی مەولانادا گوتراوە).

واتە: ئاسکی توونی دڵم، ئەو توونی دڵەی کە بەبۆنی موشك ئاوەدانە. لەگەڵ ئاسکی گەرمیان جیا بۆتەوە، کە جیا بووەوە ڕای دەکرد و جار جار ڕادەوەستا، لەگەڵ ڕاوەستاندا بەدوو چاوی مەستەوە لای دەکردەوە بەدوای خۆیدا، ئـیـنـجـا خـۆی گـرمـۆڵـە دەکـرد و بـەرەو هـەردی بـارەگـای تـۆ کـە (مـەولانـاوا)یـە قـەڵـەمـبـازی دەدا. (دەی قـوربـان تـۆیش) سێبـەری گەڵای هیمەتی خۆتی بۆ بکە بەمەنزڵ و پێخەف، با سەرمای کوێستانە دا لە زەوقی، هەروەها با خۆراکی بریتی بێت لە چووزەرە گیای چیای فەیز و بەرەکەتی تۆو لە بناری چیای لوتفی تۆدا بێت و بچێ.

٢

چون چیهرەی خەیاڵ روخسارەکەی وێش
نە تۆی پەردەی دڵ مەعدوومیی دلڕێش
نمانای جەمین شای سۆسەن خالاّن
کەم کەم جەگۆشەی لای سیما مالاّن
زەمین منەتبار پامینا و مەو بەرد
جارجار وەرووی ناز باوەشێن مەکەرد
باوەشێن مەکەرد ئەو صەفحەی بێگەرد
نازکیش جەباد ئیحتیاط مەکەرد
منە تۆی تاریکی تای شەدەی بێگەرد
لەطافەت چون ئاو حەیات مەوج مەورەد.

ل١٨٢ – ١٨٣

(بەشێکە لەو شیعرەی بۆ نازارێکی جاف نووسراوە).

واتە: وەك رووخساری خەیاڵ لە ناو پەردەی دڵی مەولەوی دڵ بریندارا، ئاوەها رووخساری خۆی نیشان دا. شای سۆسەن خاڵەکان (ئەوپەڕی جوان) هێدی هێدی لە گۆشەی ڕەشماڵەوە سیمای خۆی نیشان دا، ئەوەندە جوان و لەخۆبایی بوو منەتی بەسەر زەویدا دەکرد کە بەسەریدا دەڕۆیشت. جار جاریش لە ڕووی نازەوە باوەشێنی خۆی دەکرد، کە ئەو سیما بێ گەردەی خۆی باوەشێن دەکرد، ئەوەندە ناسك بوو لە شنەی باوەشێنەکە دەترسا کە زیانی پێ بگەیەنێت و ڕوومەتی بڕووشێنێ. لە ناو تاڵە ڕەشەکانی پووشینە جوانەکەیەوە ناسکیی سیمای وەك ئاوی حەیات شەپۆڵی دەدا.

٣

یـەنـد نـەتـۆی زەلـکـاو دەواتـی پڕوەی
مدران مونتەظیر وەڵگ ئاوەردن نەی
نـــەی مـــدۆ سەدای دڵان پـــێ خستـــە
وڵگ مـــادۆشەوە بـــەستـــە وەبـــەستـــە. ل٤٥٦

(دوو بەیتە لەو شیعرەی کە لە وەڵامی شێخی سیراجەددیندا نووسیویە).

نەی: قەڵەمی قامیش.

واتە: قەڵەمەکە ئەوەندە لە ناو زەلکاوی مەرەکەبی پڕ لە دەرد و بەڵادا وستاوە و چاوەڕێی نووسینی کردووە گەڵای دەرکردووە. ئێستە قەڵەمەکەم ئاوازێکی لێوە هەڵدەستێ دڵەکان پێ نەخۆش دەکەون و گەڵاکەشی بەستە بەبەستە ئەو ئاوازەی لەگەڵدا دەڵێتەوە.

٤

سالێ قافڵەکەت ساکن نەسەیر بۆ
یەك عەرزێ دێرم: ئۆغرت خەیر بۆ
گێجی زریۆار هەرسم مەوج وەردەن
سارای مەریوان تەمام هەڕ کەردەن
بازش هەناسەم صوب وەنەش دەرۆ
یەخ کەرۆ قەتار ئاسان بوویەرۆ
ل٥٠٠

(سێ بەیتە لەو شیعرەی بۆ کاروانێك وتراوە).

واتە: ئەی کاروانچی ساتێ کاروانەکەت ڕاوەستێنە تا قسەیەکم هەیە

عەرزتی بکەم و ئینجا برۆ. ئێستە گێژاوی گۆلی (زرێبار)ی فرمێسکم شەپۆڵ دەدا و سەرتاسەری دەشتی مەریوانی کردووە بەقوڕ، (کەواتە ناتوانی بڕۆیت) بێڵە با کزەی هەناسەی ساردی بەیانیانم بدا لە زرێبار و بیبەستێ تا کاروانەکە ئاسان بپەڕێتەوە.

تێبینی:

١– زۆر زستانی وا دەبێ زرێبار دەیبەستێ و کاروان بەسەریدا دەپەڕێتەوە.

٢– لە دیوانەکەدا دوا بەیت بەهەڵە لێکدراوتەوە.

٥

ئـۆسای بـلـوور بـەنـد پـەنـجـەرەی کـاوان
ئـــایـــنـــە سازیش وست ئـــەو شەتـــاوان
وەروی بـەرد ئـەو بـەست گـرد گـوزەرگـایـێ
دووی ئـــازیـــز شەن دڵ ئـــاهـــەڕایـــێ
هـای نـە، دڵ لـواو ئـامـاش پـەی نـیـەن
مـەکـیـانـەش پـەی چێش نـەسیم کۆشییەن؟
نـەسیـم پـەنـجـەی پـات ئـەر سەردیی کێشان
بـــدارەش نـــە تـــۆی دڵ دەروون ڕێشان
شۆن هەن نەی سەروەخت، سازان پەی دەلیل
جـە هـەر سەر بـەرزێ هـەر سی دیدەم میل
بشۆ چـــــون یـــــاوای وە دووی سەردەوە
بـــێ پـــەرسا بـــنـــاڵ وەی دوو فـــەردەوە
بـــاڵاخـــانـــەی چـــەم دێوانـــەکـــەی تـــۆ
بـــانـــە نـــاو وەگـــڵ ئـــاسانـــەکـــەی تـــۆ

تــکــەش عــاجــز کــەرد خــەیــاڵت تــێشدا

ئـــازیـــز بـــۆ جـــاریٚ پـــا بـــنـــیـــە پـــێشدا.

ل٥٣٨ – ٥٣٩.

(بەشێکە لەو شیعرەی کە لە خانەقای تەوێڵە بۆ شێخی بەهاددینی نووسیوە).

واتە: ئەو وەستایەی کە شووشەی خستە پەنجەرەی چیاکانەوە (مەبەست خوایە) هەموو چەمەکانی کرد بەئاوێنە (سەهۆڵبەندان)، (ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دییەوە) بەفریش هەموو ڕێگەوبانەکانی داپۆشیوە و تەنیا کوێرە ڕێیەك کە مابیٚ بۆ چوونە لای دۆست هەر دووکەڵی هەناسەیە. (مەولەوی) نەکەی دڵت بنێری، چونکە دڵ ڕێگەی هاتوچۆی نییە. لەباتی ئەو نەسیم بنێرە. ئەی نەسیم بۆ کویٚ چووە؟ دەسا ئەی بای نەسیم هەڵسە و بڕۆ.. ئەگەر پەنجەی پێشت تەزی ئەوا بیخەرە ناو دڵی دەروون بریندارانەوە با گەرمی بێتەوە. ئەگەر لەوەش دەترسی ڕێگەی لیٚ ون بیٚ، ئەوا مەترسە، چونکە ڕێگەکە نیشانەی ڕێدەرکردنی پێوەیە کە بریتییە لە فرمێسکی چاوم و لەسەر هەر بەرزاییەك فرمێسکی چاوم بۆتە دارمیل (فرمێسکەکان یەك لەسەر یەك بەستوویەتی و شێوەی چلوورەی وەرگرتووە و بۆتە دارمیل بۆ ڕێگە دەرکردن) بڕۆ بۆ لای دۆست، کە گەشتیتە خزمەتی بەدەم هەناسەی ساردەوە بیٚ پرس ئەم دوو بەیتە شیعرەی بۆ بخوێنەوە. باڵەخانەی سەرچەم کە دیوەخانی تۆیە و بانەکەی بەخاکی بەر دەرگانەکەت سواغ دراوە، ئێستە دڵۆپە دەکات و وێنەی تۆی تیا زیز کردووە، دە وەرە جارێك پێیەکی پێدا بنیٚ و بیکوتەوە.

(ئەم دوو بەیتە واتایەکی وردتریشی هەیە هەروەکو مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لێکی داوەتەوە).

**٣- وێنەی تێکەڵ**: ئەمەش جۆرە وێنەیەکە لە دیوانەکەدا و لە یەك کاتدا بریتییە لە تێکەڵەی ڕیالیستی ڕۆمانتیکی، مەبەست ئەوەیە لە وێنەیەکدا بەچەند بەیتە شیعر کێشاویەتی سیمای هەردوو شێوەکەی ڕیالیستی و ڕۆمانتیکی دەبینرێن. ئەم جۆرە وێنەیەش لە دیوانەکەدا پتر لە (١٠) وێنەن و وا بۆ نموونە هەندێکیان بەسەر دەکەینەوە.

١

زوسانەن وەی ڕەنگ وەگەردوون یاوان
گێجیای لوول گێج کلێڵەی کاوان
بەناباشیی بورج بەرزە دیاران
سفیدکاریی کەرد تاقچەی موغاران
چ شیرین زەڕگەر تۆفی هەوای سەرد
گۆشوارە نەگۆش نەو نەمامان کەرد
پەی نیگای بالاّی مەحبووبی بێگەرد
یەخ ئایینەگرت، تەم چارشێو ئاوەرد. ل٢٧٨

واتە: زستانە و گەردەلوولی بەفری لاپاڵەکان خول دەخوا و بەرز دەبێتەوە و بەم شێوە سەر لە ئاسمان دەسوێ. وەستا باشیی کۆشك یا قەڵای شوێنە بەرزەکان (مەبەست دەستی قودرەتی خوایە) تاقە بچکۆلەکانی دەمی ئەشکەوتەکانی سپی کاریی کردووە. زێڕینگەری تۆفی هەوای سارد چەند جوان و شیرین گوارەی کردۆتە گوێی نەونەمامەکانەوە (گوارە بەواتای چلوورە و سیخچە دێ نەك گەڵای زەرد هەر وەکو لە دیوانەکەدا وا دیاری کراوە).

بۆ دیتنی بالاّی خۆشەویستە بێ گەردەکەم سەهۆڵی ئاوێنەی بۆ گرت و تەم و مژ خۆی کرد بەچارشێو بۆی.

٢

نــــازك تـــەدارەك فـــەسڵـــی وەهـــاران
شیـــریـــن ئـــارایش هـــەردەو کـــۆساران
گـوڵ چـون ڕووی ئـازیز نـەزاکـەت پۆشان
بەفراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان
مـــدیـــان گـــولاڵان نـــەپـــای دەربـــەنـدان
ئـــەو یـــەکـــتـــەر وێنـــەی ئـــارەزوومـــەنـدان
چ خـــاس خـــاس شیـــنـــۆ نـــە ئـــێوارانـدا
سەوزە وە رووی خـاك جـەرگـەی یـارانـدا
بـــویـــن رەعشەی وەجـــد دڵـــەی پـــاکشان
عـــەیـــان نـــە شنـــیـــای سەوزەی خـــاکشان. ل٤٣١

واتە: نامە خوا وەرزی بەهار چەند جوان خۆی ڕێکخستووە و چیاکان چەند شیرین خۆیان رازاندۆتەوە. گوڵ وەك ڕووی خۆشەویستەکەم بەرگی ناسکیی پۆشیوە و بەفراوەکانیش وەك لافاوی چاوم خورەیان دێ. گولاڵەی داوێنی دەربەندەکان وەك یار و دڵدار تەماشای یەکتر دەکەن. گژوگیای سەر گۆڕی یاران چەند جوان لە ئێوارااندا دەشنێنەوە، سەیری لەرینەوەی عیشقی دڵی پاکیان کە بەئاشکرا لە شنە شنی گژوگیای سەر گۆڕەکانیاندا دیارە.

٣

هـەرجایێ چون بـەخت دووری نـەوهـاڵان
سیـــابـــۆ، تـــاریك جـــە سیـــا مـــاڵان
گـێجـی دوودی ئـاخ هـەواش پـڕکـەردەن
ئـانـەیـا تـاخـگـەی خـاڵـۆی هـام فـەردەن

گــا گــێجــی سەرسام نـــەگــێجــاوەدا
گـا خــەفـتــەن نــە تـۆی خــەفـەت خـاوەدا
جە نەشئەی گەرمیی هەوای کوورەی مەیل
جای تینیش کەم کەم جەنەم بیەن کەیل
وێت ئاسا وە نەرم وێت نە رووی نەم دەر
بـــەو شنـــۆی فـــێنك دڵش بـــێدارکـــەر
بەڵام شنیای تای سەرسوورمەی بێگەرد
ئـــازار نـــەدۆ هــیــچ وەسای گــەردەن زەرد.

ل ٥١١ – ٥١٢

واتـە: هــەر جـێگـایـەك بـەبـۆنـەی زۆریـی ڕەشمـاڵـەوە ڕەش داگەڕابێ و ئەوەندە ڕەش بووبێ لە بەختی دڵدارانی دوور لە یار بچێ و هەروەها گێژەڵـووکـەی دووکـەڵی ئـاخ هـەڵکێشان ئـاسمـانی داگرتبێ. ئـەوە ئـەو جێگایە جێگای خاڵۆی کۆماسییە – ئەحمەد بەگی کۆماسی –. خاڵۆیش خوو و خدەی وایە جار جار لە ناو گەرداوی عیشقدا سەرسامە و جار جـاریش خـەوی خـەفـەتی لێ کـەوتـووە. لـەبـەر نـەشئـەی گـەرمـای هـەوای کوورەی ئارەزووی دۆست کەم کەم چاڵی لاملی پڕ بووە لە دڵۆپە ئارەق. جـا تـۆیش (ئـەی شنـەبـا) خـۆت ئـاسایـی بـەنـەرمونیـانی خۆت بدە لە ئارەقەکەی و بەشنەی فێنکت خەبەری کەرەوە. بەڵام ئاگات لێ بێ وا خۆتی لێ نەدەی کە ڕیشووی مشکییەکەی بلەرێتەوە و ئازار بەگەردنی زەردی بگەیەنێ.

***

لەم نموونانەی سەرەوە و گەلێکی دی لە دیوانەکەی شاعیردا دەبینین و ئەوەمان کەوتە دەست کە شاعیر چەند یا چەندین وێنەی بەدوای یەکدا

هێناون بەشێوەیەك كە جاری وای هەیە بەشی گەورەی غەزەلێكی یا قەسیدەیەكی لە وێنە پێك هێناوە. جاری وایش هەیە لە پارچە شیعرێكیدا تەنیا وێنەیەكی دارِشتووە. ئیتر غەزەلەكەی یا قەسیدەكەی بەزمانی وەسف و مانا دەربرِین و بەلاغەبازی تەواو كردووە. ژمارەی ئەو وێنانەش لە دیوانەكەدا كەمن و وا دەچینە سەر هەندێكیان.

١

زووخـــاو گـێج مــەدا دیـگــی دەروونــدا

هووناو هۆرشاناش جەستەی زەبووندا. ل٢

واتە: زووخاو لە مەنجەڵی هەناومدا گێج و خولی دەخوارد و خوێناوی دەپرژان بەجەستەی كز و لاوازمدا.

٢

بـۆی بـاڵات هـەرزان وە دەشتودەردان

نمەز رای لای تـــۆم وەكـــام گـــوزەردان. ل١٥

واتە: بۆن و بەرامەی باڵات وەها دەر و دەشتی گرتۆتەوە، كاتێ كە دەمەوێ بێم بۆ لات سەرم لێ تێك دەچێ و رێگە دەرناكەم (یانی نازانم بەكام رێگەدا بێم بۆ لات، هەموو رێگەوبانەكان بۆنی بەڵاتیان گرتووە.)

٣

زایفیم هەریەند جە حەد بەرشییەن

نەسیم ئەر بارۆم عەجایب نیـیەن. ل٤٩

واتە: لاشەم لە رادەبەدەر لەر و لاواز بووە وام لێ هاتووە هیچ سەیر نییە ئەگەر بای نەسیم هەڵم بگرێ و بمهێنێ بۆ لات.

٤

نەی گەهـوارەی دەور تـــای دەسـرازەخەم

تاکەی سەر ئەنگوشت غەفلەت نەتۆی دەم؟ ل٤٢٩

واتــە: تــا کــەی لــە نــاو بـێشکـەی زەمـانـەدا کـە دەسرازەکـەی بـەخـەم هۆنراوەتەوە. سەر پەنجەی بێ ئاگایی دەبەی بەدەمتدا؟.

# واتای ڕاستەقینەی هەندێ وشە لە دیوانی مەولەویدا

مەولەوی ئەو شاعیرە گەورەیەی گەلەکەمان کە بەیەکێك لە لووتکەکانی شیعری کۆنمان دێتە ئەژمار و بۆ خۆی خاوەنی دەنگێکی تایبەتییە و نموونەی جوانترین و بەزەوقترین شیعری ڕۆمانتیکی پێشکەش بەکاروانی ئەدەبەکەمان کردووە. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەیەکەمین کەس دادەنرێ کە لە خزمەتکردنی بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە کەڵەدا ماندووبوونی نەناسیوە و شاکارەکانی زیندوو کردۆتەوە کە هەرگیز چاومان لە دیمەنی سیحراوی وێنەکانی و دڵمان لە واتای بەچێژی بەیتەکانی و هەستمان لە هونەر و سەلیقەی شیعری تێر نابێت.

مەولەوی تا ئێستە کاری باش لەسەر شیعرەکانی کراوە، چ ئەوەی کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم و کوڕەکانی کردوویانە و چ ئەوەی کە دوو میهرەجانی لە سلێمانی و یەکێکی لە سەقز بۆ بەستراوە. لەگەڵ هەندێك کتێب و نامیلکە و وتاری تردا. بەڵام هێشتا هەرماویەتی و باس و خواسی پتر هەڵدەگرێت.

بەندە دەمێکە خەریکی ساخکردنەوەی دیوانی ئەم شاعیرە مەزنەمانم، مەبەستیشم ئەوەیە کە مەولەوییەکی پاکەوەکراو لە هەڵە و پەڵە بکەوێتە بەردەست خوێنەران. لە کتێبی یەکەممدا بەشێکم دانابوو بەناوی

(پشکـنین) کـه لـەو بـەشەدا بـەپـێی ئـەو بـەیـاز و کـەشکـۆڵانـەی کـە لـە بەردەستمدا بوون هـەوڵی ساخکردنەوەی زۆرێك لە شیعرەکانم داوە. لەم وتارەشدا کارم لەسەر ساخکردنەوەی کۆمەڵێ وشە کردووە کە بەداخەوە لە دیوانەکەدا وەك پێویست واتاکانیان لێك نەدراوەتەوە. ئەمەش هەوڵێکی دیکەمە بۆ ساخ و پاککردنەوەی دیوانەکە و بەکارێکی گرنگ و بەسوودی دەزانم.

١- زووخـاو گێج مــەدا دیـگی دەروونـدا

هووناو هۆرشاناش جەستەی زەبووندا. ل

لەم بەیتەدا وشەی (هۆرشاناش) بە(قوڵپی ئەدا) لێکدراوەتەوە. بەڵام بۆ واتاکەی (ئەپرژان) دروستە و واتای بەیتەکە وای لێ دێت (زووخاو گێج و خولی ئەخوارد لە ناو قازانی دەروونـدا و خوێناوی ئەپرژان بەلاشەی زەبوونمدا).

٢- هۆشم بێ هۆشەن، فامم قامەت قاخ

بۆی دووریی ئازیـز مەیۆم نەدەمـاخ. ل٢٢

لەم بەیتەدا وشەی (قاخ) بەم شێوە لێکدراوەتەوە: وشەیەکی تورکییە واتە هەستە، ئەبێ لە (قالق)ەوە هاتبێ.

بەڵام لە ڕاستیدا واتای (چەماوە) دەگەیەنێ، بەم پێیە دەبێ بەیتەکە بەم شێوە لـێك بـدرێتــەوە (هــۆشم سڕ بــووە و ئــاگــای لــە خــۆی نــەمــاوە، تێگەیشتنیشم باڵای چەمیوەتەوە. بۆن و بەرامەی دووریی ئازیز دێتە لووتمەوە).

٣- کەرەم دەر نە دەس رجای ئەوگاران

بۆ بەخشەم وەعـشق مـظنەی یاران. ل٢٥

وشەی (مظنه) لەم بەیتەدا بە(گومان) لێکدراوەتەوە. ئەمە وایە، بەڵام هەر ئەم وشەیە کە چۆتە ناو زمانی فارسییەوە جگە لە (جێگای گومان) واتای (نرخ و بەها)یشی وەرگرتووە کە مەولەوی ئەمەیانی مەبەست بووە. بەم پێیە واتای بەیتەکە وای لێ دێت. (ئەی ئەو خوایەی کە بەخشیش دەخەیتە دەستی تکای ئەوانەوە کە زۆر گیرۆدەی عەشقن، وەرە بمبەخشە بەعەشقی پڕ بەها و نرخی دۆستانی خۆت) نەك بەم شێوە کە لە دیوانەکەدا لێکدراوەتەوە (ئەی خوایە کە تۆ بەخشیش ئەخەیتە دەستی تکای ئەوانەوە کە زۆر گیرۆدەن. بمبەخشە بەعەشقی گومانی چاکی دۆستان پێم).

٤- ئیمشەو هەمدیسان دەروون پڕ خەمەن

ئەساسەی ماتەم جەلامان جەمەن. ل٤٤

لەم بەیتەدا وشەی (ئەساسە) بە(هۆیەکان) لێکدراوەتەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە واتای (تفاق و کەرەستەکان) دەدات، بەم شێوە واتای بەیتەکە دەبێتە (ئەمشەو هەمدیسان دەروون پڕ لە خەمە و کەرەسە و تفاقی ماتەممان لە لا کۆ بۆتەوە.)

٥- بۆی (عەنبەر) نە تۆی دەماخم دوور کەرد

فرسەتش ئاوەرد هەوای وەبای دەرد. ل٤٦

وشەی (عەنبەر) لەم بەیتەدا بە(گیانی بۆنخۆش) لێکدراوەتەوە، بەڵام عەنبەر گیا نییە، بەڵکو ماکێکی بۆنخۆشی ڕەنگ خۆڵەمێشییە لە گەدە یا لە ڕیخۆڵەی جۆرێ ماسیدا بەناوی (کاشالوت) پەیدا دەبێ.

٦- ڕێزان سەوزەی گوڵ مەعاریف وەگڵ

چۆڵ بیەن چەمەن جە سۆزەی بولبوڵ. ل٦٧

لـەم بـەیـتـەدا وشەی (مـەعـاریـف) بـە(زانست) لـێکـدراوەتـەوە، راستـە مەعاریف واتای (زانستەکان) دەدات، بەڵام لە فارسیدا بەواتای (کەسانی ناودار) و (ئەهلی زانست و چاکە)ش دێت، لە شیعرەکەشدا ئەم دوو واتایە ڕاست و مـەبـەستـی شاعـیـرە، چـونـکـە شیـعرەکە لـە ساڵانـی کـوێربـوونـی شاعیردا وتراوە پڕیەتی لە گلەیی لە دۆست و هـاوەڵەکانی کە پشتگوێیان خستووە و وەك جاران بایەخیان پێ نەداوە. لە بەیتی پێش ئەم بەیتەدا ئەڵێ:

سەردبـیـەن گـەرمـیـی شەوقـی هـامـفـەردان

گـەرمـەن سەردیی زەوق جـەرگەی هـامدەردان

واتـە: تین و تـاوی شەوق و خـۆشەویستـی هـاوڕێکـانم کـەم بـۆتـەوە و بـەپێچەوانـەوە ساردیی و بێ مەیلی کۆڕی هـاودەردان گەرم بووە ( لێرەدا نیشانەی گلەیی دیارە لە هـاوڕێکانی).

هـەروەها لە بەیتی پاشەوەشیدا دەڵێت:

نیگـای ئیلـتیفات گۆشەی چەم کەمەن

ڕووی دەشتی صەفای ئەهلی دڵ تەمەن

واتە: سەیرکردن و ڕوانینی گۆشەی چاو کەم بۆتەوە و ڕووی دەشتی بەزم و خۆشی (ئەهلی دڵ) تەم دای گرتووە.

لەم دوو بەیتەدا پەیوەندی نێوان وشەکانی (هـامفەردان: هـاوڕێکان) و (ئـەهـلـی دڵ) لـەگـەڵ وشەی (مـەعـاریـف) بـەواتـای (کەسانی نـاودار) و (ئەهلی زانست و چاکە) دروست دەبێ.

شاعیر لەم سێ بەیتەدا گلەیی لەو کەسانە دەکات کە بریتین لە:

١- هـاوڕێکانی.

٢- كەسانی ناودار کە بەمەبەستی شێخانی نەقشبەندی و بەگزادە جاف و مەلاکان و سەیدە دۆستەکانی.

٣ - ئەهلی دڵ کە مەبەست خەلیفە و مورید و مەنسووبەکانی شێخەکەیەتی.

بەم پێیە واتای بەیتەکە وای لێ دێت (پەڕەی گوڵی کەسانی ناودار یا ئەهلی زانست و چاکە داوەریوەتە سەر خاك و چیمەن لە ئاواز و چریکەی بولبول چۆڵ بووە).

٧- نەسیم وەبۆی چین چنووری سەر هەرد

سوب (صباح الخیر) دەماخی دڵ کەرد. ل٦٨

لە لێکدانەوەی ئەم بەیتەدا مامۆستا مەلا عەبدولکەریم نووسیویە (شنەی بای ناسك بەبۆنی چین چینی گیا چنوور دەستی کرد بەمەرحەبا لێکردنی دڵ لە بەیانیدا).

لە لێکدانەوەکەدا جگە لەوەی (صباح الخیر) واتای (بەیانیت باش) دەگەیەنێ نەك مەرحەبا، وشەی (دەماخ)یش پەڕێنراوە کە بەواتای (لووت)ە کەواتە بەیتەکە دەبێ بەم شێوە لێك بدرێتەوە (شنەبا بەبۆنی زولفی چنووری سەر کێوەکان، بەرەبەیان هات و بەیانی باشی لە لووتی دڵ کرد).

چونکە شنە بەلووتدا دەچێ نەك دڵ، مەولەوی شاعیرانە تەرکیبی (دەماخی دڵ)ی دارشتووە و بەخەیاڵی شاعیرانە لووتی بۆ دڵ دروست کردووە.

٨- داد جە هەوای شووم بەدستارەی من

هەر نەو گوڵاڵەی من نە پێوارەن. ل٦٩

لەم بەیتەدا وشەی (پێوار) بە(خاك) لێكدراوەتەوە. بەڵام واتای (نادیار، ناپەیدا) دەدات. ئەوكاتە واتای بەیتەكە وای لێ دیت (هەی داد و بێداد و لە دەست ئاوازەی شوومی ئەستێرەی بەختم، چونكە بەتەنیا هەر من گوڵاڵەی نویَ (یار)م دیار نییە).

لە لێكدانەوەكەی بەڕێز مامۆستادا وشەی (هەوا) پشتگۆی خراوە. كە لە كوریدا بەواتای (ئاواز و گۆرانی) دێت. بەڵام پێویستە هەبێت. چونكە هەر ئەو وشەیە پەیوەندییەك لەگەڵ دوو بەیتی پاشەوەیدا دروست دەكات. كە باسی (دەف، صەدا، سەمتوور، موتریب)یان تێدایە. وەك دەڵێ:

یا وەلوەلەی (دەف) شا دەروێش، جۆشێ

بـــەو (صەدا)ی ڕیشەی دڵ ئـــاشنـــاوە

یا جۆشی (سەمتوور) (موتریب) خرۆشێ

چەنی ئەی دووفەرد حەسرەت مەعناوە.

٩- ئەی تۆ كام نەدیت جە عەرووسی نۆ

تا عەرووسی خاك پەشتان بی وەتۆ .ل٩٧

وشەی (پەشتان) بە(هاوپشت) لێكدراوەتەوە. بەڵام واتای (جووتبوون و ڕاكێشانی دوو كەس پێكەوە) دەگەیەنێ. بەم پێیە لێكدانەوەی بەیتەكە وای لێ دێت. (ئەی ئەو كەسەی كە ئاواتت نەهاتە دی لەگەڵ تازەبووكدا جووت ببی، لەگەڵ بووكی خاكدا جووت بوویت و ڕاكشایت - مردیت).

شیعرەكە هەر وەكو جەنابی مامۆستا دیاری كردووە بەهۆی ئەوەوە نووسراوە كە شێخ عەبدولسەمەدی خانەگایی ڕۆیشتووە بۆ كرماشان تەدارەكی ژنهێنان بكڕێ، لە ڕێگەدا مار ئەدا پێیەوە و ئەمرێ.. كەواتە نەگەشتووە بەئاواتی هێنانی بووكی نویَ بۆتە هاوبالای بووكی گۆڕ.

١٠- حەیات جە زرڵمات جیانمە بۆ

کاوه وەبێ بەرگ سـیانمە بۆ. ل١١٢

لەم بەیتەدا وشەی (کاوە) بە(میسکی بۆنخۆش) لێکدراوەتەوە. بەڵام داوای لێبووردن دەکەم کە لە کوردی کۆن و نوێدا شتی وا نەبیستراوە. بەڵکو وشەکە بریتییە لە بەکوردیکردنی (کەعبە) ئەمەش زیاتر لە ناو جافدا هەیە کە بەشێوەی (کەعوە یا کاوە) بەکاری دێنین. بۆ ئەوەی مەبەستەکە باشتر ڕوون بێتەوە با بچینە سەر:

١-هۆی دانانی شیعرەکە. مامۆستا فەرموویە (مەولەوی ئەم پارچە شیعرەی لە لاواندنەوەی پەریزاد خان ناوێکا وتووە کە یەکێك بووە لە ژنە بەگزادەکانی جاف).

٢- لە شیعرەکەدا شیوەنکردن و بەرگی ڕەشپۆشین دیاری کراوە.

٣- لە میسرەعی دووی بەیتی چواردا دەڵێ:

حەڵاڵیی کاڵای ماتەم پۆشان بۆ

واتە: با شەرع فتوای حەڵاڵکردنی پۆشینی بەرگی ڕەش و ئازیەتی بدات.

لە بەیتی پاش ئەمەدا دەڵێ:

وەشەن ئەو باڵا چون بەو کاڵاوە

بازش ئەو کاڵا هەر بەو باڵاوە

واتە: باڵای ئەو پرسەدارانە زۆر جوانە بەو کاڵا ڕەشەی بەریانەوە، کەواتە لێیان گەرێ با هەر ئەو بەرگەیان لەبەردا بێ (لێرەوە دەچینە سەر بەیتەکە)

حەیات جە زوڵمات جیانمە بۆ      کاوە وەبێ بەرگ سیانمە بۆ

چونکە ئەوانە وەك ئاوی حەیات وان - هەروەك ئاوی حەیات لە تاریکیدایە - ئەمانیش ئەبێ لە بەرگی ڕەشا بن و کەعبەش هەر بەرگی

ڕەشی لەبەردایە و بەبێ بەرگی ڕەش نابێت.

مەبەستەکەی شاعیر ئەوەیە کە (ئاوی حەیات) و (کەعبە) بەو قودسیەتەی کە هەیانە هەر لە بەرگی ڕەشدان، کەواتە با شەرع فتوای حەڵاڵکردنی بەرگی ڕەشیش بۆ ئەو ئازیەتبارانە بدات. (ئەمەی مەولەوی وتوویە لە بەلاغەدا حوسنی تەعلیلی پێ دەگوترێت).

١١- من جفتی مەعشووق دەرد هەمڕازمەن

چون بازی سەرچڵ وادەی بازمەن. ل١١٣

لەم بەیتەدا وشەی (سەرچڵ) بە(سەرچڵان) و (بازمەن) بە(بازدانمە) لێك دراونەتەوە، بەڵام سەرچڵ: تیژپەڕ، کەسێك کە بەبێ وردبوونەوە کارێك ئەنجام بدات. باز-یش واتە جیابوونەوە. بەم پێیە واتای بەیتەکە وای لێ دەکات (من لەگەڵ یاردا جووتم.. بەڵام دەرد و ئازار هاوڕازمە و وەك بازی تیژپەڕ کاتی جیاکردنەوە لە خەڵکی تر (هەروەك چۆن باز بەتەنیا دەژی و هاوڕێیەتی هیچ باڵدارێکی دیکە ناکات). ئەم واتایە چەند لەگەڵ بەیتی پێشەوەیدا ڕێك دەکەوێ و چەند تەناسوبیان هەیە کە دەڵێ:

پەی کەسێ خاسەن هەوای سەیری باخ

ماسیوای مەعشووق نە بۆش ئاخ و داخ

واتە: ئارەزووی سەیرانی ناوباخ بۆ کەسێ باشە کە جگە لە خۆشەویستی یار هیچ خەم و کەسێکی لە دڵدا نەبێ.

مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە: من لەگەڵ ئەوانەدا نامکرێ کە حەز لە سەیران دەکەن، چونکە ئەوان دڵشادن و من دەرد هاوڕازمە. کەواتە دەبێ من وەك باز بەتەنیا بژیم و لەوان جیا ببمەوە.

١٢- (کشف الغطا)ی صەدر محەممەد جەسیم

غونچەی نەشکوفتەن بێ شنۆی نەسیم

لەم بەیتەدا وشەی (نەسیم) هەر بەواتای جۆرێ – با – لێکدراوەتەوە، بەڵام لە وشەکەدا وشەی (تەوریە) هەیە، چونکە ئاماژەشە بۆ (شێخ نەسیم)ی برای (محەممەد جەسیم) کە هەردووکیان برای (شێخ عەبدولقادری موهاجیر)ن کە شیعرەکەی بۆ نووسراوە. مامۆستا لە واتای ئەم بەیتەدا فەرموویە (کتێبی – کشف الغطاء) کە زانای گەورە (صدر العلماء شێخ محەممەد جەسیم) داینـاوە، وەك چۆن خونچە بەبێ شنۆی نەسیم ناپشکوێ، ئەویش بەبێ نەسیمی زانستی ئێمە دەم ناکاتەوە و نازانرێ) ئەمە لێکدانەوەیەکی تەواوە. بەڵام ئەوەش هەڵدەگرێ کە بڵێین (کتێبی – کشف الغطاء)ی شێخ محەمەد جەسیم بەبێ وتنەوەی یا ڕاڤەکردنی شێخ نەسیم وەکو خونچەی نەپشکوتوو وایە و کەس باش لێی تێناگات).

١٣– ئیسە سۆچییای گەرمیی دڵ سەردیم

مەودایــی سارای دەردی بێ دەردیم. ل١٢٧

لەم بەیتەدا وشەی (سەودایی) بە(گرفتار) لێکدراوەتەوە بەڵام واتای (ئەڤیندار) دەگەیەنێ و هەروەها وشەی (سارا)ش پشتگوێ خراوە. بەم پێیە واتای بەیتەکە وای لێ دێت.

(ئێستا من سووتاوی گەرمای دڵساردیی یارم و بوومەتە ئەڤینداریکی دەشت و سارای دەرد و ئازار، دەردێك کە لە هەناومدایە و کەس دەرکی ناکات خۆم نەبێ).

١٤– ئەر ڤرنەوی خاس وەرنە فزانوو

مەرگ پــەرێ تۆیچ مەرۆ نەزانوو. ل١٢٧

لەم بەیتەدا (مدۆ نەزانوو) بە(دێتە سەر ئەژنۆ) لێکدراوەتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی واتای (دەدا لە ئەژنۆم)ە. بەم شێوەیە واتاکەی وای لێ دێت:

(ئەگەر گوێم بۆش ئەکەم ئەوە باشە، ئەگەر نا ئەزانم مەرگ بۆ تۆیش دەدا لە ئەژنۆی). لە کوردەواریدا لە ئەژنۆدان بابەتی شیوەنە و بۆ مەرگی کەسێك دەکرێت، تەنانەت هەر لەم بارەوە دەگوترێت (ئای ئەژنۆم شکا) یا (ئەژنۆی شکاوم بۆ مەرگت). جا مەولەوی وای هێناوە کە بۆ ئەو کەسەی شیعرەکەی بۆ نووسراوە (مەرگ بۆی دەدا لە ئەژنۆی) مەبەستی ئەوەیە کە مەرگیش شیوەنی بۆ دەکات. شیوەن بۆ مەرگە. ئەی مەرگ چۆن شیوەن دەکات؟ ئەمە بەخەیاڵی شاعیرانە دانراوە کە حاڵی کابرای شیعر بۆ نووسراو وای لێ دێت تەنانەت مەرگیش لەگەڵ دۆستەکانیدا شیوەنی بۆ دەکات، ئەمەش بە(مەحوس)کردنی (مەرگ)ە کە خۆی لە خۆیدا (نامەحسوس)ە . مەولەوی شتی تری لەم بابەتەی هەیە، وەك دەڵێ (سستی شەرمەندەن) واتە سستی و تەمەڵیم شەرمەزارە.

١٥- دامنـــەکەی ئـــایر دەروونم تۆنی

وەی دوو فەردەوە موغەننی کۆنی؟ ل١٢٨

وشەی (دامنەکەی) بە(داوێنەکەی) لێکدراوەتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وشەکە فارسییە و واتای (گەرمای بەتین) دەدات. کەواتە واتای بەیتەکە بەم شێـوەی لێ دێ (ئـــەی گۆرانیبێژ تۆ گەرمای بەتینی ئاگری دەروونمی، لە کوێیت؟ بۆ ئەوەی بێیت و ئەم دوو بەیتە شیعرە بچڕی)

١٦- بەد بەختێ چون من تەن کەفتەی کۆیێ

یا خەیـــاڵ خـــامێ ئەبلە ە چون تۆیێ. ل١٥٧

لەم بەیتەدا ڕستەی (تەن کەفتەی کۆیێ) بە(لەش سووتاوی سەرکێوان) لێکدراوەتەوە بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە (کەفتەی) واتای (کەوتووی) دەگەیەنێ نەك (سووتاوی).

هەروەها (کۆیێ) لە (کوی) فارسییەوە وەرگیراوە بەواتای (کۆلان). واتە: (بەدبەختێکی وەك منی لاشە لە کۆلاندا کەوتوو، یا خەیاڵ خاوێکی گەمژەی وەکو تۆ..)

١٧- جەڵەو جەڵەو گەل سپی تە تاران

دین دیدەکەت وەچەم مەداران. ل١٦٦

لەم بەیتەدا (گەڵ) ڕاستە تا (گەل) چونکە (گەڵ) ئامرازی کۆیە و دوای (تاك) بەکار دەهێنرێ. بەتایبەتی ئەم ئامرازە لە شێوەزاری ئەردەڵانیدا زۆر بەکار دێت. بەم پێیە (جەڵەو جەڵەو) کە واتای (کۆمەڵ کۆمەڵ) دەدات، ئەو ئامرازە نالکێ پێیانەوە، هەروەها وشەی (تەتار) ئاماژەیە بۆ ناوچەیەك لە وڵاتی چین کە ئاسکی زۆرە. بەم شێوە مامۆستا (سپی تەتاران)ی بە(ئاسکە سپییە تاتارییەکان) لێکداوەتەوە. بەڵام ئاسکی سپی نییە!! بەڵکو ئاسك ناوگەڵی سپییە. بەم پێیە واتای بەیتەکە وای لێ دێت (کۆمەڵ کۆمەڵ ئاسکە ناوگەڵ سپییەکان چاوەڕێی دیتنی چاوتن) دیارە ئاسکیش مەبەستی کچی جوانە.

١٨- من رۆی مامەڵەی گردین خاص و کەس

جەو ڕاسە بازاڕ شارەکەی ئەلەس. ل١٧٤

لەم بەیتەدا بۆ لێکدانەوەی هەردوو وشەی (خاص) و (کەس) نووسراوە:

خاص: بەرامبەری (عامە) مەبەس پیاوانی خوایە، هەروەها وشەی (کەس)یش بەم مەعنایەیە.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە (خاص) نییە، بەڵکو (خاس)ە کە وشەیەکی ناو جاف و هەورامان و ئەردەڵانە بەواتای (چاك و باش)، ئەوە هەڵەی نەسساخەکانە کە (خاص)یان نووسیوە، ئەگینا وشەکە کوردییە و ئەو واتایە دەدات کە وتمان. وشەی (کەس)یش لە ڕاستیدا (گست)ە کە

وشەیەکی فارسییە بەواتای خراپ و ناشیرین کەواتە واتای بەیتەکە وای لیّ دیّ (من ڕۆژی سەودا و مامەڵەی هەموو کەسانی چاك و خراپ لە ڕاستە بازاڕی شاری (الست)دا، واتە ڕۆژی قیامەتدا...).

لە یەکێك لە بەیازەکانی بەردەستی ئێمەدا بەیتەکە بەم شێوە نووسراوە:

من رۆی مامەڵەی گردین خاس و گەست

جەوراسە بازاڕ شارەکەی ئەلەست

کە ئەمە ڕاستتر و دروستترە، چاك و خراپیش مەبەست لە کەسانی چاکەکار و ئیمانداره لەگەڵ بیّ ئیماندا.

١٩- خورشیدی سەمای شیرین جەمالان

دەشك ئەفزای گرۆی دیدە غەزالان. ل١٨٩

لەم بەیتەدا (رەشك ئەفزا) بە(داخ و خەفەت زیادکەر) لێکدراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا (رشك) وشەیەکی فارسییە بەواتای (غیرەت) و (حسد) دێت. کەواتە واتای بەیتەکە بەم شێوەی لیّ دیّ (ئەی خۆری ئاسمانی ڕووخسار شیرین و جوانەکان، ئەی غیرەت یا حەسادەت زیادکەری تیپی چاوغەزالەکان) وادەزانم (حەسوودیی) کە لە (حسد)ەوەیە گونجاوترە بۆ واتاکەی تا (غیرەت)، چونکە شاعیر مەبەستی ئەوەیە کە ئەو کەسەی شیعرەکەی بۆ نووسراوە هێندە جوانە، ئەو جوانانەی کە چاویان وەك چاوی ئاسك وایە حەسوودیی پیّ دەبەن.

٢٠- کاڵای شیرینی وەباڵات بڕیان

تاسی مەحبووبیت نە عالەم زڕیان. ل١٩٠

وشەی (تاس) لەم بەیتەدا بە(تەپڵ) لێکدراوەتەوە، بەڵام واتای (کاسەی مسی) دەدات. واتای بەیتەکە بەم شێوەی لیّ دێت (کاڵای شیرینی بەباڵات بڕا، کاسەی خۆشەویستیت لە جیهاندا زڕا) مەبەستی ئەوەیە ناوبانگی لە

جیهاندا بڵاو بۆتەوە.

کاسە زڕەی لێ هەڵدەستێ نەك تەپڵ.

٢١ – جەو سەردەشتەوە گوڵاو ڕێزان کەرد

سارا بۆی عەنبەر سارا هەرزان کەرد. ل٢٠٧

لەم بەیتەدا (عەنبەر سارا) هەر بە(عەنبەر) لێکدراوەتەوە، بەڵام واتای عەنبەری خاوێن و بێ گەرد دەگەیەنێ. بەم شێوە دەبێ واتای بەیتەکە وا لێك بدەینەوە (بەو بان دەشتەوە گوڵاوی پرژان و ئیتر (سارا – دەشتەکە) بۆن و بەرامەی عەنبەری خاوێن و بێ گەردی تیا زۆر بوو).

٢٢– دڵم وەمۆبەت مەیلی تۆ شادەن

ئەی تەعــاروفە جەلام زیادەن. ل ٢٢٠

لەم بەیتەدا وشەی (تەعاروف) بە(خۆناساندن) لێکدراوەتەوە، بەڵام ئەوە واتای وشەکەیە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی. بەس ئەو وشەیە بەهەمان شێوە چۆتە ناو زمانی فارسییەوە و واتای (خوڵقکردن، شەرم)، دەربڕینی هەستی ئاشنایەتی، بەخێرهاتن کردن، پێشکەشکردن)دەدات.

لە بەیتەکەدا واتای پێشکەشکردن دەگەیەنێ و ڕاستە، چونکە دیارە دۆستەکەی دیارییەکی بۆ ناردووە.

مامۆستا لە ژێر شیعرەکەدا نووسیویە (مەولەوی ئەم غەزەلەی بۆ دۆستێکی نووسیوە کە دیارییەکی بۆ ناردبوو، دووریش نییە ئەو دۆستە شێخی تەوێڵە بێ).

ناوەڕۆکی غەزەلەکەش هەر وا دەڵێ. کەواتە واتای بەیتەکە بەم شێوەی لێ دێت (دڵم بەخۆشەویستی و مەیلی تۆ شادە و ئیتر ئەم دیاری پێشکەشکردنە بەلامەوە زیادە).

٢٣- خصووص من صەرعی و لێوە و وێڵی تۆم

سـەودایـی خەمـبـار ئـەرا گێـڵی تـۆم. ل٢٢٠

لەم بەیتەدا وشەی (لێوە) بە(کەف چەرین) لێکدراوەتەوە، بەڵام وا نییە و واتای (شێت وشەیدا) دەدات، کە ئەم وشەش بەم واتایە لەگەڵ وشەکانی تری (صەرعی، وێڵ، سەودایی، ئەراگێڵ) جووت دەبێ و واتای بەیتەکە وای لێ دێت (بەتایبەتی منی فێ لێهاتوو شێت و وێڵی تۆ و دڵدارێکی غەمگینی بەشوێن تۆدا ئاوارە و گەڕۆك).

٢٤- دیدەنـی دیدار غەزاڵەی وەرمن

چی دما یاران وەرمەن پەرێ من. ل٢٥٣

لەم بەیتەدا وشەی (وەرمن) یەك واتای لەیەك دراوەتەوە کە نووسراوە: دێیەکە لە ناوچەی شەمێران لە قەزای هەڵەبجە.

بەڵام جگە لەوە واتای (خەواڵوو)ش دەدات. ڕاستە (وەرمن) گوندێکە، بەڵام شاعیر لە وشەکەدا هونەری (تەوریە)ی ئاراستە کردووە. بەم پێیە دەکرێ بەیتەکە بەم شێوە لێك بدەینەوە (لە ئێستە بەدواوە مەگەر لە خەوما چاوم بەیارە وەرمنیەکەم یا یارە چاوخەواڵووە وەك ئاسکەکەم بکەوێ).

٢٥- جلەوکێـشی زەوق ئاهووی ڕەوێڵم

بەزم ئارای مەجلیس کەمەن وە پێڵم. ل٢٥٦

لەم بەیتەدا (پێڵ) بە(کەلەکە) لێکدراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا واتای (سەرشان) دەدات. وشەی (کەمەن) لە بەیتەکەدا مەبەستی (کەمەند)ی دەروێشییە، کەمەندیش دەکرێتە سەرشان و گەردن، نەك کەلەکە.

٢٦- گرمەی کوورەی دەرد کۆی تاقەت تاوان

بۆی سفتەی جەرگم وەگەردوون یاوان. ل٢٦٧

لەم بەیتەدا لەباتی وشەی (گرمەی)، (گەرمی) دروستە، هەردووکیان بەئیملای کۆن (گرمی) دەنووسرێت، مامۆستا بە(گرمەی) خوێندۆتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە واتای (گەشتە ئاسمان) دەگەیەنێ. مامۆستا بەیتەکەی بەم شێوە لێکداوەتەوە (گرمە گرمی کوورەی دەردم کێوی سەبر و بوردەباریمی تواندووەتەوە، وە بۆنی جگەری سووتاوم بەهەموو لایەکا بڵاو بووەتەوە) بەڵام بمبوورە دەبێ بەم شێوە بێت (گەرمای کوورەی دەردم کێوی تاقەت و ئارامی تواندمەوە و بۆن و بۆسۆی جگەری سووتاوم گەشتە ئاسمان). (گەرما شت دەتوێنێتەوە نەك گرمە گرم) کەواتە لە بەیتەکەدا (گەرمی) ڕاست و دروستە.

٢٧- پەردەی دڵ وەنێش مەودای خەم پارە

چار نەبـــردەی دەرد دڵـــەی بێــچارە. ل٢٨٢

لەم بەیتەدا وشەی (نێش) بە(ئێش) لێکدراوەتەوە، بەڵام وا نییە و واتای (نووك) دەدات. کەواتە مانای بەیتەکە وای لێ دێت. (پەردەی دڵت بەنووکی تیغی خەم لەت و پەت بووە و چارەت بۆ دەردی دڵە بێچارەکەت نەدۆزیوەتەوە).

٢٨- بۆ پڕووزی جەرگ قرچەی پارچەی دڵ

بۆی هوونی جۆشیای دەروونی پڕچڵ

ئێد چون تۆفی سەخت تەم وست ئەو کۆدان

ئەو وێنەی لافاو بالای تۆ ڕەوان. ل٢٨٣

چونکە هەردوو بەیتەکە واتای یەك تەواو دەکەن پێویست بوو بیاننووسینەوە، ئەگینا مەبەستمان ساخکردنەوەی (بالای تۆ) و (ڕەوان)ە.

مامۆستا لە لێکدانەوەی هەردوو بەیتەکەدا فەرموویە (بۆ پڕوزی جەرگم و قرچەی پارچەی دڵی سووتاوم وەك تۆفی سەخت شاخەکانیان بەتەم

داپۆشی) ئـەمـە ڕاستـە، بـەڵام لـە بـەشی دووەمدا کـە وەهـای لێکداوەتـەوە (بۆنی خوێنی لێشاو کردووی لەشیشم کە هەمیشە لە تاو ئازار چڵ ئەدا، وەك لافاوی باڵای تۆ ساف ئەڕۆیشت).

لـێرەدا دەبـێ بـڵـێین (بـاڵای تـۆ) بـەواتـای (بـەسەر تـۆدا) هـاتـووە و (ڕەوان)یش واتای (ساف) ناگەیەنێ، بەپێچەوانەوە واتای (خوڕ و لووزەو) دەدات کەواتە لێکدانەوەی بەشی دووەم بەم شێوەیە (بۆنی خوێنی لێشاو کردووی هەناوی پڕ لە ئازاریشم بەسەر تۆدا خوڕ تێدەپەڕی و لووزەوی دەبەست).

مـامـۆستـا لـە دوای لـێکدانـەوەکـە نـووسیویـە (لـە ئـەدەبی کـۆنـا هـەیـە تەشبیهی باڵای دۆست کراوە بەلافاو لە مەنگی و خۆش ڕەویدا) بەڵام قوربان بمبەخشن لافاو نە مەنگە و نە خۆشڕەوە.

٢٩- شای شادیم شکیا، سوپای خەم جەم بی

بەیـــداخی دەماخ شێـوەی ماتــەم بی. ل٢٨٤

وشەی (دەماخ) لەم بەیتەدا بە(بێ دەماخی) لێکدراوەتەوە. بەڵام لە کوردیدا یەکێك لە واتاکانی دەماخ (کەیف و شادی)یە، کە لێرەدا ئەمە مەبەستە: چونکە شاعیر دەڵێ (شای شادیم شکاو سوپای خەم کۆبوویەوە، ئاڵای کەیفیشم شێوەی ئاڵای پرسە و ماتەمینی دەنوێنێ) مامۆستا هەژار لە هەنبانە بۆرینەدا ل٣٢٦ نووسیویە: (دەماخ: کەیف سازی، شادی). (دەماخ پرواتن: کەیف تێکدان) (دەماخ تەخت: کەیف ساز، تەڕ دەماخ)، (دەماخ تەخت کردن: بە خۆشی ڕابواردن).

٣٠- ئاهووی خوتەنی فەیضی ئیلاهی

نافەی ناف راهی جەمەهـ تاماهی. ل٢٨٩

وشەی (راهـی) بـە(نـاو دەرکـردوو) لـێکـدراوەتـەوە. بـەڵام وشەکـە لـە

(راهـ+ی) پـێکـهـاتـووه، (راهـ) واتـه (ڕێگـه) راهـی واتـه: ڕێگـهبڕ، ڕۆشتوو، ڕێگەپێوان. بەم شێوە مانای بەیتەکە وای لێ دێت (ئەی ئاسکی ناوچەی خوتەنی بەرەکەتی خودایی کە بۆنی میشکی ناوکت لە ئاسمانەوە تا بنی زەوی ڕۆشتووە).

٣١- گاوە تەبەسسوم بەیضا بێزەوە

گاوە تەکەللوم شەهدئامێزەوە. ل٢٩٣

لەم بەیتەدا وشەی (بەیضا) هەڵەیە و (بیزا) ڕاستە کە ناوی گیایەکی بۆنخۆشی کێویلەیە.

مامۆستا لە واتای (بەیضا بێز)دا نووسیویە (سپی لە بەرچاو خەر). (بیزا)و نووسینی بەشێوەی (بیضا) ئەوە هەڵەی نەسساخەکانە. بەم پێیە واتای بەیتەکە بەم شێوە دەبێت (جارێك بەزەردەخەندەیەك کە گیای بیزا لە بەرچاو دەخات، جارێکیش بەقسەکردنێك کە تێکەڵ بەهەنگوین بووە (واتە قسەکە هێندە شیرینە).

٣٢- خەلیفەی صەدای (ادن) شنەفتە

بەڵەد نەسارای ئــەطواری هەفتە. ل٢٩٨

مامۆستا لەسەر (ئەطواری هەفتە) نووسیویە (حەوت حاڵەکە، ئەهلی تصوف ئەڵێن مرید ئەبێ بەحەوت حاڵدا تێبپەڕێ تا ببێ بەمورشیدی کامل، حەوت حاڵەکەش ئەمانەیە، تەصفیەی ڕۆح، تەصفیەی قەلب، سر، خەفی، ئەخفا، نەفس، طەبیعەت) بەڵام لە شیعرەکەدا مەبەست لە حەوت هەنگاوەکەی تری تەصوفە کە بریتین لە (وادی الطلب، وادی العشق، وادی المعرفە، وادی الاستغفار، وادی التوحید، وادی الحیرە، وادی الفقر والغنی) چونکە ئەگەر سۆفییەك ئەم حەوت قۆناغەی بڕی ئیتر بەوپەڕی مراز دەگــات و (فنـا فـي اللـه) دەبـێت وەکـو حـەلاج، رابعـەی عـەدەوی، مـەلای

جزیری..... دیارە گەشتن بەم پلەیەش لە پلەی (مورشیدی کامل) گەورەترە.

هەروەها (ئەطواری هەفتە) کینایەیە لە ئەفلاك. بەئاسانی دەتوانین ئەم واتایەش لە بەیتەکەدا بگونجێنین.

خەلیفەی صەدای (ادن) شنەفتە

بەڵەد نەسارای ئەطواری هەفتە

واتە: ئەی خەلیفەی ئەو پێغەمبەرەی کە لە ئاسماندا خوا پێی فەرموو (ادن: نزیك بەرەوە)، ئەی ئەو کەسەی کە شارەزای دەشتی ئاسمانەکانی واتە (ئەفلاك).

٣٣ – واسیطەی راگەی بەینی عیلم و عەین

صاحیب جەناحەین یەعنی ذی النورین. ل٢٩٩

مامۆستا لە لێکدانەوەی ئەم بەیتەدا چاکی پێکاوە، بەڵام ئەوەی نەفەرمووە کە (عەین) پیتی یەکەمی وشەی (عیرفان)ە. واتە شێخ سیراجەدین کە شیعرەکەی بۆ نووسراوە لە عیلم و عیرفاندا شارەزا بووە.

٣٤– دووەم چون کەسێ گەدایی کێش بۆ

یادی تەواضوع خەصڵەتی وێش بۆ. ل٣٠١

لەم بەیتەدا وشەی (کێش) بە(پەیڕەو) لێکدراوەتەوە، بەڵام (کیش) وشەیەکی فارسییە بەواتای دین و ئاین و مەزهەب دێت. بەم پێیە واتای بەیتەکە وای لێ دێت (دووەم کەسێکی وەك من کە لەسەر دینی هەژاری بێت و یادکردنەوەی خۆ بەکەم زانین خەسڵەتی بێت...)

ئەم بەیتە و بەیتی پاشەوەی کە دەڵێ:

ئەربارۆ نەدڵ تەواضوع کەردەن

هەر عادەتی وێش وەجا ئاوەردەن

واتە: ئەگەر خۆ بەکەم زانین بەدڵدا بێنیٚ و خۆی بەکەم بداتە قەڵەم، ئەوا هەر عادەتی خۆی بەجیٚ هێناوە.

ئەم دوو بەیتە لەو بەیتە شیعرە فارسییە وەرگیراون کە دەڵیٚ:

تواضع زگردن فرازان نکواست

گدا گر تواضع کند خوی اواست

واتە: خۆ بەکەم زانین لای پیاوی گەورە کارێکی چاکە، بەڵام ئەگەر هەژار بیکات ئەوە عادەت و خووی خۆیەتی.

٣٥- شانە شانای تای تورەی وەرزاخان

ملــەی بالآی نــەو تووڵی باخـــان. ل ٣١٠

لەم بەیتەدا وشەی (ملەما) بە(نەرمکەر) لێکدراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وشەکە بەکوردیکراوی وشەی (ملمح)ی عەرەبییە. مانای بەیتەکە بەم شێوەی لیٚ دێت (شانە لێدەری تاڵی زوڵفی گژوگیای لاپاڵەکان و ڕازێنەرەوەی بالآی نەو تووڵی باخەکان) - مەولەوی گەلیٚ جار دەبینین کە وشەی عەرەبی بەو شێوە کوردییە دەربڕیوە، وەکو محبت کردوویە بە(مۆبەت). عەزیز بە(ئازیز). معلق بە(مۆلەق) و هەروەها وشەی دی.

٣٦- راوییار ماتەم، گرد دەروون تەنگەن

قـــافڵە تاقـام قیامـــەت لەنگـــەن. ل٣١٦

لەم بەیتەدا وشەی (لەنگ) بە(شەل) واتا کراوەتەوە، بەڵام وشەکە فارسییە بەمانای (جێماو) دێت و لە شیعرەکەشدا ئەم واتایە راستە. واتای بەیتەکە بەم شێوەی لیٚ دێت (ڕێبوارەکان هەموو خەفەتبار و دڵتەنگن، منیش کاروانەکەم دەبیٚ تا بەرپابوونی ڕۆژی قیامەت هەر بەجێماو بیٚ و نەگاتە جیٚ).

٣٧- دەســتەی وەنەوشەی پەل دێزت یاوا

بۆش بۆی وەفای لەیل نەدەماخ ساوا. ل٣١٧

لەم بەیتەدا وشەی (دێز) بە(سەوزی تۆخ) لێکدراوەتەوە، بەڵام واتای (مۆر) دەگەیەنێ و گوڵی وەنەوشەش پەڕەکانی مۆرە.

٣٨- ئەو خەریك نەچۆڵ شاری عەدەمدا

من نە (کەربەلا)ی سارای ماتەمدا . ل٣٢٠

مامۆستا (ئەو خەریك نەچۆڵ شاری عەدەمدا)ی بەم شێوەیە لێکداوەتەوە (لە دەشتی چۆڵی شاری فەوتاوی و نەبوونیدا داماوە). (شاری عەدەم) بە(شاری فەوتاوی و نەبوونی) لێکدراوەتەوە، بەڵام (شاری عەدەم) کینایەیە لە (گۆڕ)، هەروەکو لە شیعردا (شاری خامۆشان)یشی پێ دەگوترێت. بەم پێیە واتای بەیتەکە وای لێ دێت (ئەو - عەنبەر خاتوون - لە چۆڵاییی گۆڕدا گیری خواردووە و منیش لە کەربەلای دەشتی ماتەمیندا کەوتووم).

٣٩- سەد پەرێـــم دایم خەم بەستەن کەڵەك

ئاخ هەر یەکجار داخ تۆ سەوزەن خەڵەك. ل٣٢٥

لەم بەیتەدا وشەی (سەوزەن) هەڵەیە و (سوزەن) ڕاستە بەواتای (سووتێنەر)، هەردوو وشەکە بەئیملای کۆن (سوزن) دەنووسرێت و مامۆستا بەو شێوە خوێندوویەتیەوە، لە لێکدانەوەیدا نووسیویە (بەڵام فەلەك داخی تۆ یەکجار سەوزە) بمبەخشە (داخی سەوز) هیچ مانایەکی نییە، ڕاستییەکەی ئەوەیە بگوترێت (داخی تۆ یەکجار سووتێنەرە).

٤٠- فەسڵـــی نەوپـــایز تازە کەردەن مەیل

شەماڵ هەرزان کەرد ڕشتەی نەوسوەیل. ل٣٣٨

لەم بەیتەدا وشەی (رشتە) بە(ڕەنگکراو) لێکدراوەتەوە، بەڵام رشتە وشەیەکی هاوبەشی کوردی فارسییە و بەواتای (رێسراو، هۆنراوە، هۆنینەوەی شتێ) دێت. ئەو کاتە واتای بەیتەکە وای لێ دێت (وەرزی پایزی نوێ مەیلی تازە کردۆتەوە و هاتووە، بای شەماڵیش نرخی ئەو گەڵایانەی هەرزان کرد کە نەو سیوەیل هۆندووینەتیەوە). (هەرزانکردنی گەڵا بەواتای زۆربوونیان دێ کە بای شەماڵ وەراندوونی).

(سیوەیل عەرەب و فارس بەشێوەی (سهیل) بەکاری دێنن کە بەئەستێرەیەك دەگوترێ نزیکی جەمسەری باشوور و لە شەوانی کۆتایی وەرزی هاویندا هەڵدێت و دەبێتە نیشانەی هاتنی پایز)

٤١- چـوون تەمـام نەتـەم غەفڵەتەنان گوم

سامەی، نەك وەجام، های وەخوم مەخوم. ل٣٤٠

لەم بەیتەدا (نەتەم غەفڵەتەنان گوم) بەم شێوە لێکدراوەتەوە (لە دەلیای نەزانیدا خنکاوم) کە وانییە و ڕاستییەکە ئەوەیە بەیتەکە بەم شێوە لێك بدرێتەوە (چونکە بەتەواوی لە ناو تەم ومژی بێ ئاگاییدا ون بووم، دەیسا مەیم بۆ بێنە، نەك بەجام بەڵکو بەگۆزە).

٤٢- مەعدووم تاوی یاو دووری زۆر ئاوەرد

تـاویـاو بیـنای قسـەی پەشێو کەرد. ل٣٦٤

لەم بەیتەدا (یاو) بە(تاوتێ و لەرز) لێکدراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وشەکە فارسییە و بەواتای (وڕێنە و قسە هەڵەچ و پەڵەچ) دێ. بەم شێوەیە مانای بەیتەکە وای لێ دێت (ئەی مەعدووم تین و تاوی وڕێنەکردن لە تاو دووركەوتنەوەی ئەو هێرشی هێنا، توایەوە بەسەر بنیاتی قسەمدا و تێکی دا بەسەریەکدا).

بەم شێوەیە پەیوەندی نێوان (یاو) و (قسەی پەشێو کەرد) دروست دەبێ.

(یاو) کورتکراوەی (یاوە)ی فارسییە، لە فارسیشدا هەندێ جار کورت دەکرێتەوە بە(یاو) وەکو (یارگی) بەواتای قسەی شڵتی و پڵتی کردن. خاقانی دەڵێت.

دادنقیب صبا عرض سپاه بهار

کز دو گروهی بدید (یاوگیان) خزان

(یاو گیان) کۆی (یاوگی)یە.

٤٣- ماخـــۆلیـــیای یاو ئیـنە خدێشەن

وەرنەئەی خەیاڵ پەرێشان چێشەن. ل٣٦٤

ئەم بەیتە دوای بەیتی پێشوو دێت. (یاو)ی ئەم بەیتە بەواتای (تا)یە کە وشەیەکی کوردییە و لە ناو جاف و ئەردەڵاندا بەکار دەهێنرێ. لە نێوان (یاو)ی هەردوو بەیتەکەدا مەولەوی یاری بەوشە کردووە. شیعرەکە بۆ لاواندنەوەی عەنبەر خاتوون نووسراوە کە بەم دوو بەیتەدا دەردەکەوێت کە عەنبەر خاتوون بەنەخۆشی وەبا مردووە.

٤٤- فەصڵی وەصڵی بەزم خاصەی نەدیمان

خـــاوێ بی و یەرد، دیمـــان نەدیمـــان. ل٣٦٤

ئەم بەیتەش دوای بەیتی پێشوو دێت، مامۆستا بۆ لێکدانەوەی وشەی (نەدیمان) نووسیویە (هاورێیانی ڕابواردن). بەڵام لە ڕاستیدا واتای (هاودەم) و (هاونشین) دەدات. مانای بەیتەکەشی وا لێکداوەتەوە (ڕۆژانی گەشتن بەکۆڕی ئاهەنگی برادەران خەوێ بوو بەسەرچوو، دیمان و نەمان دی) بەداخەوە وانییە و دەبێ بەم شێوە بێت (وەرزی بەیەکگەیشتنی بەزمی تایبەتی هاودەم یا هاونشینەکان- کە مەبەستی خۆی و عەنبەر خاتوونە - خەوێك بوو تێپەڕی و بەسەرچوو، دیمان و نەمان دی).

لە تەواوی شیعرەکەدا مەولەوی قسە لەسەر کۆچکردنی هاودەمەکەی واتە خێزانەکەی دەکات. ئیتر (کۆڕی ئاهەنگی برادەران) لە کایەدا نییە!.

٤٥- تا بـــادی مـوراد نە پێوارەوە

کەی بدۆت ئاخر ئەو کەنارەوە. ل٣٦٥

لەم بەیتەدا وشەی (پێوار) بە(وشکانی) لێکدراوەتەوە. بەڵام بەداخەوە وا نییە و واتای (لە پەناوە) دەدات. بەم پێیە واتای بەیتەکە بەم شێوەی لێ دێت (تاکو بای بەهیوا و ئاوات گەشتن لە پەناوە دێت و کەی بتداتە کۆتاییی کەنارەکە).

٤٦- ناپەیـــدای تەوەن دوور بێ سەفەرەن

سەفەر بێ لەشکر، لەشکر بێ سەرەن. ل٣٧١

لەم بەیتەدا (لەشکر بێ سەرەن) بە(لەشکرەکەی بێ سەفەر ماوەتەوە) لێکدراوەتەوە. بەڵام (سەر) واتای (سەردار) دەگەیەنێ و مانای بەیتەکە بەم شێوەیەی لێ دێت (لە ژێر بەردی ئەلحەد واتە لە ناو گۆڕدا شاراوەتەوە و بێ ئەوەی نیازی سەفەری هەبێت ڕۆشت، ڕۆشتنەکەی بێ لەشکر و لەشکرەکەیشی بێ سەردار و سەرلەشکر ماوەتەوە).

٤٧- مەیدان نە دیدەی سوپای تارەن

شۆڵەی تاسکڵاو تۆ نە پێـوارەن. ل٣٧١

ئەم بەیتە دوای بەیتی پێشوو دێت کە قسەمان لەسەر کرد. لێرەدا وشەی (مەیدان) تەنیا بەمەیدانی جەنگ لێکدراوەتەوە، بەڵام شاعیر مەبەستی (مەیدان)ی ناوچەی گەرمیانیشی لە بەرچاو گرتووە کە زستانەواری جافەکان بووە و شیعرەکەش بۆ قادر بەگی کەیخوسرەو بەگی جاف نووسراوە (لاواندنەوەیەتی). کەواتە وشەی مەیدان تەورییەی تێدایە و هەردوو ماناکە هەڵدەگرێ.

٤٨- هەر ساڵی چەند وەخت سەر هەردی لەیلاخ

وەبۆی هام دەمــیت دەمـــاخ مــەکەرد چاخ. ل٣٧٤

مامۆستا لەم بەیتەدا وشەی (چاخ)ی بە(قەڵەو) لێکداوەتەوە، نووسیویە (سەرهەردی کوێستانەکان هەر ساڵێ چەند مانگێك دەماخی خۆیان بەهاوڕێیەتی تۆ قەڵەو ئەکردەوە).

راستە (چاق) کە بۆتە (چاخ) لە فارسیدا واتای قەڵەو دەدات. بەڵام ئەم (چاخ)ە وشەیەکی کوردی ناوچەی کرماشان و ئەردەڵانە بەواتای هاتنە سەر زەوق و نەشەبوون. کەواتە مانای بەیتەکە بەم شێوەی لێ دێت (هەر ساڵێ چەند سات و وەختێ سەرهەردی کوێستانەکان بەبۆنی هاودەمیی تۆ لووتیان ئەکەوتە حاڵەتی نەشەبوون و بەبۆنی خۆش مڕ دەبوون.)

٤٩- بۆی بێ وەفاییت چون بۆی وەرزاخان

مـدۆ نەدەمـاخ بەخـــتان قولاخـــان ل ٣٨٠

لەم بەیتەدا وشەی (قولاخ) بە(بەرەڵا) لێکدراوەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا وشەکە (قەلاخان)ە، قەلاخ بەواتای ڕەش دێت. ڕەشیش لەگەڵ بەختدا دەگونجێ نەك بەرەڵا و وێڵ. بەم پێیە واتای ئەم بەیتە وای لێ دێت (بۆنی بێ وەفاییت وەك بۆنی لاپاڵی چیاکان دەدا بەلووتی بەخت رەشەکاندا -سیا بەختان-).

٥٠- جەسای دووی دەروون سەودایی بێ شۆ

نەڕەنجۆ صەفحەی لای سەوزەی وەش بۆ. ل٣٨٢

مامۆستا بۆ لێکدانەوەی ئەم بەیتە نووسیویە (وە ئەبێ لە سێبەری دووکەڵی دەروونی نەخۆشی لە ئەندازە دەرچووما تەختی رووی لای زوڵفی بۆن خۆشت ئەزیەتی نەبێ).

لەم بەیتەدا وشەی (جەسای) بەناوەرۆك واتای (بەبۆنەی) دەدات نەك لە (سێبەری) و (سەودایی) واتای (عیشق) دەدات نەك (نەخۆشی) و (صەفحە) واتای (ڕوومەت) دەدات نەك (تەختی رووی) و (سەوزی وەش بۆ)ش مەبەست (خاڵ)ە نەك (زوڵف). چونکە خاڵ، ئەو خاڵەی کە دەگوترێ ڕەنگی سەوزە، بەم شێوە واتای بەیتەکە وای لێ دێت (بەبۆنەی دووکەڵی دەروونی پڕ لە عیشقمەوە، ڕوومەتی لای خاڵە بۆن خۆشەکەت لێمان نەڕەنجێ).

٥١- ماتەمی و وەهار؟بێ شەوقی و نەوگوڵ؟

مەلوولی و گوڵزار؟ بێ زەوقی و بولبوڵ؟- ل٣٨٣

مامۆستا لەسەر ئەم بەیتە نووسیویە (ئەمانە موناسەبەتیان بەیەکەوە نییە، نازانم چۆن یەکیان گرتووە؟)

ئەم شیعرە وەکو مامۆستا ئاماژەی پێ کردووە لە لاواندنەوەی (ئەمنە خان)دا نووسراوە، شیعرەکەش بەو بەیتە دەست پێ دەکات و ئەوەی تێدا دەردەکەوێت کە ئەو خانمە لە بەهاردا مردووە. وشەکانیش موناسەبەتی چاکیان پێکەوە هەیە. (ماتەمی و وەهار؟) واتە: کەی ماتەمی و بەهاریان گوتووە کە بەهار وەرزی خۆشی و شادییە. (بێ شەوقی و نەوگوڵ؟) واتە: کەی بێ شەوقی و گوڵ نوێیان گوتووە لە کاتێکدا کە گوڵی نوێ پڕ لە شەوق و شادییە.

(مەلوولی و گوڵزار؟) واتە: گوڵزار و مەلوولیش پێکەوە نایانکرێ، چونکە گوڵزار پڕە لە زەرق و بەرق. (بێ زەوقی و بوڵبوڵ؟) واتە: کەی بولبول و بێ زەوقییان وتووە؟ کە بولبول هەمیشە لە ئاواز چڕین و کەیف و سەفادایە.

موناسەبەتەکە ئەوەیە: بەهار ماتە، نەوگوڵ بێ شەوقە، گوڵزار مەلوول و غەمگینە، بولبولیش بێ زەوقە، ئەمانە هەمووی لەبەر مردنی ئەو خانمە.

٥٢- ئـــەو بـــاڵای ئاڵای تەرز سەهی سەروو

پێوە هێلانەی دڵان چون تەزەروو.ل٣٨٤.

لەم بەیتەدا وشەی (ئاڵا) بە(ڕەنگاوڕەنگ) و وشەی (سەهی) بە(سێبەر) لێکدراونەتەوە. بەڵام (ئاڵا) واتە (بەرز) و (سەهی)ش واتە (قنج و قیت). (سهی) وشەیەکی فارسییە و ئەم واتایە دەدات کە ئێمە نووسیمان و هەروەها لە ئەدەبیاتی فارسیشدا بۆتە سیفەتی سەروو. حافظ دەڵێ:

چندان بوو کرشمه و ناز سهی قدان

کاید بجلوه سرو صنوبر خرام ما.

(سهی قدان) واتە (باڵا قنج و قیتەکان).

بەیتەکەی مەولەوی وەسفێکی کلاسیکییانەی باڵای (ئەمنە خان)ە کە شیعرەکەی بۆ نووسراوە و واتای بەیتەکە وای لێ دێت (ئەو باڵا بەرز و کەڵەگەتەی بەشێوەی دار سەرووی قنج و قیت ڕاست هەڵچووە، کە دڵەکان – مەبەست دڵدارانە – وەکو کۆترە باریکە هێلانەیان پێوە کردبوو).

٥٣- نەتۆی جامەی خاك حاڵاتش چۆن بۆ

دەك چـــەرخـە بەختت هەر نیلگۆن بۆ. ٣٨٥

مامۆستا لەم بەیتەدا وشەی (جامە)ی بە(کراس) لێکداوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وشەیەکی فارسییە بەواتای پۆشاك و جلوبەرگ. ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی (بەرگی حەریر)ی بەیتی پێشەوەیدا موناسەبەتی هەیە. لە بەیتی پێشەوەیدا دەڵێ:

ئـــەو کۆی نەزاکەت وەناز پەروەردە

لەطافەت جەبەرگ حەریر ڕەم کەردە. ل٣٨٤

واتە: ئەو کۆگای ناسکی و نەزاکەتە کە بەناز پەروەردە کرابوو، ئەوەندە

ناسك بوو ناسكییەكەی لە جلوبەرگ یا پۆشاكی حەریر سڵی دەكرد.

واتای بەیتەكەی مەبەستیشمان وای لێ دێت (ئاخۆ ئێستە لە نێو پۆشاكی خاكدا حاڵی چۆن بێت؟ دەك فەلەك بەختت هەر نیلگۆن بێ «بۆ كارێ كە كردت»).

ئەم دوو بەیتەش هەر لەسەر ئەو شیعرەن كە بۆ لاواندنەوەی (ئەمنە خانم) نووسراوە.

٥٥- خێڵ خانەی مەینەت پەند ئاما و شییەن

وەصەفــحەی دڵدا سۆهـــان ساو بیـــەن. ل٣٨٨

لەم بەیتەدا وشەی (خێڵ خانە) بە(كاروان) لێكدراوەتەوە. بەڵام (خیلخانە) لە ڕاستیدا وشەیەكی فارسییە بەواتای (هۆز و عەشیرەت) و (بەرەباب) دێت. ئەوەتا نظامی بەم شێوە بەكاری هێناوە و دەڵێ:

چۆن سخنگو سخن بە اخر برد

در زد اتش بە خیلخانە كرد

هەروەها لە بەیتەكەدا (سۆهان ساوبیەن) بەم شێوەیە لێكدراوەتەوە (وەك چەقۆی ساف بووی لە هەسان چووەوەی لێ هاتووە). داوای لێبووردن دەكەم ئەمەش وا نییە. مانای بەیتەكە بەم شێوەی لێ دێت (هۆز و عەشیرەتی مەینەت ئەوەندە هاتووە و چووە بەسەر تەختی دڵمدا، تەختی دڵم ساف و لووس بووە وەك بەهەسان سواق درابێ وایە).

٥٤- loولی تەراویح وەش وەش مدۆ دەنگ

بێ ئاهـــەنگەن تار تەموورەی ئاهەنگ . ل٣٩٤

مامۆستا لەم بەیتەدا وشەی (لوولە) بە(شمشاڵ) لێكداوەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا وشەكە (لوولی)یە بەواتای (سروودبێژ، ئاهەنگ چڕ). بەم پێیە

دەبێ بەیتەکە وا لێك بدەینەوە (ئاهەنگ چڕی نوێژی تەراویح پەیتا پەیتا دەنگی لێوە دێ و تاری تەموورەی ئاهەنگ و خۆشی ئاوازی لێ بڕاوە).

٥٥- هەی هیلال، هەی عید، خێزۆ جەیاران

وەڕەغـــم گـــرۆی پـــــەرهـێـــزگـــاران. ل٣٩٥

لـەم بـەیـتـەدا مـامـۆسـتـا وشەی (پـەرهـێزگـاران)ی بـە(پـارێزکـەران) لێکداوەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا وشەکە فارسییە و واتای (خواپەرستان - ئیمانداران) دەدات. شیعرەکە بۆ مانگی ڕەمەزان گوتراوە. شاعیریش لەم بەیتەدا دەڵێ (دەنگی - ئەوە مانگە، ئیتر جەژنە - با لە دۆستانەوە بەرز بێتەوە، ئەمەش بەپێچەوانەی تیپی خواپەرستانەوە (کە خواپەرستەکان حەز دەکەن هەر ڕەمەزان بێت بۆ ئەوەی تاعەتی زیاتر بکەن).

٥٧- ئەرتەصدیع نە بۆ، وەجان فیدای وێت

گـۆش دەرسـەوادش بوانـــوون پەرێت.

مامۆستا لەم بەیتەدا وشەی (سەواد)ی بە(ڕەشایی) لێکداوتەوە، بەڵام ئەوە واتای کوردییەکەیەتی ئەگەر (سواد) عەرەبی بێت. (سواد) کە چۆتە ناو زمانی فارسییەوە ئەم واتایەی لە خۆ گرتووە (توانای خوێندنەوە و نووسین). بەم پێیە لە بەیتەکەدا واتای (نووسین) ڕاستە. چونکە شیعرەکە نامەیەکە مەولەوی بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی نووسیوە. جا لەو بەیتەدا بەشێخ عەزیز دەڵێ: (ئەگەر بۆت نابێ بەمایەی سەرئێشە گوێ شل کە بۆ ئەم گیانفیدای خۆتە با نووسینەکەیت بۆ بخوێنمەوە) نازانم مامۆستا بـۆچـی نووسیویـە: سەواد: ڕەشایـی. کـەچـی لـە لێکدانـەوەی بـەیـتـەکـەدا فەرموویە (با نووسراوی ناو نامەکەت بۆ بخوێنمەوە)!!.

٥٨- والحاصل سەمووم بای تاڵەی سستیم

پەژمـــوردە کەردەن وەهـــاری هەستیم. ل٤٠٩

مامۆستا لەم بەیتەدا وشەی (سستی) بە(بەدبەختی) لێکداوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بەواتای (کزی و لاوازی و تەمبەڵی) دێت. لە لێکدانەوەی بەیتەکەدا بەکورتی نووسیویە (بەکورتی بای بەدبەختیم بەهاری ژیانمی شین کردووە) لەم لێکدانەوەیەدا دیارە وشەی (شین) بەرامبەر بە(پەژموردە) دانراوە. لە کاتێکدا کە پەژموردە واتای (ژاکان) دەدات. بەم پێیە واتای بەیتەکە وای لێ دێت (بەکورتی تین و تاوی بای بەخیی کز و لاوازم، بەهاری بوونی ژاکاندووم).

٥٩- کــزەی ڕەشـەبای هەناسانی سەرد

سیامالّی عەیش تەختە تەختە کەرد. ل٤٢٠

مامۆستا لەم بەیتەدا (تەختە تەختە کەرد) بە(تەختەکانی لەیەك کردەوە) لێکداوەتەوە. بەڵام سیامالّ واتە (چادر یا دەوار) تەختەیان نییە، کەواتە (تەختە تەختە) واتای (شڕ و وڕ) دەدات و مانای بەیتەکە بەم شێوەی لێ دێت (کزەی ڕەشەبای هەناسە ساردەکانم دەواری ژیانمی شڕ و وڕ کرد و دای بەسەر یەکدا).

٦٠- سیاهەی دەفتەر میـرزای ئەزەلەن

زییادی و نوقسان رزق و ئەجەلەن. ل٤٢٤

لەم بەیتەدا وشەی (سیاهە) لێك نەدراوەتەوە، کە بەبێ ئەوەش واتای بەیتەکە بەتەواوی نایەت بەدەستەوە. (سیاهە) وشەیەکی فارسییە بەواتای (نووسین) یا (پارچە کاغەزێ کە فرۆشیار حیسابی شتی کڕراوی تێدا بکات). شاعیر مەبەستی ئەم پارچە کاغەزەیە، بەڵام کاغەزێك بەواتای (نامەی ئەعمال) ئەو کاتە مانای بەیتەکە وای لێ دێت (ئەمشەو شەوی ئەوەیە کە خودا نامەی ئەعمالی خەڵك دیاری دەکات لە زیاد و کەمکردنی رزق و رۆزی و ژیان و مردندا). ئەو (شەوە)ش شەوی بەراتە.

٦١- کەسێ قووتش نوقڵ رازی یاوەرەن

یەکێ زیندەگـیش وەصڵی دڵبەرەن. ل٤٢٤

لەم بەیتەدا وشەی (یاوەر) بە(یاران) لێکدراوەتەوە. بەڵام بەداخەوە وا نییە و ئەو لێکدانەوەیە بەتەواوی واتای شیعرەکەی گۆڕیوە. شیعرەکە وەك مامۆستا ئاماژەی پێ کردووە لە شەوی بەراتدا نووسراوە، کەواتە وشەی (خودا) خۆی دەسەپێنێ بەسەر شیعرەکەدا و بێ ناوی ئەو شیعرەکە نوقسان دەبێت. بۆیە لەم بەیتەدا (یاوەر) کە واتای یارمەتیدەر و بەهاناوە هاتوو دەدات، پێویستە بە(خودا) لێك بدرێتەوە، هەروەها وشەی (دڵبەر) پێویستە بە(پێغەمبەر) لێك بدرێتەوە نەك (یار). ئەو کاتە واتای بەیتەکە وای لێ دێت (یەکێك قسەی وەك نوقڵ شیرینی خودا خۆراکیەتی و یەکێکی تر ژیانی بووە بە گەشتن بە خزمەتی پێغەمبەر).

٦٢- جەی گۆشە خاستەر نیەن مەسکەنێ

ساقی گیان ئامان خومار ئەشکەنێ. ل٤٣٢

لەم بەیتەدا وشە دووانەی (خومار ئەشکەنێ) بە(سەرخۆشی لابەر) لێکدراوەتەوە، لە ڕاڤەی بەیتەکەشدا یا ئەو وشە دووانەدا نووسیویە (پیاڵەیەك شەرابی بیرکردنەوەم بدەرێ) بەداخەوە هەردوو لێکدانەوەکە لە جێگای خۆیاندا نین. وشەی (خومار) واتە: ئارەزووکردنی شەراب و مەوادی موخەدیر، حاڵەتێکی ناخۆشە بەسەر موعتاد و مودمیندا دێت، تاکو مادەی موخەدیر دەخوات و نەشەو مەست دەبێت. بەم شێوە واتای بەیتەکە وای لێ دێت (هیچ شوێنێ لەم گۆشەیە چاکتر نییە، مەیگێڕ گیان دەخیلتم مەیەکم بدەرێ تا حاڵەتی خوماریم نەمێنێ).

٦٣- نەواتم عەرعەر سەهەند پەروەردە

باخــەوانان داخ وەتۆی گڵ بەردە. ل٤٤٥

مامۆستا لەم بەیتەدا وشەی (عەرعەر)ی بە (چنار) لێکداوەتەوە، بەڵام وا نییە و عەرعەر بۆ خۆی درەختێکی جیاوازە کە وەکو دار سەروو وایە بەڵام کەمێ بالاکورت و گچکەترە، هەندێ جار لە شیعری فارسیشدا چوێنراوە بەبالای یار. مامۆستا لە (ل١٩٠)دا بەپێچەوانەی ئێرەوە بەم شێوە واتای عەرعەری لێکداوەتەوە (عەرعەر کە دارێکی بەرزە وەك چنار).

٦٤- نزوول کێشان دەس بەختم نەڕای بەد
پای ئـەدەب نـەڕای عەدەد کەردم ڕەد
ناگـاوە فریـب پـشتی پـادا لێم
مـن وست وەگێـجاو قەلەندەریی وێم. ل٤٤٨

مـامـۆستـا لـەم چـواریـنـەدا وشەی (نـزوول)ی بـە(کـزی) وشەی (قـەلـەنـدەریـی) بـە(بـەرەڵایـی و بـێ سەروشوێنـی) لـێکداونـەتـەوە. بـەڵام (نزوول) وشەیەکی عەرەبییە بەواتای (هاتنە خوارەوە) و (قەلەندەریش) بەواتای (هەژاری، یا کەسێك کە گوێی لە ژیان و دنیا نەبێت) بەم شێوە واتای چوارینەکە وای لێ دێت (بەختم دەستی دانەواندم بۆ خراپەکاریی و لە ڕادەبەدەر پێی ئەدەبم ڕاکێشان، لەناکاودا بەفێڵ پاشقوولێکی لێ گرتم و خستمیە گێژاوی هەژاریی خۆمەوە «یا خستمیە گێژاوی حاڵەتی گوێنەدان بەژیان و دنیاوە»).

٦٥- جەذبەی ئاهینم دەماخ دان پەرداخ
میقناتیز جۆی جام کەردەن وە یاتاخ . ل٤٥٢

مامۆستا لە پەراوێزی لێکدانەوەی ئەم بەیتەدا نووسیویە [لە هەندێ نوسخەدا لەجیاتی «ئاهینم» نووسراوە «ئاسنم»] لای ئێمەش لە بەیازی (سەید شەهاب) و (مەلا مستەفای دۆڵاوی)دا هەر (ئاسنم) نووسراوە. لە هەندێکی تردا (ئاهەنم) کە (ئاهەن)یش بەفارسی هەر (ئاسن)ە و هەر

کامیان بێت هیچ لە واتای بەیتەکە ناگۆڕێت. بەڵام گرفت لەوەدایە کە جەنابی مامۆستا (اهنم)ی بە(ئاهینم) خوێندۆتەوە. هەروەها وشەی (جام)ی بە(شووشە) لێکداوەتەوە. کە لە ڕاستیدا واتای (ئاوێنە) دەگەیەنێ.

لە بەیازی (سەید شەهاب)دا لە پەڕاوێزی ئەم بەیتەدا نووسراوە (مقناطیس درهرجای آهن میرباید الادر توی آینه نباشد، ازخوف اینکه آهن اورا بر باید خودش بتوی آینه (افکنده). واتە (موقناتیز لە هەموو شوێنێکدا ئاسن ڕادەکێشێ تەنیا لە ناو ئاوێنەدا نەبێ، لە ترسی ئەوەی ئاسنەکە ڕای بکێشێ خۆی خستۆتە ناو ئاوێنەکەوە).

ئەمەیە واتای ڕاستەقینەی بەیتەکە.

٦٦- موترب بەو نەغمەی (شانازی)تەوە

یا بەو پەردەی پاك (حیجازی)تەوە ل٤٦٠

لەم بەیتەدا وشەی (پەردە) و (پاك) حیسابیان بۆ نەکراوە، کە بەبێ ئەو دووانەش بەیتەکە واتا جوانەکەی لە دەست دەدات. (پەردە) لە فارسیدا بەهەر یەکێك لە ئاوازەکان دەگوترێت. (پاك)یش لە فارسیدا یەکێ لە واتاکانی (صاف)ە. بەم پێیە واتای بەیتەکە وای لێ دێت (ئەی گۆرانیبێژ بەو ئاهەنگی شانازی)یەتەوە یا بەو ئاوازە صافەی (حیجازی)تەوە.

٦٧- بوڵەندکە دڵ سۆز صەدای دڵتەنگیی

بەڵکم بێدار بوو جەی خاوی سەنگیی. ل٤٦٠

لەم بەیتە دوای بەیتی پێشەوە دێت کە باسمان کرد، لێرەشدا دەبێ (دڵ سۆز) بەشێوەی (دڵسۆز) بنووسرێ، کە ناوی مەقامێکی کۆنە و دەبێتە هاودەنگی (شانازی) و (حیجازی). دوای ئەوەی لە بەیتی پێشوودا شاعیر داوای لە گۆرانیبێژ کرد کە گۆرانی بچڕێ، لێرەشدا دەڵێ: (مەقامی دڵسۆز بەدەنگێکی بەرز و بەشێوەیەکی حەزین بڵێ تا بەڵکو لەم خەوی قورسی

بێ ئاگاییە خەبەرم بێتەوە).

مەولەوی جارێکی تر ناوی مەقامی (دڵسۆز)ی هێناوە، وەك دەڵێ:

بوڵەندکەر مـــەقام (دڵسۆز) وەراسی

تەنزیلەش فەرد گەل خاڵۆی کۆماسی. ل٤٢٨

کـەواتـە (دڵسۆز) ڕاستـە نـەك (دڵ سۆز) کـە مـامـۆستـا بـەشێوەی (گڕ بەربداتە دڵ) لێکی داوەتەوە، بەداخەوە لێرەدا مامۆستا (دڵ سۆز)ی بە(دڵ سووتێنەر) زانیوە.

٦٨- دووەم جەحـاڵات پەشێویی حاڵم

جەشۆریی بەخت و وێرانیی ماڵم. ل٤٦٥

لەم بەیتەدا وشەی (شۆریی) بە(شوومی ) لێکدراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا (شۆر) بەواتای (ناڵە و هاوار، ئاشووب، فیتنە، هەڵچوون و پەرێشان حاڵی ) دێت، کە لە بەیتەکەدا (پەرێشان حاڵیی) موناسیبە و بەم شێوە واتای بەیتەکە وای لێ دێت (دووەم لەبەر چۆنیەتی حاڵی پەشێوم و لە پەرێشان حاڵیی بەختم و وێرانی ماڵم).

٦٩- تووڵانی چون هـیجر خاتر پڕ دەردان

ڕەوان وێنەی وەصڵ گەردن بێ گەردان. ل٤٦٧

لەم بەیتەشدا وشەی (ڕەوان) بە(ساف و مەنگ) لێکدراوەتەوە، بەڵام پێچەوانەی ئەو واتایە دروستە و (ڕەوان) واتە (خوڕ، لووزەو) بەم شێوە واتا بەیتەکە دەبێ وابێت (دووردرێژ وەکو دوورکەوتنەوەی دڵ پڕ لە دەرد و ئازارەکان و بەخوڕ وەکو بەیەکگەشتنی گەردن و مل جوانەکان)

٧٠- ڕەعــنا غــەزاڵێ، بـاڵا شمشاڵێ

صاحێب کەماڵێ، گەردی دڵ ماڵێ. ل٤٨٢

مامۆستا لەم بەیتەدا وشەی (ڕەعنا)ی بە(بێ موبالات) لێکداوەتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا بەواتای (بالآی زراف) دێت یا (جوان). کە لە بەیتەکەدا مەبەست (جوان)ە.

٧١- پەروانە ســـازش، شەم سا سۆزشێ

گوڵ ئەندام نازش، بەهرام شۆرشێ. ل٤٨٢

لەم بەیتەدا (شۆرش) بە(بەسۆز) لێکدراوەتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا واتای (پەرێشان حاڵیی) دەگەیەنێت.

٧٢- عەرەقچین نە تۆی سورمەدا غەرقێ

وە فـــەرق فەرقێ بـــازەوق و بەرقێ. ل٤٨٣

وشەی (فەرق)ی دووەم لەم بەیتەدا بەواتای (خەتێك لە ناوەڕاستی سەردا، ئەو خەتە کاتێ دروست دەبێ کە ئافرەتان قژیان لە ناوەڕاستی سەردا دەکەن بەدوو بەشەوە) دێت.

هەروەها (زەوق و بەرق) ڕاست نییە، بەڵکو (زەرق و بەرق) دروستە، بەواتای (تروسکە و بریقە)، (درەخشش)، زەرق و بەرق لە کوردیدا مەشهوورە وەکو دەگوترێ (ژنەکە جلی زەرق و بەرقی وا لەبەردا) واتە جلی رازاوە و ئاڵ و والآ و تروسکەدار.

٧٣- شەکەر زەبانێ، خونچە دەهانێ

لوولوو ددانێ، لەب لەعل کانێ. ل٤٨٤

مامۆستا وشەی (لەعل)ی بە(ئاقیق) لێکداوەتەوە، بەڵام جیاوازن.

٧٤- میهری بەهارێ، قەهری خەریفێ

بەشـــیر رەدیـــفێ. نەذیر حەریفێ. ل٤٨٤

لەم بەیتەدا لەباتی (میهر)، (مەهر) دروستە، هەم بۆ هاودەنگیی (قەهر) و هەم بەواتای (مارەیی)، ئەم شیعرە یەکێکە لەو دوو شیعرەی دیوانی مەولەوی کە تێیدا زۆر بایەخی بەمۆسیقای وشە و گەمەکردن بەوشە داوە. لەم بەیتەدا مۆسیقا و گەمەکە بەم شێوە دەبینین (مەهر – قەهر). (خەریفێ – ڕەدیفێ – حەریفێ)، (بەشیر – نەذیر) کەواتە (مەهر) ڕاستە و لێکدانەوەی بەیتەکە بەم شێوە دەبێت (بەهار بەو هەموو گوڵ و گیایەیەوە مارەییەتی، تووڕەبوونی وەك پایز وایە – پایز کە تووڕە دەبێ گەڵا دەوەرێنێ – موژدە دەدا بەهاوشانەکەی و بەرامبەرەکەی دەترسێنێ).

٧٥– مشـــــاناى وەپێڵ لوولەی دوور مەنزڵ

مووسەوی سەر تەڵ کارخانەی مووسڵ. ل٤٨٩

لەم بەیتەدا مامۆستا وشەی (پێڵ)ی بە(قۆڵ) لێکداوەتەوە، بەڵام واتای (سەرشان) دەدات. چونکە تفەنگ دەکرێتە شان نەك (قۆڵ!). واتای بەیتەکە (تفەنگە مووسەوییە چاکەکەی بەرهەمی کارخانەی مووسڵت دەکردە شان کە گوللەی زۆر دەڕۆیشت). لێرەدا ئەوەم پێ سەیرە جەنابی مامۆستا کە لەوێ (قۆڵ)ی نووسیوە کەچی لە واتاکەیدا نووسیویە (ئەکردە شان!).

٧٦– وەش دەماغ، دڵشاد، بەو شکڵ و شێوە

پێوە وەو جەســتەی سەد سەودا پێوە. ل٤٩٠

لەم بەیتەدا وشەی (سەودا) بە(دەرد) لێکدراوەتەوە، ئەوەتا لە ڕاڤەکردنی بەیتەکەدا مامۆستا نووسیویە (بەدڵێکی شاد و دەماخێکی خۆشەوە، تۆ بەو دیمەنە جوانە و من بەم لەشی گرفتاری هەزار دەردمەوە). هەروەها (وەش دەماخ)یانی (ئەوپەڕی زەوق) ئەوەی مامۆستا نووسیویە (دەماخێکی خۆشەوە) وەرگێڕانی وشە بەوشەیە نەك وەرگرتنی مانای وشە.

وشەی (سەودا)ش واتای (عیشق و شەیدایی) دەگەیەنێت.

وە هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە بەیتەکە درێژەدانی شەش بەیتی پێشووە کە هەمووی لە وەسفی شێخ یوسفدایە کە مەولەوی نامە شیعرییەکەی بۆ نووسیوە، ئیتر (من بەم لەشی گرفتاری هەزار دەردمەوە) نابێت، بەڵکو لە ڕاستیدا واتای بەیتەکە وایە (بەوپەڕی زەوق و دڵی شادەوە، لەگەڵ ئەو دیمەنە جوانەتدا و ئەو جەستەیەت کە نیشانەی سەد عیشق و شەیدایی پێوەیە).

٧٧-تۆ کەڵ گەل، گەل گەل وەچەم مەکەردی

پارێز وە پای ڕێز ئەستەم مەبەردی. ل٤٩١

لەم بەیتەدا (چەم مەکەردی) بە(ئەکردە چاو) لێکدراوەتەوە، کە ئەمەش وەرگێڕانی وشە بەوشەیە، ئەگەر لەباتی ئەوە بڵێین (دەدیت) دروستە. بەم پێیە واتای بەیتەکە بەم شێوەی لێ دێت (تۆ کۆمەڵ کۆمەڵ کەڵەکێوییەکانت دەدیت و بەئاستەم پێت لەسەر وردە بەردەکان دادەنا بۆ ئەوەی دەنگی پێت نەیەت و کەڵەکێوییەکان دەرچن).

٧٨- بەڵام من جەستەم خەیلێ بەد حاڵەن

لاڵ بوون مالوومەن ئەو نەوە باڵەن . ل٤٩٦

مامۆستا لە لێکدانەوەی وشەی (وەباڵ)دا نووسیویە (نەگبەتی). ئەمە ڕاستە و دروستە، بەڵام ئاماژەی بەوە نەکردووە کە ئەم وشەیە بەزاراوەی فەلەکی واتای ئەو کاتە دەگەیەنێ کە ڕۆژی تێدا دەگیرێ.

ئەم بەیتە لەسەر ئەو قەسیدەیە کە مەولەوی بۆ شێخ عەزیزی جانەوەرەیی نووسیوە لە کاتێکدا کە ئاوڵەی گرتووە.

شاعیر لە قەسیدەکەدا چەند زاراوەیەکی فەلەکی هێناوە، وەکو (هەفت

تارم، چەرخی چوارەم، بورج، سەعدی ئەکبەر، ئەوج، خانەی شەرف، ستارە، خورشید...) کەواتە (وەبالّ)یش دەبێ جگە لە مانا ڕووکەشییەکەی مانا ڕەمزییەکەشی لێك بدرێتەوە. مەولەوی لە قەسیدەکەدا و بەتایبەتی لەم بەیتەدا سیمای شێخ عەزیزی چواندووە بەخۆر و هەر بۆ ئەوەش ئەو چەند زاراوە فەلەکییەی تێدا بەکار هێناوە. واتای ئەم بەیتە بەستراوە بەپێنج بەیتی پێش خۆیەوە، کەواتە ئەگەر وشەی (وەبالّ) بەمانا فەلەکییەکەی لێك نەدرێتەوە واتای هەموو بەیتەکان دەشێوێ.

٧٩– نیم نیگاش هەوەس دڵ دۆزیش نیەن

نازش دڵبـــەریش جە خـــاتر شـیەن. ل٤٩٦

لەم بەیتەدا وشە دووانەی (دڵدۆزی) بە(دڵ دوورینەوە) لێکدراوتەوە، بەڵام ئەمەش دیسان وەرگێڕانی وشە بەوشەیە. لە ڕاستیدا (دلدوز) وشە دووانەیەکی فارسییە بەواتای (ئەوەی کار بکاتە سەر دڵ و پەرێشانی بکات) بەم پێیە واتای بەیتەکە وای لێ دێت (نیو نیگای مەیلەکەی جارانی نەماوە کار بکاتە سەر دڵان و پەرێشانیان بکات، هەم نازکردن و هەم دڵداریی لە بیر چۆتەوە).

٨٠– قافڵەچی ئامان دادەن دەخیلم

بنەك داری خەم خەیلێ زەلیلم. ل٥٠٠

وشەی (بنەکدار) هەم کورد بەکاری دێنێ و هەم فارس، لە کوردیدا ئەو واتایە دەدات کە مامۆستا نووسیویە (ئەو کەسەیە کە پێش کۆچکردنی هۆز ئەچێتە هەوارگە بۆ جێ خۆشکردن و ئامادەکردنی نان و خۆراك و حەیوان لەوەڕاندن).

لــە فــارسیشدا بــەواتــای (فــرۆشیــارێ کــە بــەدەرزەن شت بــفــرۆشێ، عــمــدەفرۆش) مـەولـەوی ئـەم وشـەیـەی بەهـەردوو واتـاکـە بـەکـار هـێـنـاوە.

بەواتا کوردییەکەی لەم بەیتەدا پەیوەندی لەگەڵ وشەی (قافڵەچی) پەیدا دەکات و بەواتا فارسییەکەشی پەیوەندی لەگەڵ وشەی (تیجارەت)ی بەیتی پاشەوەیدا پەیدا دەکات کە دەڵێ:

نەڕای تیجارەت ئەمیری وەلی
تۆ مایەی رەواج عەباس و عەلی

بۆیە دەکرێ بەیتەکە بەشێوەکەی مامۆستا لێك بدرێتەوە کە نووسیویە (دەخیلتم کاکەی کاروانچی من لێرە لەسەر ماڵی خەم و خەفەت دانیشتووم و زۆر زەلیلم). یان بەم شێوە: (دەخیلتم کاکەی کاروانچی من زۆر زەلیلم و بەدەرزەن فرۆشیاری خەمم) ئینجا لێرەوە دەچێتە سەر بەیتی پاش خۆی کە لەسەرەوە نووسیمان و باسی (تیجارەت) دەکات. ئەم کارەی مەولەوی یاریکردنێکی هونەرییانەیە بەوشە.

٨١- ڕەعـــنا سادەیێ، نیگا بادەیێ
صەهبا نەشئەیێ، پەریزادەیێ. ل٥٠٧

لێرەشدا وشەی (رەعنا) بەم شێوە لێکدراوەتەوە (رەعنا سادەیێ: بێ کەش و فشێکی کەمتەرخەمی خۆ بەهیچەوە نەبەستوو) بەڵام هەر واتای (جوان) دەدات و (رەعنا سادەیێ) واتە: جوانێکی ساکار.

٨٢- هیجران دۆزەخێ، ویصال بەهیشتێ
نازك گوڵ روخێ، کەعبە کەنیـشتێ. ل٥٠٧

لەم بەیتەدا لەسەر (کەعبە کەنیشتێ) نووسراوە (جێ و شوێن وەك کەعبە پیرۆزێك). بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە (کەنیشت) پەرستگای یەهودییەکانە (کەنیسە) کەواتە یانی (کەنیسەکەی وەك کەعبە وایە).

٨٣- پا چون مەنیای، دیدەم نە دیدەم

ئازاربی پەرێش موژدەی نم دیدەم. ل٥٢٠

لەم بەیتەدا لەباتی (نم دیدەم). (نەمیدەم – نمیدم) دروستە کە وشەیەکی فارسییە بەواتای (تەڕ)، (شێدار). شاعیرێکی فارس بەناوی (نزاری) دەڵێ:

پی رم برگرفت آن دل رمیدە
نسیمی بردە از خاك نمیدە.

واتە: بۆ ڕاکردن ئەو دڵبەرە یا دڵفڕێنە نەسیمێکی لە خاکی تەڕ وەرگرت.

لە بەیتەکەی مەولەویدا مامۆستا واتاکەی تەواو لێکداوەتەوە، بەڵام مەبەستی من ساخکردنەوەی وشەکەیە.

٨٤– لوان چەنی کۆچ خاڵۆکەی هامفەرد
ئیستە بار وستەن نە هەوارگەی هەرد. ل٥٤١

لەم بەیتەدا لەباتی دوا وشە (هەرد)، (دەرد) ڕاستە. جەنابی مامۆستاش لە لێکدانەوەکەیدا هەر (دەرد و مەینەتی) نووسیوە (لەگەڵ کۆچ و باری خاڵۆی شاعیردا یا هاوڕێمدا ڕۆیشتوون و ئێستا لە هەوارگەی دەرد ومەینەتا باریان خستووە).

ئەم وتارە بەچوار ئەڵقە لە ژمارەکانی (٢١٥، ٢١٦، ٢١٧، ٢١٩)ی برایەتی ئەدەب و هونەردا بڵاو کراوەتەوە، بەڵام پاشان کە چوومەوە سەری هەندێ دەستکاری پێشەکییەکەیم کرد و هەندێ وشەی ترم پێ زیاد کرد.

## چەند نامەیەکی مەولەوی بەعەرەبی

بەڕێز جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە بەرگی دووەمی یادی مەردانددا (٣٨) نامەی ئەم شاعیرەمانی بڵاو کردۆتەوە، کە تەنیا لە نامەی هەشتەمیاندا کە بۆ شێخ محەمەد جەسیمی مەردۆخی نووسیوە بەشی یەکەمی نامەکە عەرەبییە، ئیتر نامەکانی دیکە فارسین. ئەو نامانە جگە لەوەی لە هەندێکیاندا گەلێ لایەنی مێژوویی ئەو سەردەم و ڕۆژگار پێش چاو دەخەن و جگە لەوەی کە پەیوەندیی دۆستانەی مەولەوی بەپیاوە گەورەکانی ئەو دەورانەوە دیاری دەکەن و جگە لەوەی ڕۆشنایی دەخەنە سەر چۆنیەتی ژیانی شاعیر ئەوەشمان پێ دەڵێن کە مەولەوی چەند بەدەسەڵات بووە لە هۆنینەوەی پەخشانی فارسیدا و چەند توانای بەسەر ئەو زمانەدا شکاوەتەوە.

ئەم دوازدە نامەیەش کە ئێمە لە شاری – سنە – دەستمان کەوتوون، هەموویان بەزمانی عەرەبی نووسراون و لەمانیشدا توانا و دەسەڵاتی شاعیر دەردەکەوێت بەسەر زمانی عەرەبیدا، بەپێویستم زانی لەم کتێبەدا بەسەریان بکەمەوە، بەهیوای ئەوەی لێکۆڵەران سوودی خۆی لێ وەربگرن.

نامەکان هەموویان بۆ (مەلا محەمەدی مینبەریی نیەری) نووسراون، منیش لە ڕێگەی نەوەکانی ئەم بەهەشتییەوە دەستم کەوتن، خوا بیانپارێزێ وەك ئەم نامانەیان پاراستووە.

**نامەی یەکەم:**

نسيم الشمال وريح الصبا، مرحباً بك الف مرحبا، تفرق واشمأز من هبوبك قلوب الكرب والبلبال، تورق واستهز افنان الأماني واغصان الآمال ، كأنك هببت من سبأ بنبأ يقين، او اتيت من تلقاء ذلك الجناب برق بخطه الرائق رقين، ففيم انت ايها البريد الامين، ان الانتظار قد قطع مني الوتين، فأنبأني به ان النبأ الأهنأ بساهرة قيامه الحرمان حياة عظمي الناخرة الرميم، وهنأني به انه ترياق لدغة ثعابين مفجع برزخ الهجران لقلبي السليم. فذرني ساعة بلواي، فارجع الى ساحة حرث مولاي، فأذا قمت بين يديه فسلم عليه فقبل الارض مبتهلاً، فكف يديه، ثم انتظار النسيم واستغنائك وتراخي التفقد لايخفى، فمن ثمة قلت ثم يسألك عني، فأجبه وصدرك بالانين يغني، رأيته فى ليلة فيها يفرق كل أمر حكيم فى معيشة ضنك من فرقتك وعذاب أليم – قتارة يقول يا من هو حلّت لوعة مودتك بربع البال، هذه ليلة يمحو ألله ما يشاء ويثبت فيها من الارزاق والاجال، فقوت وامق مثلاً نجوى عشيق رفيق، وحياة عاشق شذى من وصال عبقٍ، وروح صحبته صديق صدّيق، فكل بقسطه محبور وبحصته وكتابه مسرور، واما انا يقال لي ما هو في كتابك مرقوم، انك يامعدوم محروم من حبيبك المخدوم من لطائف ظرائف مقاله، و روايح فوايح وصاله، فيها أيّها الأخلاء والأحباء الأجلاء اني من لطمة التفرقة والصفع، يفيض

عيناي افاضةً من الدمع، وان فطانتي قد اخذت اخذةً رابيه، فهى من تلك الداهية واهية، فلا ادرك الخطوط ولاافهم المعنى فأنتم هاءم اقرؤا كتابى، يا ليتها كانت القاضية، فقالوا فأذا قرأناه فاتبع قرآنه، ثم ان علينا بيانه، فلا يحرمنك علقم الغم ، وعقام التّرة والهم، ان يترشح حوصلتك بخلاف الرضاء، فقال من ذا الذي لايسلم ممثلاً لحكم القضاء، فلما مرأوه وبينوه علم إمتلاء الاناء واسقط ورقته ويقلّبها رياح الفناء وآن أوان تشديد الحزام وركوب السنام، وينادى منادا الركب العيَر العيرَ ايها النيام فبكى وابكى من حوله من الغبي واللبيب، وقال ان النصيب يصيب، فسبحان من يفرق بين الكبيب والحبيب، نعم كم مات قبلي في هواه وامق، اني بهم ان شاء ربي لاحق، فلا تحسبنني وانا قتيل محبته، والشهيد معلوم مع قاتله وديته ميتاً بل حي مرزوق عند ربي وفرح بما اتاني من نعمته، واستبشر بالذين من خلفي وتتوقوا، ان اسرعوا الى حياة أبدية والحقوا، وتارةً اخرى يدور وتنوّره يفور، وكوره ترحى بشرا كالقصور ويتراكم تراكم السحاب، فوق الدخان والبخار والضباب، فينطلق الى ظل ذي ثلاث شعب، لاظليل و لايغني من اللهب، ويقول ما من هوا هواك، كما منعني نواك من النظرة الى طلعتك ومحياك. ليت شعري هل يمنعنى غراب فتان المرقد، ان أبحث بالأهداب تجاه اللحد، حتى اتاك مثواك واراك، وكما فرق بين اشباهنا هل يزجر من التقاء اصداء ارواحنا والطور وكتاب مسطور، يلتقي أصداؤنا بعد موتنا ومن دون رمينا من الارض سبب لظل صدى صوتى وان كنت رمة لصوت صدى ليلى يهش ويطرب، هذا وقل له ايها النسيم ان كان جسمه قاصياً فروحه ببابك مقيم، ومثل هذا الفراق سهل، عند من هو اهل، لكن

المشكل فراق الايمان، وفرقة رضاء خالق الانس والجان، لاجعل متألماً به أحد من الخلان، ولا واحد من امة الاجابة بجاه سيد ولد عدنان، افاض عليه الله وآلِهِ، اجمل الصلوات واكمل التسليمات، فيا متوضئاً من حياض مياه قنوات سبيل السداد، ويا ناوياً صلاة الصلاحة قائماً فى محراب الرشاد، ويا منبرى مسجد سنه محمد المراد، لاتحرم ذلك الغريب الفقير، والمحاسب على القطمير والنقير، من صوالح دعواتك فى اوقات تستطاب، فإن دعوة اشباهكم لمثل ذلك الهائب الخائب، لاسيّما دعاء الغائب للغائب تستجاب، فأرسلتك ايها الشمأل رقاياك وطول الاجل، فناظرة بم يرجع المرسل، رزقهم الله وايانا اقتفاء اثار اسوة الانام، عليه واله الصلوة والسلام، وشرفنا طراً بالاستقامة وحسن الختام.

عبدالرحيم المعدوم المحروم.

**نامەی دووەم:**

دعاء ابقيكم فى الاجل، ويهديكم السبيل السوي فى العاجل، اهديه إليكم والى من لديكم وبعد، فالعبد يتدبر ورب العالم قضى وقدّر، والا فأين انا من فرقة خدمتكم وهجرة مجاورة عتبتكم نعم ولكن ما يمضى فسوف يكون، اللاهي وان من هو يكره أمره هذا وهذا تشتت بالي من اشتياقكم، وتفرق حالي في ألم فراقكم، مع انه كنت مع بعض من الاخلاء واصحاب من شرذمة من الاحياء، فياليت شعري كيف تعيشون بلا جليس، وبأي نوع تمّر وقتكم بغير أنيس، اذا غلبت غبر الزمان وعجزتم عن عيشة ذلك المكان، فتفضلوا فان المقام مقامكم، والفقراء ان قبلتم خدامكم، والسلام عليكم.

نامەی سێیەم:

من المقل الناقص الى الصحيح الكامل الخالص، من اللفيف بالرذائل، الى المقرون بالفضائل، هيا ايها الذي مذ غاب ما خاطبني الحضور ولا كلمني الحور، من اى باب من الابواب، ويا من منذ سافر أقام ودّه كالروح فى جسمي، واعرب حسبما يقتضي عوامل سكونه وحركاته حرفي وفعلي واسمي، قد جاء وطلع منك مرقوم، ذهب وغرب عني العنا والغموم، رفع كسر البال بالبلبال، وضم ضرباً على فتح اموري نصب الامانى وجر الامال، أرجو ان تقترن تلك المعاني بالازمنة الثلاثة الماضي والحال والاستقبال، زرت فى نقصان همي وخففت ترهي، لكنه ثقلت حملي وعلاوتي، وكثرت قلة فرحي، لأنني بينا كنت منتظراً وعينى فى الخماسيه، ورباعية لقدومك الى السداسية، ويريد الإلتِئام جروح الفصل، من حكيم تشريفك بدواء تمنى الوصل، اذا سمعت منع الاسباب التسعة حرف جر همتك عن نحو هذه الحوالي، وبلغني رحبة شرفك لهبوطي عن الاوج فى حفيف وبالي، افٍ اذا صنعت فتذكر، نكات جرحي فانظر وتفكر، ما اكتفيت بافاضة عيناي دمعاً، حتى صار مفرد مصيبتي مثنى وجمعاً، الله الله قد كنت في نهاية الهيام، اين سالكوا سبيل الخصوص من الردع عن اللصوص فى الاكام، فهلا صببت صباً على صبك قبل ورود حميم حياض الحمام هذا واياً قوة الظهر وقرة العين، لا افرق بين اللقيه والبين، فان كلمتي اي نفسي و شخصي لفظ وضع لمعنى مفرد محبة عتبة ذلك الباب، وكلامي أي كل من بحثي وقصصي مركب من كلمتين مديح وذكر ذلك الجناب. فلدى الوصل ارتوي من

محياكم، وعند الفرقة أتلوى بخيالكم وذكراكم، فسلام عليكم طبتم، سواء حضرتم او غبتم.

**نامەی چوارەم:**

شرفكم الفياض تشريفه المجاهد والمرتاض، بما يورث بما سواه الانفضاض، آناء الليل والبياض، وبعد. فأن من سموم هجركم المزيح، اصبح نبات جوده هشيماً تذروه الريح، كاد أن يهب بنا النسيم اليكم، فيقلبنا بين يديكم، كلا اين نحن من هذا الخلاق فان الصبا فخالف العشاق. هذا ولولا عجز حامل الالوكة، لعمق الفج وشح الثلج وشدة البرودة. لأرسلنا الى ساحة جنابكم بعضاً من الكتب المعهودة، فلا تحسبنا مقصري اوامركم ولاتنسونا غباً عن خواطركم. فأن الاشراط ظهرت واتانا اليقين والاخلاء يومئذ بعضهم لبعض عدو الا المتقين، رزقنا الله واياكم الاستقامة وحسن الختام بحق محمد وآله وعليهم الصلوة والسلام.

**نامەی پێنجەم:**

سلام اكثر من اخلاصي، يروح روح الاداني والاقاصي، على محفل من هو محيصي ومناصي، وبعد... فطالما كنت منتظر صحف مطهره، بأيدى سمرة، كرام بررة. فما تشرفت فرهق قلبي قترة، وعليه غبره، امل ان يكون بسبب عدم العبور لا من عدم الالتفاف والفتور هذا ويا من شوشت حالي وشغفت بالي، خيالى معانقك ويدي قصيرة، فيا ليت يدي كاتب خيالي، وسمعت انك تمنيت كتاب ابن حجر، ان اعانني القضاء

وساعدنى القدر، اطيع أمرك مهما اتفق، فاني لست بعاصيك والقمر اذا اتسق، كيف واني مؤمن مؤيد، وعلى دين محمد صلى الله عليه وسلم، فلا تنس امتك، ولاتمنع همتك، لأنه كنت شمسي، وكان يرمى الملأ الغفلة من امسى، رزقكم الله وايانا حسن الختام.

**نامەی شەشەم:**

وجدت بالبال البلبال، فقلت له ما هذه الحال، قال من الاشتياق لذلك الجمال، فقلت هذا من المحال. قال المرقوم نصف الوصال، فكتبت السلام عليكم قاب جوعي وعطشي اليكم، وبعد... فما نال بالي البالي، بجنابم العالي، وبتلك الحوالي، تركني بالمرة لا يتذكر الموطن لا على المضرة ولاعلى المسرة. أذقتموه لذة حلو حضوركم، يشمأز من مرارتي، وروحتموه بمروحة صحبتكم يتنفر من سموحي وحرارتي، لآ ابالي بعدمه لدي، ولا بتصعير خده وبعدم الالتفاف اليّ بل كونه بذلك المقام غاية أملي ونهاية المرام، ولكنني اريد لقائكم ولاأعرف الطريق ويتعذر الوصول الى المأمول بغير هاد ورفيق، فأرسلوه الي لإرشادي، فانه كثيراً ماجاء وسكن بذلك الوادي. وفقنا الله واياكم لرشادنا، واُردف اجسامنا اثر فؤادنا، آمين والحمد لله رب العالمين.

**نامەی حەوتەم:**

يا من شنآنك مني مسافر،وودك فيّ مقيم، ان تفتش فأخلاصي صحيح، ومحبتي مضاعف وقالبي معتل وقلبي سقيم، لولا

ملاحظة ذكرك ورعايه فكرك ان تصيرا هائمين، لوددت ان ارفع التصديع من البين هذاوالامَ الامُ على انبجاس العين من العين، فتفضل تجمل، ويخضر الوصل ويصفّر البين، وآوى السيد سليمان اليك، يتشرف بالقراءة لديك، وما يبلغك مني انجازه بعد اجازته عليك، لكنه ليتلطف ولايشعرن بكم احدا، فعليكم السلام من السلام الازلي ابدا.

**نامەی هەشتەم:**

يا من محبتك فيّ في النهاية ومودتك فى ضميري بلغ اقصى الغاية، ان تفحص عني كنت كما كنت وعن الخلوص صنت كما صنت، فكن على مرحمة البال، ومن الالتفات عن البلبال، هداك الله واثابك فى الحال والمال بحرمة النبي والآل صلى الله عليه وسلم ما دام الغدو والآصال، نعم فليس عندي من هدايا تصلح، سوى دعاء لست عنه اُبرح.

المعدوم عبدالرحيم

**نامەی نۆیەم:**

من عشيق الى صديق، وبعد... فقد منعني ما بيّ من الاسقام، وما وقع من مصائب الايام، عن كتبة العرائض كل واحد من المخاديم الكرام. فاعتمادي على مرحمتكم فى تبليغ السلام، الى سماحة كل من اولئك الاجله العظام، وفى الالتماس عنهم دعاء لى والسلام والاكرام..

المعدوم عبدالرحيم

**نامەی دەیەم:**

عاملكم الله بفضله التام، رزقكم بعد ان جعلكم كما يجب حسن الختام، وبعد ففيم انتم من فحص شدائد البين، فانها تجلت عن الكيفية و نحن فى الاين على أنكم انتم مرايانا، فقيسونا عليكم، فصيركم الله وايانا هذا والفقيه محمد متوجه اليكم للقراءة عليكم والاستفادة لديكم، فآووه وأفيدوه مدى اقامته بين يديكم، وان اضطر الى الحكيم لداء فى عينه فأرشده اليه، وفي بمؤنته ودينه وسلموا منا على المخدوم الكريم الحاج عبدالرحيم وملا حمزه وغيرهم من الاحباء والاخلاء، شرفهم الله برضاه والقاء والسلام.

المعدوم عبدالرحيم.

**نامەی یازدەیەم:**

يا من دموع فراقك جسمي يقي والا فلظى هجرك اناً فاناً بي يرتقي، جعلت هذا البيت ورداً، ونفسي من لوعتي تتقي، فراق يوم هاج قلبي الشقي، فكيف بى شهرين ان لم نلتقي، فألتفت واغث الرمق كيلاً احرق واغرق. والسلام.

المعدوم عبدالرحيم.

**نامەی دوازدەم:**

اُرجو وامل ممن منّ عليَّ بقدوم الحاج ولقائه، ان يمّن بمنّه بوصال ذلك الجناب وبقائه وارتقائه، وبعد... فلما شرف الحاج ببركته هذا العائل المحتاج وتوجه تلقاء ساحتنا وترككم،

وافاض على ناحيتنا ضننا ان مرحمته اكثر ميلاً الينا ولما عزم المراجعة اليكم عن ذاك والظن ابينا، حاصل الكلام تعارضاً وتساقطاً، ولكن بقي لنا مرجح وهو احتمال جاذبة حب الوطن لامحض مرحمته فيكم هذه وعلى اي حال نرجو من الله الكريم المتعال، لنا ولكم حسن الخاتمة والحال. والسلام.

المعدوم عبدالرحيم.

- ئەم نامانە بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری (گولان العربی)دا بڵاو کراونەتەوە. ژمارە (٥٨) آذار ٢٠٠١.
- حاجی مەلا محەمەدی مینبەریی نیەری (؟ – ١٨٧٧) لە گوندی نیەری سەر بەژاوەرۆی ناوچەی هەورامان – کوردستانی ڕۆژهەڵات – لە دایك بووە. لە دەورەی مەلایەتیدا دێتە شاری سنە و لە مزگەوتی (دارۆغە) دادەمەزرێ، یەکێك بووە لە مەلا باشەکانی ئەو دەورانە و خزمەتی گەورەی بەزانستە ئیسلامییەکان کردووە. لە ناو خەڵکدا بە(حاجی مامۆستا) ناسراو بووە. بەو نامانەدا کە بڵاومان کردنەوە دەردەکەوێت کە چەند خوێندەوار و چەند دۆستی مەولەوی بووە. سەیر لەوەدایە کە مەولەوی بەشیعر شیوەنی بۆ زۆر لە هاوڕێکانی گێڕاوە، کەچی ئەم زاتە کە بەنامەکاندا دیارە چەند خۆشی ویستووە هەشت ساڵ بەر لە مەولەوی کۆچی دوایی کردووە و شیننامەی بۆ نەنووسیوە!!.

# پاشکۆ

## ١

بەڕێز جەنابی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم لە سەرەتای دیوانی مەولەویدا وەك نوکتەی خۆش هەندێ لایەنی ژیانی مەولەوی روون کردۆتەوە. ئێمەیش ئەم سێ دانەیەمان لە دۆستان کاك سەید موحسینی نەوەی شاعیر و کاك مەلا عەلی زمناکۆیی وەرگرت و جێگەی خۆیەتی بڵاویان بکەینەوە.

مەولەوی تەمەنی بەرەو پیری دەچێت و دوای مەرگی عەنبەر خاتوون خزمەکانی داوای لێ دەکەن کە ژن بهێنێ، ئەویش دەڵێ، تازە من پیر بووم و باوەڕ ناکەم کەس پێم ڕازی ببێت. ئەوانیش هەر لەگەڵیا خەریك دەبن و پێی دەڵێن بێوەژنێك هەیە بەناوی (ئایشێ) ئەوەمان دەستنیشان کردووە و دەچینە خوازبێنی. کە دەڕۆن باسەکەی لەگەڵ دەکەن ئەویش بێ ڕێزانە دەست دەنێ بەڕوویانەوە و دەڵێ: گا پیری وا چییە من شووی پێ بکەم. ئەمانیش بەدڵشکاوی دەگەڕێنەوە و بەمەولەوی دەڵێن قسەیەکی وەها ناشیرینی کردووە. مەولەویش دەڵێ:

بڕۆن بێژن وە ئایشێ دڵی نەیەشێ
وەردی دوو گاسنە گای پیر ئەیکێشێ

(وەدی دوو گاسنە) مەبەست لەوەیە کە ژنەکە دووجار بێوەژن کەوتووە.

***

جارێکیان کابرایەك کە بە(زاڵە) ناسراوە تەڵاق دەخوات لە ژنەکەی لەسەر دوو تڕ و نیو. ئەم تەڵاقە قۆڕە دەبەنە لای مەولەوی، ئەویش سەر دێنێ و سەر دەبات لە ئەنجامدا دەڵێ:

دوو تڕ ناکەوێ، نیو تڕ مەحاڵە

دوو تـڕ و نـیوتـڕ وەگـۆڕی زاڵـە

***

دوای نیوەڕۆیەکی هاوین دەبێت، مەولەوی لە هەیوانەکەی مزگەوتی گەورەی سلێمانیدا لەسەر لاپاڵی داوەتەوە، سۆفییەکیش لە پشتیەوە خەوتووە. لەو کاتەدا شێخ ڕەزای تاڵەبانی دێت و کە بەو شێوە مەولەوی دەبینێ ئەم بەیتە شیعرە دەڵێ:

خاس لێی خەوتوویی فرە بێ خۆفی

یــەکــێ لــێنــەدەی بــەڕیشی سۆفــی

مەولەویش خێرا لای لێ دەکاتەوە و دەڵێ:

ئــەنــدازەم گــرتــووە ڕەحــیــمت مــرێ

ئـەگـەر لـێشی دەم چـەنـەی تـۆ ئـەگـرێ

(ڕەحیم) ناوی ڕاستەقینەی مەولەوییە.

## ٢

ماوەیەك پێش ئێستە لە ڕێگەی برای بەڕێزمەوە كاك سەید موحسینی تاوگۆزی -نەوەی مەلەوی-یەوە دیوانە دەستنووسەكەی مەولەویم بەختی خوایار سەید تاهیری هاشمی دەست كەوت كە بەشێوەیەكی جوان و ڕێكوپێك نووسیویەتیەوە.

ئەم دەستنووسە ئەوە هەڵدەگرێ لەگەڵ دیوانە چاپكراوەكەی مامۆستا مەلا عەبدولكەریمدا بەراورد بكرێ، چونكە وادەزانم -ئەم- باشتر نووسراوەتەوە و هەروەكو نووسەرەوە ئاماژەی پێ كردووە لە ڕووی سێ نوسخەی نایاب و باوەڕپێكراو نووسیویەتیەوە كە دەتوانین بڵێین نوسخەیەكی گەلێ خاوێن و بێ كەموكورییە. شایانی باسە هەندێ شیعر لەم نوسخەیەدا هەن كە لە دیوانە چاپكراوەكەدا نین، ئەگەرچی سەید تاهیری بەهەشتی لەسەری نووسیون (مشكوك) بەڵام زۆریان لە شێواز و سەبكی مەولەوییەوە نزیكن، منیش لە ڕێگەی خۆمەوە ئەم سێ پارچە شیعرە و ئەو تاك بەیتەم جارێ لێ هەڵبژاردووە و لەم كتێبەدا دەیكەمە دیاری، بەڵام لەسەر ئەو هەندەكەی دیكەی ڕادەوەستم تا بەتەواوی ساغیان دەكەمەوە و ئەو كاتە لە دەرفەتێكی تردا هەوڵ دەدەین چاوی خوێنەری پێ ڕۆشن بكەینەوە. لە ڕاستیدا هۆی ساغكرنەوەكەش زیاتر ئەوەیە كە:

١- وەکو وتمان جەنابی سەید تاهیر لەسەری نووسیون (مشکوك) ئەوەش گومان و دڵەڕاوکەیەکی لا دروست کردم و بەپێویستم زانی لەسەریان ڕاوەستم.

٢- نوسخەکە چونکە کۆپی لەبەر گیراوە هەندێکی کەم وشەی تێدایە بەڕوونی دەرنەچوون، لەبەرئەوە دەبێ هەوڵ بدەین نوسخە دەستنووسەکە خۆیمان دەست بکەوێ.

پارچەی یەکەم

ئەڵماسی ناوك مەودای حەجەر سم
تا پەڕ نەڕیشەی جەرگم بیەن گم[١]
نەجای پەیکانان زەهرالووی فەرەنگ
تك تك متکیۆ زوخاو وەسەد رەنگ[٢]
حەکیم مەوینۆ سەرسام مانۆ
(لاحول) نەرووی زام سەختم موانۆ[٣]
ماچان زەدەی دەس پەری سەراوەن
زەخمی خەدەنگەن وە مەرگ نەزاوەن[٤]
سەرنیام وەئێش من چەنی زامەت
کەفتەن ئەو دیوان سارای قیامەت[٥]

(١) ناوك: تیر. مەودا: نووکی تیغ، تیژیی. حەجەر: بەرد. بیەن: بووە. گم: ون ، بزر.

(٢) نەجای: لەجێ. پەیکانان: تیرەکان، سەرنێزەکان. زەهرالوو: ژاراوی. میتکۆ: دەتکێ.

(٣) حەکیم: پزیشك. مەوینۆ: دەبینێ. ممانۆ: دەمێنێ. (لاحول): لاحول ولا قوة الا باللە. موانۆ: دەخوێنێ.

(٤) ماچان: دەڵێن. زەدەی: پێکراوی. خەدەنگ: تیری درێژ. نەزاوەن: نزیکە.

(٥) سەرنیام: سەرم نا. چەنی: لەگەڵ. زامەت: زەحمەت. کەفتەن: کەوتە. قیامەت: ڕۆژی دوایی.

## پارچەی دووەم

رام گنا ناکام وەناکام وەناکام واریٚ
چەنی چنی خار چەنی خارخاریٚ(١)
تەن ببەن گرفت بەندی بالاٚی توٚ
بمروٚ یا بژیوٚ چێشەن سەلاٚی توٚ؟(٢)
ئیبتیدا مەعرووز پەی نەزەر وەخەو
ئەروینوٚ کەردەی دەردی سەختی ئەو(٣)
ئەرسەد جاریٚ بوٚ نەونەمام نە دەشت
ئەر سەد جاریٚ بوٚ نەونەمام نەودەشت
فەرقیٚ نمەبوٚ پەی لوای بەهەشت(٤)
تەمای دەوایٚ جەدەستت پێتەن
هەنی توٚ زانی وەدەستی وێتەن(٥)

---

(١) رام گنا: رێم کەوتە . ناکام: ناکاو . ناکام وار: کەسێکی شێوە بەئاوات نەگەشتوو. چەنی: لەگەڵ. چنی: دەرزی. •خارخار: ئاڵوٚشاوی ، یا کەسیٚ کە دڵەڕاوکەی هەبێت.

(٢) بیەن: بووە. گرفت: گیراو. بمروٚ: بمریٚ. بژیوٚ: بژی. چێشەن: چیە. سەلاٚی توٚ: فەرمان یا بەرژەوەندی توٚ.

(٣) ئیبتدا: سەرەتا. مەعرووز: عەرزکراو. پەی نەزەر: بوٚ سەیرکردن. وینوٚ: ببینیٚ.

(٤) بوٚ: بێت. نەو: لەو. فەرقیٚ نمەبوٚ: جیاوازییەکی نابیٚ. پەی: بوٚ. لوای: ڕوٚشتنی.

(٥) پێتەن: پێتە. هەنی: ئیتر. زانی: دەزانی . وێتەن: خوٚتە.

## پارچەی سێیەم

سیمی قەڵبی قەڵب جۆشی کوورەی حاڵ
نەبۆتەی پاکتاو ئیخلاس کەردەن قاڵ[١]
وستەن نەقاڵب سەبیکەی عیرفان
وەزاخاو ماڵان ژەنگەکەی خوزلان[٢]
قامەتم قایم وەئەعزای فەیزەن
دڵ پڕ مۆبەتەی هاڵیی جەغەیزەن[٣]
هەر جزوێ پەی دێم مەستی لیقایەن
هەریۆ ئامادەی رەزای قەزایەن[٤]
خەرقەی تەن حیجاب مەجلیسی یارەن
وجوود نەدیدەی بەسیرەت تارەن[٥]
گرپەی ناری وەجد نەدەروون خێزان
بڵێسەی کوورەی ئیبراهیم بێزان[٦]

---

(١) سیم: زیو. قەلب: دڵ. بۆتە: کاسەیەکە زێڕی تێدا دەتوێننەوە. پاکتاو: بێ گەرد، خاوێن. ئیخلاس: دڵسۆزیی. کەردەن: کردوویانە.

(٢) وستەن: خستوویەتی. سەبیکە: زێڕی تواوە. ماڵان: ماڵیویەتی. خوزلان: بێبەش لە کۆمەك.

(٣) قامەتم: بالآم. ئەعزا: ئەندامەکان. فەیز: لێشاو، زۆر و زەبەن. مۆبەتەن: خۆشەویستییە . هاڵیی: خاڵیی. جە: لە. غەیز: ڕق و کینە.

(٤) جزو: بەش. پەی وێم: بۆ خۆم. لیقا: بەیەکگەشتن. هەریۆ: هەر یەکێ. قەزا: قەزا و قەدەر.

(٥) حیجاب: پەردە. مەجلیس: کۆڕ. وجوود: بوون. دیدەی بەسیرەت: چاوی بینین. تارەن: تاریکە.

(٦) وەجد: خۆشی، حاڵەتێکی سۆفییانەیە. خێزان: هەڵسا. بێزان: بێزراند.

لوولەی پێشەی وشك نیم سوختە داخان

مــەگــرێو چــون شەم شەوان چــراخـــان[٧]

وەنـــەم مـــەعـلــوومـــەن وادەی فـــەنــامـــەن

ساقــی ئـیـلـتـیـجـام وەشیشە و جـامـەن[٨]

پـەیمـانـەی جـەومـەی وەسەنگ دەرۆ رووح

نـەتـاریـكـەی كـوفـر مـبـەخشۆ فـتـووح[٩]

پــێم دەرتـــا بـــەهــجـــەت وەحشەت لادەرۆ

حــوسنـــی خـــاتـــەمـــم ئــارایش كـــەرۆ[١٠]

تاك بەیت

زرنگەی سەر پارچەی بەرموورو چناخ

دڵ سفتەن پەڕەی جەرگم كەردەن داخ.

(بـەرمـوور) و (چـنـاخ) خشڵـی ژنـانـەن. سفـتـەن: سووتــاوە . كــەردەن: كردووە.

---

(٧) پێشە: ئێسقان. نیم سوختە: نیوە سووتاو. مەگرێو: دەگرێ.

(٨) وەنەم: لێم. وادەی فەنامەن: كاتی لەناوچوونمە. ئیلتیجام: پەنام. شیشە: شووشە.

(٩) پەیمانەی: پەرداخێ. جەو: لەو . وەسەنگ دەرۆ ڕووح: ڕۆح بەبەرد بدات. . مبەخشۆ: ببەخشێ. فتووح: سەركەوتن.

(١٠) پێم دەر: بمدەیە. بەهجەت: شادمانی. وەحشەت لادەرۆ: ترس لاببات. حوسنی خاتەمم: دوا وشەی جوانم. كەرۆ: بكات.

## پێڕست


تەوارودی خەواتر لە نێوان مەلای جزیری و مەولەویدا ........ ٩

مەولەوی و تەقینەوەی زمان ........ ٢٧

مەولەوی و ئاوڕدانەوە لە کەلەپوور ........ ٤٩

مەولەوی و پیاچوونەوەیەکی وتارەکەی کاك محەمەدی مەلا کەریم ........ ٦٩

مەولەوی شاعیری وێنەی جوان ........ ٧٥

واتای ڕاستەقینەی هەندێ وشە لە دیوانی مەولەویدا ........ ٩٥

چەند نامەیەکی مەولەوی بەعەرەبی ........ ١٣٥

پاشکۆ ........ ١٤٥